ساڵی رابردوو نووسراوەیەک بە زمانی فارسی لە ژێر سەردێڕی"
خاطرات یک شاهد زنده" لە سایتە فارسی وکوردیەکاندا بڵاو ببووەوە
سەبارەت بە کارەساتەکەی 28ی موردادی ساڵی 1358 ی هەتاوی
واتە(فەرمانی خومەینی بۆهێرش کردنە سەرکوردوستان).
ئەونووسراوەیە لەسەر داوای دەستەیەک لە خوێنەران وبەهیمەتی برای
بەڕێزم کاک رەسول موحەمەدی کرایە کوردی، کە سپاس و پێزانینی
خۆم ئاراستەی ئەو ئازیزە دەکەم و ماندوو نەبوونی لێدەکەم . دەقی
فارسی ئەم نووسراوەیە لە سایتی برووسکە لە بەشی لینکی
ویژەدا.http://www.brwska.org/fa/index.php و هەر وها 28
گەلاوێژ فەرمان خومەینی بە کوردستان هەیە.
ئەوکەسانەی کە خوێندنەوەی کوردییان لا ئاسان نییە دەتوانن سەردانی
ئەوئادرە سە بکەن.
هەرچەشنە رەخنە وتێبینییەک بە ئامێزی ئاوالاوە وەردەگیرێت.

جەمیل نەوەڕە

jamalsnah@yahoo.se

# بۆ تۆمار بوون لە مێژوودا

بۆ چی " بۆ تۆمار بوون لە مێژوودا "؟؟!!! هەر کەس ئەم نووسراوەیە بخوێنێتەوە، رنگە ئەم پرسیارەی لا درووست بێ : مەگەر کۆماری ئیسلامی کەم جنایەتی کردووە کە ئەم بیرەوەری و وێنانە ئەو سەردێڕە بگرێتە خۆ؟ بە درێژایی مێژوو زۆرجار وا رێکەوتووە کە وێنەگەلیک لە رودانی جەنایەتێک یان فیلمێک کە بە دزییەوە گیراوە، بوەتە هۆی بزووتنەوی کۆمە ڵایەتی و جیهانیشی هەژاندووە. وێنەی کیژێکی منال لە کاتی شەڕی ڤییەتنامدا توانی وەک هێمایەک، ناعادڵانە بونی ئەو شەڕە بە دنیا بناسێنی و ببێتە دسپێکی پاشەکشەی دوڵەتێکی ئەمپریالیستی. هەروەها فیلمی لێدانی گەنجێکی رەشپێست لە لایەن پولیسەوە،توانی ببێتە هۆکاری بزووتنەوەیکی خەڵکی لە زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی ئەمریکادا. مەسەلەی کورد کێشە یەکی لە چوار وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناوەتەوە، واتە کوردوستان بە بێ ویستی خەڵکەکەی، لەنێوئەوچوار وڵاتەدا بەش کراوە ولە مێژە بووەتە هۆکارێک بۆ قوربانی بونی گەلی کورد. لە بومبارانی کیمیاییەوە بگرە تا ئەنفال وراگوێز کردنی زۆرەملی،دورخستنەوە(مەنفا)،زیندان ، ئاوارە بوون وئاسیمیلاسیون کە بە سەر گەلی کوردا سەپاوە ولە سەرەتاییترین مافی ئینسانی بێ بەشکراوە.

ئەو سەردێڕەم هەڵبژارد چونکە ئەو رووداوە رەنگدانەوەیەکی جیهانی هەبوو. هەروەها ئەتوانێ ببێتە بەڵگە بۆ جیلەکانی داهاتوو. جگەلەوانەش ئەو وێنانە لە دەسپێکی دەسەڵات گرتنی کۆماری ئیسلامیدا،وەک تۆپ دنگی دایەوە و توانی دەسەڵاتی مروڤ کوژانی مێژوو بباتە ژێر پرسیار.

## پێشکەش بە کچەکەم سانا!

ڕۆژێکی زۆرخۆشی هاوین بوو، هوایەکی گەرم وخۆش، دیارە ڕۆژی ئاوا لە سویدا کەم ڕێدەکەوێ وئەبێ بە باشی کەڵکی لێ وەربگێرێ. بریار وابو لەگەڵ سانای کچم وهەڤاڵە هاوتەمەنەکەی، کە لوبنانی بوو وە دراوسێمان بوو، بڕۆین بۆ مەلە کردن. هەموو شتوومەکی پێویستمان هەڵگرت و وەڕێ کەوتین. پاش تۆزێ بڕینی ڕێگا. سی دی( CD )یەکی عەرەبیم لێدا، سانا هاوکات لەگەڵ گۆرانیبێژەکە سۆزەی ئەکرد و بە هەوای گۆرانییەکە بەدەست لە سر رانی خۆی دەکوتا. ئاوازێکی شاد بوو. منیش لەگەڵی ئەمگوت . هاوکاتیش ئەمدی کە سانا چەندە خۆشحاڵ وشادە، ئەودیمەنە لەزەتی پێ دەبخشیم. لە پڕسی دی( CD ) یەکەی بێدەنگ کرد و ووتی بابە گورانییە کەی دوێنێ لێدە! نەمدەزانی مەبەستی کام گۆرانییە.

ووتی ئەوەی کە ئەڵێ: " ئێوارەیە گـڤەی با دێ". پێشتر باسی ئەو گورانییەم بۆکردبوو. گۆرانییەکی غەمناک بوو. داخم لێدەهات کە لە ڕۆژێکی ئاوا خۆش وشازدا، خەفەت دایبگرێ. هەربۆیە باسەکەم گۆڕی. گۆرانییەکی شادی ترم لێدا. گەیشتینە کەناری دەریاکە . دوای پارک کردنی سەیارەکە، سانا وهەڤاڵەکەی چاوەڕێ منیان نەکرد. لەپێش منەوە وەک باڵندە بەرەو دەریاکە دەفڕێن.پێش ئەوەی بگەمە لایان، جلیان گۆڕی ودەستیان کرد بە مەلە. لە هەراوهوریایان لەزەتم دەبرد. پاش گەڕانەوەیان ،دانیشتین. کاتی نان خواردنی نیوەڕۆ بوو. ئەو ڕۆژە من کراسێکی قۆڵ کورتم لەبەردابوو. سەیرم کرد سانا چاوی بڕیوەتە شوێنەواری برینەکەی سەر دەستم. دەمزانی ئەوپرسیارەی کە پێشتریش چەندین جار کردبووی، دووبارەی ئەکاتەوە. " بۆچی پێم ناڵێی ئەو برینە چییە" ؟؟؟

من دەمزانی باسکردن لەو ڕووداوە کە بوو بەهۆی ئەو برینە ، بۆ سانا لەو تەمەنەدا ولەو روژە خۆشەدا کە بڕیار وابوو، بە تايبەت ئەو وهەواڵە کەی، خۆشی رابوێرن، کارێکی ژیرانە نییە. هەربۆیە بەڵێنم پێدا لە دەرفەتێکی شیاودا بۆی بگێڕمەوە. بەڵام کاتەکەم دیاری نەکرد. داوام لێکرد پێکەوە مەلە بکەین. قەبووڵی کرد. ماچم کرد ودەستمان کرد بە مەلە. لە کاتی مەلەکەدا هەستێکی خۆش وشادییەکی سەیر لە دڵما بوو. سانا ئاوی لێ ئەپژاندم وخۆی لە نێوئاوەکەدا ئەشاردەوە، دەبوو من بیدۆزمەوە . پاش ماوەیەک مەلە کردن هەردووکمان شەکەت بووین و هاتینەدەر لە ئاوەکە.

دوای ئەو روژە بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو بەڵێنەی بە سانام دابوو،بە جێی بهێنم. ئەو برینە چیرۆکی برینێکی قووڵ بوو لە سەر لەشی گەلی کورد بەگشتی وخەڵکی سنە بەتايبەت. دەبوو باسی ئەو برینە بۆ سانا وبۆگەلەکەم بگێڕمەوە وبۆ خەڵکی دنیاشی روون بکەمەوە. ئەگەرچی برینەکە سارێژبووە. بەڵام برینی رۆح ورەوانی گەلەکەم ورۆح ورەوانی من ساریژ نابێ. مەگەر لە دیوانی عەداڵەتی گەلەکەمدا بێگێڕمەوە وشایەتی بدەم دژی حاکمان وپشتیوانانی جەهل ونەزانی و خورافات.

چەند ڕوژێ لە مەوپێش وەک هەمیشە سەیری سایتەکانی ناو ئینتەرنێتم دەکرد. هەواڵی خەڵات وەرگرتنی ئەو وێنە گرە کە لە تیرباران کردنەکەی سالی 58 ی فڕگەی سنە وێنەی گرتبوو، بە تێرو تە سەلی بڵاوکرابووەوە. سەیری وێنە کانم دەکردو لە خەڵوەتی خۆمدا بەکوڵ دەگریام. روخساری بێگەردی ئەو کەسانەی کە پێکەوە لە بەندێکدابووین،هاتە پێش چاوم. لۆمەی خۆمم دەکرد. بۆهیچ ناڵێی؟ بۆچی ئەوەی کە دیووتە دەری ناخەی؟ ئالێرەدا بوو کە لێبرام بیرەورییەکانم بخەمە پال ئەو وێنانە بۆ ئەوەی ئەو بەڵێنەی بە سانام دابوو بەجی بهینم.

**ئە گەر رێوی دزێوی مردن**

به پێکەنینی ناحەزی هەمیشەگییەوە، بە سەرما بدا
گیان ودڵی پڕ غەم لەناو بچێ،
وامەزانن من مردووم، من زیندووم
ئەگەر چرای ژینم لەسەر سەرینی سەرەمەرگم،
پرشنگی ساردی دوایی بداو دوا تریفەی بێ،
وامەزانن من مردووم، من زیندووم
ئەگەر کلیسا بانگەوازی مەرگم بکا
عەفریتی مردن بەقاقا بکەوێتە شوێن تەرمی ساردوسڕم
وامەزانن من مردووم، من زیندووم
ئەگەر پیاوانی نەزانکارو
ژنانی شینگێڕو رووداپۆشیو
لەدوای دارەتەرمەکەم، پڕمەی گریانیان بێت،
داری عوود بسووتێنن،
وامەزانن من مردووم، من زیندووم
ئەگەر بە ئەسرینی چاوی دەزگیرانەکەم،
بە ئاوی چاوی کەس ودۆست وهەڤاڵانم
کێلی گۆڕم بخووسی،
وامەزانن من مردووم، من زیندووم
بەڵام ئەگەر گۆڕی من بێ ناونیشان
لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە پانەدا داکەوێ و
بیرەوەریم لە یادی خەڵکا بێرەنگ بێ،
ئاخ! ئەو کاتەیە کە من ئەمرم

پێتروس دووریان ... شاعێری ئەرمەنی

# خاتراتی شاهیدیکی زیندوو بۆ تۆماربوون لە مێژوودا



The picture above, taken by Jahangir Razmi, left, was awarded a Pulitzer in 1980.

## پێشەکی

بە درێژایی مێژوو بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە دەسمایە بۆ هەموو قوژبنی ئەم دنیایە کشاوە، لەو وڵاتانەدا کەحکومەتی نادێموکراتیک ودژی مروڤ دەسەڵاتی گرتووە، هەر چشنە ئازادیخوای یان مافخوازییەک، بە توند و تیژی و شەڕ جوابی دراوەتەوە ودەسەڵاتدارانی سەردەم ویستوویانە وە دەیانەوێ داپڵۆسن وتێکی بشکێنن وبیکەنە قوربانی بەرژەوندی دوورونزیکی خویان و هاوشانەکانیان.

ئەو حکوومەتانە هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە بێبەشی مرۆڤ لە مافە کانی بکەنە نەریت وفەرهەنگی جێگرتوو لە کومەڵگادا وبە کەرەسەی لەخشتەبەر بە سەر خەڵکی هەژاریدا داسەپێنن. هەر بۆیە دەیانەوێ ئەوئاکارە لە کومەڵگادا ئاسایی بنوێنن و لەراستیدا خواستی دیموکراتیکی خەڵک دادەبەزێنن.
لە ئیراندا لەم کاتەدا کە دەسەڵاتداران زێری رەشیان کردووەتە پاڵپشت و خویان و دەست و پاوەندیان ئەوسامانە تاڵان دەکەن، خەڵکەکەی رۆژرەش ولەئازادی ومافی مرۆڤ بێ بەرین. نێوەی جەماوەری ئەو کومەڵگایە واتە ژنان لە مافە سەرەتاییەکانی خوێان بی بەرین و بە یاسای چەرخەکۆنەکان لە گەڵیان هەڵسوکەوت دەکرێ و دەیانەوێ بە رێگادان بەوەی کە تۆزێ لە پرچیان بەدەرەوەبێ، قەناعەتیان پێ بهێنن.
هەر لە سەرەتای دەسەڵاتگرتنی ئەم حاکمانی جەهلەوە، کەبەرهەم هێنەری ویرووسی کۆنە پەرەستین لە ناوچەکەدا و لە وڵاتانی ئیسلامزەدەدا، بۆبەرەنگاری هەرچەشنە جووڵەیەک کە دژی بوونی ئەوان بێ ، خۆیان ئامادەکردووە ولێبراوان لە خۆێندا نوقمی کەن. هاوکات بە یارمەتی ئەمان، جمووجووڵی کۆنە پەرەستانە لە وڵاتانی ئیسلامزدە دا پێیگرتووە ودەیەوێ ببێتە ئاڵترناتیڤ لەم وڵاتانەدا وبزووتنەوەی ئازادیخوازی و حەق خوازانەی خەڵک بە لاڕێدا ببن و شێوازی ئایینی پێ ببەخشن .
لەماوەی چەن دەیەی رابردوودا بزووتنە وەی ئازادیبەخشی جۆر بە جۆر لە سەرتاسەری دنیادا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان هاتنە ئاراوە ولە ئەنجامدا دەیان وڵات لە نێۆ نەخشەی جوگرافیای دنیا زیاد کران. گەلانێک کە ژمارەی جەماوەریان ناگاتە چەند سەد هەزارخۆیان وەک میللەت بەخەڵکی دنیا ناساندووە و رایانگە یاندووە کە ئامادەن بێنە ریزی ئورووپای یەکگرتوو یان سەر بە خۆیی راگەیەنن.
کەچی گەلی کوردکە پێشینەی خەباتی سەر لە چەند سەدە دەدات و بە تایبەت لەسەد ساڵی رابردوودا یەکێ لەو گەلانە بووە کە بۆ گەیشتن بە مافە پێشیلکراوەکانی خۆی، بە شێوازی جۆر بەجۆر خەباتی کردووە وهەوڵیداوە، هێشتا لە سەرەتای رێگادایە بۆ ئەوەی کە وەک گەلێک کە خوازیاری مافی نەتەوی خۆیەتی لە لایان گەلانی تر و

ڕێکخراوەنێونەتەوییەکانەوە بە ڕەسمی بناسرێ. بەڵام دەوڵەتە دەسەڵاتدارە سەرکوتگەرەکان کە نیشتمانی ئەم گەلە لە نێویاندا دابەشکراوە، مل نادەن بۆ دان پێنان و بە ڕەسمی ناسێنی مافە پێشێلکراوەکانی ( کوردستانی ئیراق لەسونگەی هەل ومەرجی تایبەتی ئێستایدا لەم چوار چێوەدا ناگونجێ) وهەر ڕۆژەو بە بیانوویەک دەخرێتە ژێر زەخت بۆ ئەوەی واز بێنن لە خواستە ئینسانییە کانی خۆیان کە بریتییە لە دەستگرتن بە سەر چارەنووسی خۆیاندا. لەراستیدا دەیانەوێ کە کوردی دانیشتووی ئەم وڵاتانە لە نیو گەلی سەردەستدا، کە خاونی دەسەلاتی سیاسین بتوێننەوە، و بە بیانووی یەکپارچەیی خاک( تمامیت ارضی) و تەجزییە تەڵەبی، مافەکانیان پێشیل بکەن و خەباتەکەیان تیک بشکینن.

هێشتا یەک مانگ وچەند روژێک لە دەسەڵاتگرتنی رژێمی کۆماری ئیسلامی تێپەڕ نەببوو کە ئەم رژێمە شەڕێکی نە خوازراوی بە سەر گەلی کوردا سەپاندو نەورۆزی ساڵی 58 (79ی زایینی)شاری سنەی شەڵاڵی خوێن کرد و سەدان کەس لە خەڵکی ئەم شارەی کوشت.
لە هاوینی هەمان ساڵدا واتە27 و28 ی مانگی گەلاویژی ساڵی 1358 (1979 ) جارێکی تریش بە مەبەستی سەرکوتی گەلی کورد فەرمانی بە ناو بانگی هێرش بۆ کوردستان لە لایەن خومەینی یەوە دەرچوو کە لە راستیدا ئامانجی زەوت کردنەوەی ئەو دەسکەوتە دێموکراتیکانە بووکە خەڵک بە فیداکاری وەدەستیان هێنابوو و داکۆکییان لێدەکرد. هاوکات لە گەڵ ئەم کارەساتە، هێرشیان بردە سەر هەرشتێک کە نیشانەی ئازادی ودێموکراسی بوو لە ئیراندا.

ئەم بیرەوەرییانە دەگەڕێتەوە بۆئەو سەردەمە مێژووییە واتە سەردەمی فەرمانی هێرش کردنە سەر کوردستان لە لایەن خومەینی یەوە کە لە ئەنجامدا دەیان کەس لە خەباتگێرانی کورد لە شارە جۆر بە جۆرکانی کوردستان دا بە فەرمانی جەلادی کۆماری ئیسلامی واتە خەڵخاڵی ئێعدام کران.

له كاتی ئەم هێرشەدا بوو كە جووڵەی خەڵكی كوردستان ناوی بزووتنەوەی موقاومەتی گەلی كوردی لە خۆگرت وئامانجی هەروەها كە ناوەكەی ئاماژەی بۆ دەكا، داكۆكی لەخۆ بوو دژی هێزە سركوتگەرەكان.

هەر لە درێژەی ئەم فەرمانی قڕ كردنی گەڵی كوردەدا بوو كە سەر كۆماری ئەو كاتە واتە بەنی سەدر، لە شەری 24 رۆژەی سنەدا لە بەهاری 59 (80 19 ) بۆ پاڵپشتی فەرمانەكەی خومەینی بە ئەرتەشی ووت : " پۆستاڵەكانتان لە پێ دەرنەهینن تا ئاژاوەی كوردستان سەركوت دەكرێ ".

ئەم نوسراوەیە دڵۆپێكە لە دەریای تاوان وجەنایەتی رژێمی حاكم بە سەر ئەم وڵاتە مەلازەدە دا و بە مەبەستی پەردە داماڵین لە سەر جەنایەتەكانی كوماری ئیسلامی ئێران لە كوردستاندا نووسراوە. من وەك شایەتێكی زیندوو خوازیاری ئەوەم كە ئەو جینایەتانە لەبیر نەچێتەوە.

ئەو وێنانەش كە لە سەردەمی دەسەڵاتگرتنی كۆماری ئیسلامیدا گیراوە، وەك بەڵگەی دژی دێموكرات ودژی مرۆڤ بوونی ئەو رژیمە لە كۆڕ وكومەڵە نێودەوڵەتییەكاندا پیشان دراوە وجیلەكانی داهاتوو دەتوانن وەك فاكت (بەڵگە ) كەڵكی لێ وەرگرن. ئەم بێرەوەرییانە باسی ئەو كەسانەدەكا كە لە مەیانی تیر دا وەك داری "سەرو" راوەستان و بەس وێنە كانیان ویژدانی هەر مرۆڤێك بریندار دەكا.

تەبعەن ئەم نوسراوە بی كەم وكورتی نابێ . هەر بۆیە باوشم ئاوەڵایە بو هەر چەشنە یارمەتی وبیرخستنەوە یان راستكردنەوەی هەڵەكان و هیوادارم كە گێڕانەوەی ئەو شتانەی دیومە وئەو ئەزموونانەی كە بە سەرم هاتووە ببێتە سەرەتایەك بۆ گێڕانەوەی بیرەوەرییەكان لە لایەن ئەو مرۆڤانە كە لە ماوەی حاكمییەتی ئەم رژێمە دژەخەڵكییەدا تووشی كێشە وچەرمە سەری هاتوون. بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەك بۆ نووسینی مێژووی ئەم بزووتنەوە لە داهاتوودا.

مەبەستم لە نووسینی ئەم بێرەوەرییانە پترنواندنی كارتێكەری ئەو وێنانە بوو كە هەم لەكاتی رووداوەكاندا وهەم ساڵی پار لە لایەن وێنەگرەكەوە (كەسێك بە ناوی جهانگیر رزمی) بڵاوكرانەوە.

من وەک کەسێک کە لە گەڵ 8 کەس لەو تیرباران کراوانە، لە یک بەندا بووم، ویستوومە ئەوەی کە لەو رۆژانەدا بەسەرمان هات بگێرمەوە وهەروەها دەوری ئەو جەریانە سیاسی یانە و ئەو کەسانەی کە لە گەڵ ئەم رووداوانەدا پێوەندیان هەبووە، وەبیربێنمەوە. بە لە بەر چاوگرتنی گرنگی ئەم کارەساتە کە کاردانەوەیەکی جێهانی بووە و دەتوانێ ببێتە جێگای پرسیار بۆ جیڵەکانی داهاتوو، ئەگەر کەسێک یا کەسانێک بیانەوێ رووداوی زێندان وتیربارانەکان بکەنە فیلم، ئامادەم بۆ هەر چەشنە هاوکاری لەگەڵیان.
لە کۆتایی ئەم پیشەکییەدا زۆر سپاسی دۆستی هێژام صابر شیخ الاسلامی دەکەم کە یارمەتی دام بۆ سیاقە(ویرایش) ی دەقی فارسی ئەم نووسراوەیە.

جەمیل نەوەڕە

jamalsnah@yahoo.se

# بۆ تۆماربوون لە مێژوودا



ئەحسەن ناهید

# بەشی 1

## *پادگان( مەعەسکەر)ی سنە*

کاتێ کە چوومە نێو یەکێ لە ژوورەکانی خەستەخانەی سەربە لەشکری 28 لە سنە، نیگای گەنجێک، کە لە سەر تەختی نەخۆشخانەکە راکشابوو، سەرنجی راکێشام. لاوێک کە قژە کاڵەکەی نووسابوو بە هەنیەوە وئارق بە دەم وچاویەوە دیار بوو، رەنگیشی زەرد هەڵگەڕابوو. لە یەکەم روانیندا وام هەست کرد کە نەخۆشە. بە بینینی من رەنگێ لە شادی لە نێوچاوانیدا خۆی نواند. جاروبار رووی دەکردە لای من و بە نیگایەکی پڕمێهرەبانییەوە لێی دەڕوانیم. چما ئاشنایەکی دیوە یا هاودەنگێ!کەسێکی ریشن دەست لە سەر سینگ بە سەریەوە وەستابوو، وەک مڵوزم چاوەدێری وەزعەکەی دەکرد و هەرچەشنە جووڵەیەکی لاوەکەی کونترۆڵ دەکرد. دواتر بۆم درکەوت ئەو کەسە یەکێ بوو لە چەکدارانی بزووتنەی"ئەمەل"ی لوبنان(1) کە بۆ یارمەتی رژێمی کۆماری ئیسلامی هاتبوونە کوردستان.

ئەو مەئموورانەی کە منیان هێنابووە ئەوێ، پاش ئەوەی منیان لە گەڵ ئەو دۆسیە (پەروەندە)ی کە پاش گرتنی بنکەی کۆمەڵەی

داکۆکی لە ئازادی وشورشی پێشوو(2) لە لایان سپای پاسداران ( دەستەی بەرگ رەشەکان)ەوە(3) بۆ منیان درووست کردبوو، دایە دەستی کارگێرانی خەستەخانەکە، بە جێیان هێشتم. بە هۆی برێندار بوونەوە دەستم لە تۆی جامانەیەکدا بەملمەوە هەڵبەسترابوو. لە سەر تەختەکە دانیشتم و چاوەڕێم کرد. لە گێژاوی ئەفکاری خۆمدا بووم، ئەو ساتەم هاتەوە یاد کە دەستگیرکرام ولوولەی تفەنگی"یووزی"یان نایە ناو دەمم.
دەنگێکی کوردی هاتە گوێم !!! ؟؟ بە زاراوەی سنەیی گوتی :من ئەوناسم، ئێمە هاوسا بووین (من دەتناسم ئیمە دراوسێ بووین). ئەمە دەنگی ئەو گەنجەبوو کە پێشتر باسم کرد. نەمدەناسییەوە. کەوتمە بیرکردنەوە. " خۆمن هە مووکوڕوکاڵی گەڕەکەکە دەناسم!!؟بۆچی ئەمەناناسم!!؟؟. زیاتر سەرنجمدا. گەنجێکی قۆز(جوانچاک)،دەمو چاوە هێمنەکەی زیاترسەرنجی راکێشام. بە تەمەن لە نێوان 20تا22ساڵدا دەینواند. بیرم لەوە دەکردەوە کە لە کام بنەماڵە بێ. دیسان دەستی کرد بە ئاخاوتن:” ئەم پێاوە کە بە سەرمەوە وستاوە لە زمانی ئێمە تێناگا.فارسیش نازانێ !دەتوانم ئازادانە قسە بکەم”.
هەر بۆیە من دڵنیا بووم کە دەتوانم ئاسوودەتر قسە بکەم. بەڵام بە پارێزەوە دەدوام. لە بەر ئەوەی کە هێشتا خۆی پێ نە ناساندبووم و نەمدەزانی بۆ لە خەستەخانەیە. بەڵام وای بۆدە چووم کە بەسەر هاتێکی وەک منی هەبێ.
گووتم : من ناتناسم . بۆم هەیە ناوت بپرسم ؟؟
- من"ئەحسەن"م بابە گیان دراوسێ بووین. ئێمە ماڵمان باری کرد بۆ تاران. هەرکە هاتییە ژوورەوە من تۆم ناسییەوە. من جوان تۆم لەبیرە!
- کە وابوو خۆت بناسینە!
- لەبنەماڵەی ناهیدم.

- ئەها ئێستا تێگەیشتم.
بنەماڵەی "ناهید" ناودار وجێگای ڕێزی خەڵکی گەڕەک وناوچەکە یش بوون. کۆڵانەکەمان بە ناوی بنەماڵەی ئەوانەوە ناونرابوو. ماڵی ئێمەش لەو گەڕەکە بوو. باوکیان لە دایرەی"ثبت احوال"کاری دەکرد، چند ساڵ پێشتر لە کاتی مەئمورییەتدا لە "بوریدر" لە ناوچەی"ژاوەرۆ" (4) بە هۆی کارەساتی سەیارەوە، کوچی دوایی کردبوو. پاش ئەو کارەساتەناخۆشە، بنەماڵەکەیان لێکترازابوو. بەڵام ئەو ماڵەی کە لێی دەژیان، هەرمابوو،جار وبار کە دەهاتنەوە بۆ"سنە"لەو ماڵەدا ماوەیەک دەمانەوە. شێوەی سەردەمی منداڵی ومێرمنداڵی "ئەحسەن"م هاتەوە بیر. زورگۆڕابوو. ئەمیش و برا چکۆلەکەشی کە ناوی"شهریار"بووهاتنەوە بیرم.
زۆربەی کات پێکەوە بوون.
"دەنگ وباسی براکانت؟عابدین، عبدالله، زەبێح،
حەسەن، مزەفەر، شەهریار؟؟
-خوشکەکانت "رەفعەت و... ناوی ئەوی تریانم لەبیرنەماوە؟(لە کاتی نوسینی ئەم بیرەوەرییاندا بۆم دەرکەوت کە خوشکە کەی تریان واتە خانمی "ڕۆیا ناهید"لە هەڵسوراوانی سیاسی، مانگی پێشوو لەگەڵ تلفزیونی ئەمریکادا لە مەڕئەم کارەساتە چاوپیکەوتنی هەبووە.
بەلامەوە سەیر بوو. دەمێ ساڵ بوو چووبوونە تاران. ئەوکاتە "ئەحسەن "لە تەمەنی 10- 12 ساڵێدا بوو. ئێستا ببووە گەنجێکی لێهاتوو.
_لێرە چی ئەکەی؟
-منێش بریندارم. قاچم پێکراوە. ناتوانم بڕوم بەڕێدا ،تیرەکە بەرئێسکی رانم کەوتووە.

پەتوو(بەتانی)یەک درابوو بە سەر پێیدا. هەستم کرد کە وەزعی ئەویش وەک وەزعی منە. هەر ئەمە بووە هۆی ئەوەی لە یەکتر دڵنیا بین. وەزعمان لەسۆنگەی برێندار بوون و دیلبوونەوە وەک یەک وابوو، بەڵام من دەمتوانی بڕۆم بەڕێدا. قسەکانمان ئاسایی بوو. باسی شتی جۆر بەجۆرمان دەکرد. بە تێرو تەسەڵی پرسیاری ئەندامانی بنەماڵەی یەکترمان دەکرد. تینووی قسە کردن بوو. پێدەچوو ماوەیکی درێژە لە گەڵ کەس پێوەندی نەبووە وهاودەنگێکی نە بووە.
ئەوانەی دەهاتنە نێو ژوورەکە یان کارگێرانی خەستەخانەکەبوون یان چەکدارانی ئەمەل کە دواتر بۆم دەر کەوت کە هەر یەکە وچەند ساتێک نگابانی دەدەن ودەگەڕێنەوە. شێوەیان بەڕواڵەت زۆر فەرقی پێکەوە نەبوو، هەموویان رێش وپەشم و پانتۆڵی یەک رەنگیان بوو. چەکدار بوونیان جێگای گومان نەبوو، بەڵام بە رواڵەت چەکیان پێنەبوو.
سەرقاڵی قسە کردن بووین. پیاویکی پزشکیارهاتە ژوورەوە. رووی کردە من وداوای کرد لە گەڵی بڕۆم. خواحافیزیم لە "ئەحسەن"کردو کەوتمە شوێن کابرا. نەمدەزانی دەمگێڕنەوە بۆ لای "ئەحسەن"یان نە. ئایا دەمگوێزنەوە بۆشۆینێکی تر؟"ئەمە ببووە پرسیارلام. دۆخی خەستە خانەکە بەتەواوی نظامی "ئەسکەری" بوو. کەسانێک بە چەک و جل وبەرگی ئەرتەشی (عەسکەری)یەوە لە ساڵونەکەدا لە هاتووچۆدا بوون.
لە ڕاڕەوە کە تێپەر بووین وچووینە ژوورێکی بچووکەوە. کابرا لەپشت مێزێک دانیشت. کاغەزێکی دەرهێناوناووشتی منی نووسی. "دەمەوێ لە باسکت وینە "ئەشەعە"بگرم. بۆ ئەوەی بزانم چۆن شکاوە. لە جووڵەی مەچەک وپەنجەکانت وادیارە کە "عصب"ە کەشی تووشی کێشەبووە. بریار وایە دوکتور بێت وموعاینە "فەحس"بکا. تا ئەو دەمە ئەبی وێنەکە ئامادە بکەم

"ئەمەی ووت وخەریک بوو بە کاری خۆیەوە. لەوە زیاتر قسە لە نیوانماندا نەکرا.

وێنەگرتن بەهەر کێشە و ئازارێک کە بە هۆی جوڵاندنی دەستمەوە دەمکێشا، بەئەنجام گەیشت. بە رێنوێنی ئەو بە دوایدا گەڕامەوە بۆهەمان ژوور. زۆرخۆشحاڵ بوم لەوەی کە گەڕامەتەوە بۆ لای "ئەحسەن"،چونکە بوونی هاودەنگێک لە بارودوخێکی ئاوادا نێعمەت بوو ئیتر نە دەترسام کەلە سەرهەرشتیک لەگەڵ "ئەحسەن" دا بدوێم.باسی وێنەگرتنەکەم بۆ"ئەحسەن"کرد. هەروەها باسی سەربازبوونم لەکاتی خۆیدا لە هەمان پادگان وئاشنا بوونم لەگەڵ یەکێ لەلاینگرانی"چریکەکان"بەناوی حسەین(5). ئەویش تۆزێ پشووی وەبەرهاتەوە. ناوبەناو کارگێڕانی خەستەخانەکە دەهاتن وسەیرێکی وەزعەکەیان ئەکرد. بەس کونجکاو(پەیجوور ) بوون، رەنگە لە بەر ئەوەی کە بیستبوویان کە کەسێکی تازەیان هێناوە ودەستی برێندارە، سەردانی ژوورەکەیان ئەکرد و کونجکاو(پەیجوور) بوون. ئەڵبەت ئەمە بۆچوونی من بوو، ئاخر ئەوان کارێکیان نە بوو لەو ژوورەدا ئەنجامی بدەن. سەعات 8 یا 9 ی شەو بوو، بڕی خواردنیان بۆ هێنام. ئیشتیام لێ نەبوو. بەڵام بە زۆربڕێکم خوارد لەبەرئەوەی گیانێکم تێ بێتەوە. ئاخر چارەنووسێکی نادیارم بۆ خۆم پێش بینی ئەکرد. هەروەها لە بەر ئەوەی پێشترهەر لەو پادەگانەدا سەربازیم کردبوو وە شارەزای پادگانەکە بووم، رەنگ بووبتوانم کارێک بکەم.
لەم هێرو بێرەدا، دوو خانم پەرەستارهاتنە ژوورەوە. یەکێکیانم لە پێشەوە دەناسی. چەن ساڵێک پێشترکرێچی ئێمە بوو. کە منی بینی راچڵەکا، بەڵام زوو هاتەوە بە خۆیدا. کابرای سەر بە ئەمەل

هەستی نەکرد.خانمە هاوکارەکەشی هەروەها. قورس (حەب)ی ئێشیان بۆ هێنابووم.
کاتێک کە ژنە شناسەکە لێم نزیک بووەوە بە پەرێزەوە پێمگووت: ژمارە تەلەفۆنی ماڵەوەت پی ئەدەم . تەلەفۆنیان بۆ بکە وبڵێ کورەکەتان لێرەیە. دڵنیا بووم کە ئەویش منی ناسیوەتەوە. هەر لە هەڵس وکەوتی یەکەمدا بۆم دەرکەوت. پێویستێش نەبوو. حەزم نەدەکرد تووشی کیشەی بکەم. مەودای ڕوونکردنەوەش نەبوو. وڵامی نەداوە، پیدەچوو حەزناکا خانمەکەی دیکە پێبزانێ. بە بیانووی رێک وپێک کردنی جل وجێوە نزیک بوەوە لەو تەختەی کە من لەسەری راکشابووم.بە هێواشی ووتی:بینوسە دواتردێم دەیبەم.
قەڵەم وکاغەزم پێ نەبوو. تا رادەیەك هەوڵ ببووم. دەبوو لە زووترین کاتدا ژمارەکە بنووسم. پێدەچوو زوو بگەڕێتەوە. سەیرێکی کومید(کانتور)ەکەی پاڵ دەستم کرد. وابۆی دەچووم کاغەزو قەڵەمی لێبێ. ئێشی دەستم لەبیر چووبووەوە. بە بیانووی ئازاری دەستم لە تەختەکە دابەزیم ودەستم کرد بە پیاسە کردن. وانواندم کە ئێشی دەستم زۆرە. پاش چەند جار هاتوچۆ لەکومید(کانتور)ەکە نزیک بوومەوە وکردمەوە، هەندێ کاغەزی تێدا بوو. نیوەی مەسەلەکە حەل ببوو. ئێستا دەبوو قەڵەمیش پەیدا کەم. بەدەستی راستم گێرفانەکانم پشکنی. پشکنینی گیرفانی لای چەپ زۆر زەحمەت بوو. دەبوو بەدەستە ساخەکەم کە دەستی راست بوو، بۆی بگەڕێم. هاتەوە بیرم کەپێش ئەوەی دەسگیربکرێم، لەگەڵ"ئەشرف رەحیمی مەڵەکشان"(6)خەریکی رەسم کردنی "حەمایل"بووین .خۆزگەقەڵەمەکەم بدوزیبایەتەوە. ئەحسەن هەستی کردبوو کەلەشتێک دەگەڕێم.
ـ چەت گەرەکە؟(چیت دەوی؟)
ـ کوڕە قەڵەمێک! قەڵەمێکم دەوێ.

لەپڕ دەستم کەوت لە قەڵەمەکەی نێوگیرفانم. زۆرخۆشحاڵ بووم. بە"ئەحسەن"م گوت:دۆزیمەوە . گەڕامەوە سەر تەختە کەو ڕاکشام.
بۆ دڵنیایی ماوەیەک چاوەڕێم کرد تاوەزعەکە ئاسایی ببێتەوە. بە ئەسپایی گیرفانی پاتۆڵە کوردییەکەم کیشایە سەروقەڵەمەکەم دەرهێنا. بێ ئەوەی بیشارمەوە، کاغەزەکەم هێناو دەستم کرد بە نووسینی شتێکی ئاسایی. کابرای "ئەمەلی"بینی، بەڵام هیچی نەووت. هەموو ئەمانەی کە باسم کرد کاتژمێرێکی خایاند. کاتێک دڵنێا بووم شتێکی ئەوتۆناقەومێ، کەوتمە خۆ بۆ نووسینی ژمارە تەلەفۆنەکە. بۆ ئەوەی بیدەمە خانمە پەرستارە ئاشناکە. ئێستا ئێترقەڵەم وکاغەزم بوو. ئەمە شتێک بوو کە دڵنیایی دەکردم کە بە شێوەیەک پەیامەکە دەنێرم. لەوکاتەوە کە خانم پرستارەکە وتبووی: "دیم و دەیبەم"، لە بیری ئەوەدا بووم کە دەبێ بەپەرێزبم بۆ ئەوەی کێشەیەک بۆ ئەوسازنەبێ. هەر چۆنی بوو ژمارەتەڵەفۆنەکەم نووسی و خستمە نێو گیرفانی کراسەکەم. ئامادەبووم هەرکاتێ بێت بیدەمێ.
دیسان لەگەڵ ئەحسەن کەوتینەوە قسەکردن .
ووتم:ئێ، پێم بڵێ چیت بە سەر هاتووە؟ چی روویدا؟ بۆچی بریندار بووی؟ لەکوێ بریندار بووی؟
- لەگەڵ شەهریاری برام و "جەمیل یەخەچاڵی "پێکەوە بووین. لە پاسگای "قەتەوەن"دستگیرکراین. لێبڕاین راکەین و ڕامان کرد. تیرئەندازییان لێکردین ومن پێکرام. نازانم ئەوان چییان بەسەرهات . نازانم لەکوێن.
لەم قسانەدا بووین کە ئەوکابرای کە لە دەستم وێنەی گرتبوو، هاتە نێو ژورەکە و داوای لە من کرد لە گەڵی بڕۆم. ئەمە دووهەم جاربوو کە ژوورەکەم بەجێی دەهێشت. شوێنی کەوتم . چووینە نێو ژورێکی تارادەیەک گەورە. کابرایەکی زەلام بە جل وبەرگی

عەسکەرییەوە لەگەڵ پیاوێکی میانساڵ بە قژی ماش و برنجییەوە، قسەیان دەکرد. کابرایەکی گەنجی ریشن بە جل وبەرگی سپییەوە لایان وەستا بوو، گوێی بو گرتبوون. بە زاراوەی "ئیسفەهانی" قسەیان دەکرد. دواتر بۆ م دەر کەوت کە "دوکتورە". کابرا میانساڵەکەش، وەک "دکتور"خۆی ناساند و ئەو وینانەی کە لەدەستم گیرابوون، خستە بەر تیشکی چرا نیئونەکە و بۆ کابراکەی تری روون دەکردەوە کە فیشەک بەر ئێسکی باسکی چەپ کەوتووە و پێنج ئێسکی بچووک لە سەر ریگای فیشەکەکە دەبینرێ. کە فەحسی دەستمی کرد، بۆ ی دەرکەوت کە "عەسەب" ی دەستم سەدەمەی دیووە. مەچەکی دەستمی لە سەر لێواری مێزێک دانا. دەستم بۆ خوارەوە شۆڕبووەوە. داوای لێکردم دەستم بەرز بکەمەوە. نەمتوانی .کونترۆلی لە دەستی مندا نەبوو. رووی لەوانیترکرد وگوتی:نابی دەستی هیچ جووڵەیەک بکا. دەبێ لەسەر رووبەرێکی کون کونی تێلدار بپیچرێتەوە. دەنا وەک خۆی لێ نایەتەوە. لەگەڵ من نەدەدوا. دیار بوو ئەویش بە زۆرهێنرابووە پادگان.  بە دوای ئەم قسانەدا،بێ ئەوەی پرسیارێک لە من بکا یا شتێکم پێ راسپێرێ، ئێشارەی لەوکابراکرد کە منی هێنا بووە ئەوێ. بۆ ئەوەی بمباتەوە بۆشوێنەکەی خۆم. شوێنی کەوتم. لە رێگادا پێی گوتم :ئەو کابرا دوکتور حسین زادە بوو. یە کی لە پسپۆڕانی شارەکەیە. من پێشتر ناویم بیستبوو، بەڵام نەمدەناسی.

لە گەڵ ئەو کابرایە کە منی بردبوو گەڕاینەوە بۆ لای "ئەحسەن"، لە گەڕانەوەدا بۆم دەرکەوت کە چرای نێو ژوورەکەیان کوژاندووەتەوە و چرایەکی "شەوخەف"یان پێکردووە کە تێشکی کەمە. سەرنجی کابرای "ئەمەل"م دا، دیسان دەستی لە سەر سێنگ دانابوو، بەڵام لە سەر کورسێک لە تەنیشت تەختەکەی "ئەحسەن" دانێشتبوو."ئەحسەن" نەخەوتبوو، چاوەڕێی منی دەکرد. بەس توانیم پێ بڵێم کە دوکتوورفەحسی دەستمی کرد و

گوتی کە دەبێ دەستم لە سەر رووبەرێکی تێلدار بپیچرێتەوە، دەنا "ناگرسێتەوە". لەوە زیاتر نەدەکرا قسە بکرێ. چونکە"خامۆشییان راگەیاندبوو، دەبوو رەچاوی خامۆشی بکەین.

لە سەر تەختەکە راکشام. خەوم لی نە دەکەوت. هەمو کارەساتی رۆژەکە وەک پەردەی سینەما بە پێش چاومدا تێدەپەڕی. سات بە ساتی کارەساتەکەم وەبیر دەهاتەوە ،بە تایبەت ئەوکاتەی کە بەمینی بووس بردبوویانم بۆ"کێڵانە"(7) و ئەوخەڵکە زۆرەی کە بە ناباوەڕییەوە لییان دەڕوانیم. نازانم کەی خەوم لێکەوت.

بە دەنگی خاوێن کردنەوەی عەرزی ژوورەکە لە لایەن خزمەتکارەکانەوە، وە خەبەر هاتم. هەر لەو کاتەدا ژنە پەرەستارەکە دان( شیفت)ی کارەکەی تەواو ببوو. هاتە ژورەوە و بە بیانووی خاوین کردنەوە و رێک وپێک کردنی تەختەکە لە من نزێک بووەوە. لەو دەرفەتە کەڵکم وەرگرت وژمارە تەلەفونەکەم پێدا. کاغەزەکەی لە بەین پەنجەکانیدا شاردەوە وتۆزی خۆی بە مەلافە( چەرچەف) کانەوە خەرێک کرد و بێ ئەوەی هیچ بڵێ ژوورەکەی بەجێ هێشت.

پاش خواردنی نان وچای بەیانی دوکتوری رۆژ، کە بەرپرسی سەردان لە نە خۆشەکان بوو، هاتە ژورەوە. پاش روانین لە" پەروەندە"کەی من و فەحسی دەستم، هەندی شتی لەسەر پەروەندەکە نووسی. کە ژوورەکەی بە جێ هێشت، سەیریکی پەروەندەکەم کرد. بە ڵام هیچی لێ تێنە گەیشتم . نووسراوەکەی ئەویشی لەسەر بوو.

کاتژمێرێک تێپەڕی. کابرایەک هات و داوای لێکردم شوێنی کەوم. لە سالۆنەکەدا ئەڕویشتین، کابرایکم بینی بە جل وبەرگی عسکەری وچەکی ئووتوماتیکەوە، زۆر توورە بوو. قسەی بە چاک وخراپ دەگوت. کاتێ کە لە تەنێشت منەوە تێپەڕی،

ئاسەواری فرمێسکم لە چاویدا بەدی کرد. ئەوکابرای کە منی لەگەڵ خۆی دەبرد، گوتی : ئەم کابرایەهاوڕێ نزیکەکانی کوژراون وتەرمەکانیان بە هێلی کوپتەرهێنراوەتە نێو پادگان. دواتر بۆم دەرکەوت کە خەڵک وهێزە سیاسییەکانی کوردستان بەرنگاری هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بوونەتەوە و دەیان کەس لە داگیرکەران کوژراون. ئەم تەرمانەش کە هێنراونەتە پادگان دەرئەنجامی بەرەنگار بوونەوەی خەڵکی سەقز بوو دژ بە داگیرکەرانی کوردستان.
بە شوێن کابرادا چوومە نێو ژووریکی تا رادەیەک گەورە. ژوورەکە وەک ئەنبارپڕبوو لە شتوومەکی پزیشکی. تا رادەیەکیش تاریک بوو. کابرایەکی تریش لەوێ بوو. داوایان کرد لە سەر کورسییەک دانیشم. پێشتر جامێ ئاویان دانابوو، باندێکی گەچییان لە نێو ئاوەکەدا خووساندبوو بە خێرایی لە دەستمیانەوە پێچا. قۆڵ وباسکمیان بە شێوەی زاویەی قائمە(90 دەرەجە) رێکخست. بیرم لەوە دەکردەوە کە شەوی پێشتر دکتور چی وتبوو، بەڵام ئەوان چییان دەکرد. بە هەرحاڵ ئەوان فرمانەکانیان بەڕێوە برد من رەخنەم لێنەدەگرتن. دژایەتیم لە نێوان دەستووری دوکتورکەی شەوی پێشوو، دەستووری دوکتورەکەی ئەوبەیانییە، دەدی . بەڵام بۆ م نە بوو ئیعتێراز بکەم . لە بەر ئەوەی کە دیل بووم . کارەکەیان نیوسەعاتێک درێژەی کێشا. پاشان هەر بە جامانە کەی خۆم کە لە ملمدا بوو، دەستە بە گەچ جەڕدراوەکەیان بە ملمەوە هەڵبەست و داوایان لێکردم بگەرێمەوە. پێش ئەوەی لە ژوورەکە بچمەدەر، پێیان گوتم کە ئەودوکتورەی کە ئەو بەیانییە فەحسی کردبووم، ئەو دەستوورەی داوە.
لە رێگای گەرانەوەدا بۆ ژوورەکە، دەنگی کۆپتەردەهاتە گوێم کە لە نزیکی خستەخانەکەدا بوون. لام وا بوو بریندارى تێهەڵچوونەکانی نێوان خۆیان وپیشمەرگە وخەڵکییان دەهێنا بۆ

پادگان. هەندێ لە هاورێیانی گەڕەکی "بان شێخان"م(8) وەبیر هاتەوە کە روژی پێش دەستگیر بوونەکەم ، خویان ساز دەکرد کە لە شآر بچنە دەر ولەدەور وبەری شارەکەدا درێژە بدەن بە خەبات.
هاتوو چۆ ی خە ڵکی عەسکەری بە چەکەوە لەنیۆ راڕەوەکانی خەستەخانەکەدا دەبینرا، کە دژایەتی بوو لە گەڵ یاسا و نە ریتی نێو نەتەوەیی و پێشێل کردنی یاسا مرۆڤایەتییەکان بوو کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تازە پیاکەوتوودا ئەنجام دەدرا. نوقمی گێژاوی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە گەڕامەوە نێو ژوورەکە بۆ لای" ئە حسەن".
ئەو شتانەی کە دیبووم بۆم گێرایەوە. هیچی نەگوت. بەس پەشیۆبوو.
گوتی: باشە بۆچی دەستتیان لە گەچ گرتووە؟مەگەر بڕیار وا نە بوو کە بیپێچن لە رووبەرێکی تێلدارەوە؟
گوتم : دوکتورەکەی ئەم بەیانییە دەستووری داوە لە گەچی بگرن.
یادی بیرەوەرییەکانی رابردوومان دەکردەوە. باسی دراوسێکان وکوڕەکانی گەڕەکمان دەکرد. "ئەحسەن " هەندێکیانی لە بیر نە ما بوو. من بە ناونیشان یارمەتیم دەدا وەبیریان بێنێتەوە. لەم قسانەدا بووین کە بە منیان راگە یاند کە ملاقاتم هەیە. خێرا خۆمم سازدا ولە گەڵ ئەو کە سەی کە بە دوومدا هاتبوو، چووین بۆ شیوێنی ملاقات.
وام دانابوو یەکێ لە ئەندامانی ماڵەوە بێ. بە ڵام ئەوان نەبوون. دو پوورم بینی کە دەمو چاویان رووشا بوو. شوێنەواری خوێن بە رووومەتیانەوە دیار بوو. بە بینینی من ودەستی لە گەچ گیراو و هەڵبەستراوم، گریان و شیوەن دەستی پێکرد. دادوبێدادیان بەرز بووەوە. منیان لە باوەش گرت. کوڵی گریانیان ئازاری دەدام . هەوڵمدا هێوریان بکەمەوە. هەواڵی دایکم پرسی. گوتیان هەموو خزم و کەسەکان لە ماڵتان کۆ بوونەتەوە. ئاماژەشیان بەوە کرد کە بە یانی زوو خانمێک تەلەفۆنی کردووە، خۆی نەناساندووە و

گوتوویەتی کە کورەکەتان بریندارە و لە خەستەخانەی پادگانە. ئێمەش خێراهاتین بۆ ئێرە وچەند ساعەتێک لە بەر دەرکی پادگان موناقشەمان لە گەڵ کردوون تا رێگایان پیداین بێین بتبینین. بە هەزار کێیشە و چەرمەسەری توانیمان رازییان کەین کە بەس دەمانەوێ چاومان پێت بکەوێ ودڵنییا بین کە ساخی. لەوەی کە زیندوو بووم، خوشحاڵ بوون. دەنگ وباسی ئێعدامەکانی پاوەیان بیستبوو. ترسی ئەوەیان بوو منیش تووشی هەمان چارەنووس بم .
توزێ دڵم دانەوە و چۆنییەتی دەستگیربوونەکەم بۆ گێڕانەوە وئاماژەم بەوە کرد کە بۆ بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەکانی مەکتەبی "دادانە"(ئەو گوندەی کە لەوێ مامۆستا بووم) چووبووم کە دەستگیریان کردم. تۆزێ هێور بوونەوە. پێمگوتن کوڕی ماڵ "ناهید"کە پێشتردراوسێ بووین، بریندارە و لێرەیە و دەتوانن بە ماڵەوەیان بڵێن کە لێرەیە. تا رادەیەک خوشحاڵ بوون کە چاویان بە من کەوتووە وهیچ نەبێ زیندووم. چاو پیکەوتنەکە نێو سەعاتێکی خایاند. خواحافیزیمان کرد.
کە گەڕامەوە بۆ لای" ئەحسەن"، هەموم بۆ گێڕایەوە و پێمگوت کە داوام لێکردون بە ماڵەوە بڵێن کە تۆ لێرەی.(9 )
نزیکی نیوەڕۆ بوو. پاش خواردنی نان و چای نیوەڕۆ، شەکەتی دوێشەو و بێ خەوی وای لێکردین کە تۆزێ پشوو بدەین. ماوەیەکی کورت بوو کە خەوتبووین کە دەنگ و هەرای کەسێک کە دەینەڕاند، وەخەبەری هینایین. دواتر بۆمان دەرکەوت کە یەکێ لە هاوڕێکانی کوژراوە، بۆیە دەگریا وهاواری دەکرد. چەند کەسێک دەوریان گرتبوو کە نەڕوا بۆ بەشەکانی خەستەخانەکە. ئەڵبەت دواتر بۆمان دەرکەوت کە بە نیازی هاتن بووە بۆ ژوورەکەی ئیمە. لە بەر ئەوەی جگە لە من و "ئەحسەن" کەسی تر لەوێ نە بوو کە تۆلەی لێ بکاتەوە.

ئەو روژەمان بە یاد کردنەوە لە بیرەوەرییەکانی رابردوو بە ئاخاوتن لە سەر بارودۆخی خۆمان و کەس وکارمان بردەسەر.
لە درێژەی قسەکاندا بۆم دەرکەوت کە دوای کۆچ کردن بۆ تاران، "ئەحسەن" درێژەی داوە بە خوێندن و خوێندکاری پۆلی چوارەمی موهەندسی کیمیا بووە لە زانکۆ وهەروەها شەهریاری برای خوێندکاری پزشکی بووە. "ئەحسەن"، لە لایەن سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵکەوە نێردراوەتەوە بۆ کوردستان.




شەهریار ناهید 12 سالەگی



ئەحسن ناهید 18 سالەگی

## بەشی 2

### 28 ی گەلاویژ، بانگەوازی هێرش بردنە سەر سنە لە لایان خومەینی یە وە.(11)

لە سەر ئەساسی ئەومتمانەیەی کە لە نێوان من و" ئەحسەن "دا پێکهاتبوو، لە چۆنیەتی گرتنی منی پرسی و من بە دڵ بۆم گێڕایەوە.
لە بەر ئەوەی کە لەو سەردەمەدا " ئەحسەن " لە سنە نەبوو، من بە بڕێ وردەکارییەوە بەم چەشنە باسم کرد.
ئێمە دەستەیەک هاوڕێ بووین کە یەکترمان دەناسی ولە یەک نزیک بووین. دەمێ ساڵ بوو بەبێ ئەوەێ لە ناوەڕۆکی بەرنامەی هیچ سازمان یان رێکخراوەیەکی سیاسی ئاگاداربین، یان هەر ناونیشانیانمان بیستبێ، بەس بە بۆنەی هەستی شۆڕشگێڕانە وتێگەیشتن لە مافی زەحمەتکێشان، کەسانێکمان کردبووە سەرمەشقی خۆمان، کە داکۆکی لە بەرژەوندی خەڵکیان کردبووە ئامانجی خۆیان. هەربۆیە پێکەوە چالاکیمان دەکرد.
چەند مانگێک پێش راپەڕین( راپەڕینی دژبە دەسەڵاتی شا)، خۆمان سەربە رێبازی جەماعەتێک دەزانی کە بەیاننامەی "هاووڵاتییە بەڕێزەکان" یان دەردەکرد.( واتە لایەنگری کۆمەڵە کە هێشتا خۆیان ئاشکرا نەکردبوو)، هەربۆیە خۆمان لە رێکخراوە سیاسییەکانی ترجیا دەکردەوە. پێش راپەڕین بە کردەوە خۆمان لە ریزی ئەواندا دەبینی

ولەهیچ چالاکییەک لەو رێگەدا درێغمان نەدەکرد. هەر ئەرکێکیشیان بخستایەتە ئەستۆمان بۆ ئەنجامدانی ئامادە بووین.
پاش راپەرین واتە لە ماوەی حەوت مانگێکدا کە لە دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی بە سەرئێراندا تێدەپەڕی، دۆخێکی دیموکراتیک لە کۆمەڵگای کوردستاندا هاتبووە ئاراوە و رێکخراوە چەپەکان بەتایبەت کۆمەڵە لە پێکهێنانی ئەو دۆخە دیموکراتیکەدا دەوری سەرەکییان دەگێڕا. (زۆربەی رێکخراوە سیاسییەکان بارگای خۆیان کردبووەوە). ئەمانە بەرەنگاری کۆنەپەرستان دەبوونەوە ولە ئازادی وشۆڕش داکۆکییان دە کرد و داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێشیان کردبووە چالاکی سەرەکی خۆیان. لە شاری"سنە"دا خۆیان بە ناوی"کۆمەڵەی داکۆکی لە ئازادی وشۆڕش" رێخستبوو.

لە بەر خەڵکی نەبوونی حکوومەت و بەهۆی بێ متمانەیی بە"موفتی زادە"( کە لە سنەداهەندێ لایەنگری هەبوو)، وە هەروەها لە سۆنگەی ئەوەی کە دەست و پێوەنی رژێم لە دەوری ئاخوونێک بە ناوی"سەفدەری" خڕببوونەوە، خەڵک متمانەیان کردبووبە رێکخراوە سیاسییەکان وئەو کەسایەتییانەی کە لە گەڵ ئەو رێکخراوانە بوون. هەربۆیە روویان دەکردە ئەم رێکخراوانە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە و کێشەکانیان. لەوکاتەدا بوو کە"شۆرای شاری سنە"(12)لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرا. هەر ئەوەش ببووە پاڵپشتێک بۆ دەسەڵاتداری خەڵکی. کە لە لایەن "کۆمەڵەی داکۆکی لە ئازادی و شۆرش"ەوە کە زۆربەیان هەڤاڵانی کۆمەڵەیی بوون و دەستەیەکیش کەسانێک بوون کە سەربە هیچ رێکخراوەیەک نەبوون( لایەنگرانی خەتی 3 ). راسپێردراین کە بڕۆین بۆگوندی"باغچەڵە". لەگەڵ دەستەیەک لەهەڤاڵان کە تۆ لەو هەڤاڵانە بەس" نەورۆز گەنجی و تەکش بێکەس" دەناسی، کەوتینە تەک کەسێکی خەڵکی گوندی"باغچەڵە" کە بە پیکاپ(وانێت)ێکەوە هاتبووە بەردەرکی بارەگای" کۆمەڵەکە " و داوای یارمەتی کردبوو. رووماں کردە گوندەکە.




نه ورۆز گه نجی



ته کش بێکه س

به لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تەکش ونەورۆز هەردوکیان لە ناوچەی"گەڵواغی"دا مامۆستا بوون، " کۆمەڵە" ئەوانی وەک کەسانی خاوەن ڕا لە گەڵ ئیمە ناردبوو. "کەماڵ قوتبی"، حەمید شەعبانی"ومن ودووکەسی ترکە سەربە ڕێکخراوەکانی خەتی(3) بوون و لە بەر پاراستنی ئەمنییەتیانەوە ناکرێ ناویان بەرم، راسپێردرا بووین کە لەگەڵ کابرای باغچەڵەیی بڕوێن بۆباغچەڵە ولە مەڕ دابەشکردنی زەوییەکانی ئاغای گوندەکە بڕیار بدەین.

لە دەرگای بارەگای"کۆمەڵەکە هاتینە دەرەوە. "طیب روح اللهی"مان بینی(13) کە لەگەڵ دەستەیەکی ترلە هەڤالان لە بەڕیوە بردنی ئەرکێکی وەک هەمان ئەرک کە بە ئێمە سپێردرابوو، گەڕا بوونەوە. هێشتا کومەڵە[واتە"کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران"]خۆی ئاشکرا نەکردبوو. لە ناوچەکانی تری کوردستاندا بە ناوی"کۆمەڵەی دیموکراتیک"وە چالاکی دەکرد.




کە ماڵ قوتبی

کاتژمێر10ی بەیانی بوو سواری پیکاپەکە بووین و بەرەو جادەی دیواندەرە ڕێکەوتین. پیکاپەکە چادری نەبوو. شار لە دۆخێکی ئاساییدا بوو. خەڵک سەرقاڵی ئیش وکاری ڕۆژانە بوون. هیچ نیشانەیەک لە ترس ودڵەڕاوکێ لە نێوشاردا بەدی نەدەکرا. لە گەڕەکی فەیزاواوە لە شارچووینەدەر. " نەورۆز" لە ناوچەکەدا ناسراو بووخەڵک خۆشیان دەویست. زۆربەی دەرەبەگەکانی ناوچەکەی دەناسی وکاتی خۆی بە یارمەتی "خالید باباحاجیان (14 ) بەرنگاری دەستەیەک لە دەرەبەگەکان بۆنموونە، یەدوڵاخانی قزڵوڵاغ، ببوونەوە.
" نەورۆز"پێی ووتین کە چووینە ناو گوندی" باغچەڵە" بە سەرماڵەکاندا دابەش دەبین پاشان کۆدەبینەوە و بیرورِا دەگۆڕینەوە. دەبێ وەزعەکە بخەینە ژێرچاوەدێری وبزانین ڕاوبۆچۆنی خەڵک چییە. ئێمە دەبێ داکۆکی بکەین لە خواستی گوندییە بێ زەوییەکان.


خالید باباحاجیان

نزیکی نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی باغچەڵە. هەروەک پێشتر بڕیار درابوو دابەش بووین بەسەرماڵەکاندا. من لەگەڵ"حەمید شەعبانی" چووم بۆماڵی ناسراوێکی قەدیم کە بە ڕێکەوت تووشی هاتین ونەماندەزانی لەوگوندە نیشتەجێیە. ئەو منی ناسیەوە. پێی چەقاند کە ئەبێ میوانی ئەوبم، ئاشنای باوکم بوو، بە بینینمان خۆشحاڵ بوو. ماڵیان وەک هەموو ماڵێکی تری لادێ، پڕبوو لە ساکاری. چەند مناڵی بوو، یە کیکیان ناوی"جە میل" بوو. خۆی ووتی کە ناوی ئەو کوڕەی لە ناوی منەوە گرتووەتەوە. لەکاتی نان خواردندا، زانیاری زۆرمان ، لە سەرئەو زەوییانەی کە بڕیاربوو دابەش بکرێ بەسەر خەڵکەکەدا، لێ وەرگرت.

هەمووومان لە شوێنی دیاریکراودا، کۆ بووینەوە و بە پیکاپەکە کەوتینە ڕێ بۆ لای زەوییەکان و لێی نزیک بووینەوە. سەرقاڵی ئاخاوتن بووین لەگەڵ خەڵکی گوندەکە. حەزمان دەکرد ئاگاداری بیروڕایان بین لە سەرچۆنییەتی دابەش کردنی زەوییەکان. جەماعەتیکمان بینی کە لە دوورەوە بۆلای ئیمە دەهاتن. دەیانویست کە دەنگ وباسی رادیۆمان بۆ بگێرنەوە.
سەعات لە نێوان 2 و3 ی دوانیوەڕۆدا بوو. رادیۆ ئیران هەڤاڵی ئەوەی بڵاوکردبووەوە کە گوایە " دژی شۆرش " و کومونیستەکان ژن ومناڵی موسڵمانانیان لە نێو مزگەوتی جامعی شاری سنەدا بە بارمتە گرتووە.

خەڵکی گوندەکە هاتبوون کە پێمان بڵێن ئەوهەواڵەیان لە رادیۆ بیستووە.
نەورۆز کە خەریکی وتووێژ لەگەڵ خەڵکەکەدا بوو، قسەکانی بڕی ولەگەڵ ئیمە پرس وڕای کردو بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە رۆژی پێشترلە شاری" پاوە" دەستەیەک ئێعدام کرابوون، ئەومەسەلەمان بە گرنگ لێکدایەوە. دەمانزانی کە ئەمە بیانووە.
لەبەرئەوەی کە سەر بە لایەنی جیاواز بووین، لەگەڵ یەکتر پڕس وڕامان کرد و بڕیارمان دا بێ ئەوەی لەمەڕ دابەشکردنی زەوییەکانی"باغچەڵە" کارێک بکەین، بگەڕێینەوە بۆسنە. بۆخەڵکەکەشمان روونکردەوە کە مەسەلە چییە و بەڵێنمان پێدان کە دوایی"کۆمەڵە" ئەو کارەیان بۆدەکات.
رووومان کردە جادەی سنە – دیواندرە. بەم شێوەیە فەرمانی هێرش لە لایەن خومەینی یەوە دەرکرا.

لە سەر رێگای گەڕانەوەمان بۆسنە ئوتومبێلی یەکی لە هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە بە ناوی"عبداللە بابان"مان بینی کە بەرەو دیواندەرە دەچوو. چەند کیلۆمەترێک دواتر یەکێ تر لەو کەسانەی کە لەگەڵ کۆمەڵە بوو بە ناوی کەیهان فەرزادمان بینی کە لە نێو ئوتومبیلە سەوزەکەی"ساعد وەتەندووست"دا بوو(ئێمە ئوتومبیلەکەی ساعدمان دەناسی)، کە بە هەمان ئاراستەی دیواندەرەدا دەچوو. هەستمان کرد کە مەسەلەکە جدییە. هەربۆیە بۆ دڵنیابوون رێگامان گۆڕی و بە خێرایی بە ئاراستەی ئەواندا

کەوتینە ڕێ، بەوهیوایەی کە بگەینەوە بە" کەیهان "و لە وەزعی ناوشار ئاگادار بینەوە و هەڵوێستی کۆمەڵەمان بۆ دە رکەوێ. بەڵام نەمانتوانی کەیهان بگرینەوە. هەربۆیە دیسان ڕێگامان بەرەو سنە گۆڕی و بە شک ودوو دڵییەوە لە شارنزیک بووینەوە. لە چەند کیلۆمەتری شاردا رامانگرت ولەگەڵ ئەوکەسانەی کە لە ناوشارەوە بەرەو دیواندەرە دەچوون قسەمان کرد.هەمومان چەکمان پێ بوو، دەبوو بە پەرێزەوە لە ڕێگای جادەی " فەیزاوا "وە لە شار نزیک بینەوە.
لەبەرئەوەی کە پێدەچوو رێگاکانی چوونە ژوورەوە بۆناوشار لە لایەن دەست و پێوندەکانی رژێمەوە بگیرێ و بازگەی لێ دابنرێ، بە پەرێز بووین و هەوڵماندەدا بە وریاییەوە بڕۆینە پێش.

لە لێژەکەی فەیزاواوە چوینە ناو شار. هەستمان دەکرد کە شار لە دۆخێکی ئاساییدا نییە و ئارامتر لە جاران دەهاتە پێش چاو. نزیکی ئێوارە بوو، لە جادەی" کەمەربەندی"یەوە بەرەو تەکیەی"شێخ سەلام"چووین ولەویوە رووومان کردە گەڕەکی"بان شێخان". لەوێ بۆمان دەرکەوت کە دەستەیەک لە هەڵسووڕاوانی شار وەک صلاح گوڵچینی، وریا ناظری و یەدێ گوڵچینی و...(کە سەربە رێگای زەحمەتکێشان بوون) کۆبوونەتەوە. هەموویان چەکداربوون و خۆیان بۆ دەرباز بوون لە شار ئامادە دەکرد. لێیان نزیک بووینەوە و لەبەرئەوەی زۆربەیەیانمان دەناسی لەگەڵیان پرس وڕامان کرد. دەستەیەکیان لێبڕابوون و دەیانویست لە شاربچنە دەرەوە.



**عه لی گوڵچینی (سەلاح ره ش)**

من له بەرئەوەی پێوەندیم به تەنزیماتێکی کرێکارییەوه بوو، پێشتریش بڕیارمان دابوو که له هەر بارو دۆخێکدا ئەو تەنزیماته دەبێ له نێو شاردا درێژه به کاری خۆی بدا، له هەڤاڵان جیا بوومەوه. تفەنگە"یووزی"یەکەم لەو جامانەوه پێچا که پێم بوو. لەبەر پاراستنی لایەنی ئەمنییەتی نەچوومەوه بۆماڵی خۆمان. رووم کرده ماڵی خزمێکمان(بار ودۆخی ئەو کاته جۆرێک بوو که چالاکییەکانمان نیوه ئاشکرا و نیوه شاراوه بوو). خزمه کانم چەکەکەیان داشارد و ئەوشەوه لایان مامەوه. ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ له شاردا پێکنەهاتبوو. کونترۆڵی شارهێشتا نەکەوتبووه دەستی لایەنگرانی موفتی زاده. ئەوشەوه بەس قرمەی چەکی ئوتووماتیک جاروبار هێمنی شاروخەڵکی دەشێوان. جیاوازی ئەو شەوه له شەوانی تر لەوەدا بووکه فەرمانی هێرش که له لایەن ئیمامی ئوممەتەوه درابوو ترسی خستبووه دڵی خەڵکی شارەکه. ئەو شەوه تا نیوه شەو لەگەڵ گەنجانی ئەو ماڵه خەرێکی موناقشه بووین. باسی ئەوەمان دەکرد که ئاکامی ئەو فەرمانه دەبێته چی وچی دەقەومێ. کاتێ له بەرهەیوانەکه راکشام که بخەوم، بیرم لەوه دەکردەوه که دەبێ چی بکەم. دەبێ چەن رۆژێک خۆم بشارمەوه تا دۆخەکه ئاسایی دەبێتەوه. بیرم کەوتەوه که دەبێ بەرنامەی تاقیکردنەوەی مناڵانی مەکتەبی ئەو گوندەی که لەوێ مامۆستا بووم، بەڕێوه بچێ. کەوابوو بڕیارم دا بڕۆم بۆ ئەوێ.

من و دەستەیەک له هاورێیانی ناوچەی"چەم شار" که هەندێکیان ئەندامی"حەوزە" ش بوون، هەوڵمان دەدا که خەڵکی گوندەکانی ئەوناوچەیه، شۆرای خۆیان هەڵبژێرن و هەندێ سەرکەوتنیشمان به دەست هێنابوو. له چەند گوندێکدا گەیشتبووینه ئامانج. بەڵام هەوڵمان بۆ یەکانگیری شۆراکانی ناوچەکه نەگەیشتبووه ئەنجام. ئێمه دەمانویست یەکیەتی جووتیارانی مەریوان بکەینه سەرمەشق. له مه ریوان، پێویست بوونی پێکهێنانی دەستەی چەکداری " یەکیەتی جووتیاران" له بەرچاوگیرابوو، وه ببووه بناغەی خەبات دژی دەرەبەگەکان.

گەرمای خۆری بەیانی کە کشابوو بۆسەر پێخەفەکەم، وەخەبەری هێنام. پاش خواردنی نان وچای بەیانی، دەبوو ئەو بڕیارەی کە دابووم جێبەجێ بکە م. بە نێوکۆڵانەکانی شاردا خۆم گەیاندە " قەتارچیان" ( بەردووکانەکان)، پردی " ئەمین ئیسلام" و پاشان گەڕەکی "پردی مەڵاویسی".
"عەلی سەباتیان"م بینی کە ماتۆرسیکلتێکی پێ بوو. بە چاوپێکەوتنم خۆشحاڵ بوو، لێم نزیک بووەوە. هەواڵی شار و گەڕەک وئەو هاوڕێیانەی پرسی کە دەمان ناسین. منیش زۆر ئاگادارنەبووم. خەریکی قسەکردن بووین کە "بێهرووز شادی موقەدەم"مان بینی. ئەویش شوێنی ژیانی خۆی بەجێ هێشتبوو وە خۆی گەیاندبووە ئەوێ. ئەویش لێمان نزیک بووەوە. دوای هەندێ پرس وجۆ بۆم دەرکەوت کە هاوڕێ نزیکەکانی بێهرووز واتە "فەرهاد ئەمانەتی( سەلاح )" کە دواتر لە شەڕ لەگەڵ حدکا شەهید بوو،هەروەها "عبداللە هوشیاریان"(کە دواترلە بومبارانی کیمیایی ئوردووگای کۆمەڵە لە" بۆتی"ی کوردستانی ئێراقدا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆرلە پێشمەرگەکانی کۆمە ڵە گیانیان لەدەست دا)، رۆژی پێشترشاریان بەجێ هێشتبوو.



- خەسرەو رەشیدیان2 - عەبدوڵلا هوشیاریان



فەرهاد ئەمانەتی

داوام کرد لە عەلی کە سەرنجێکی ئەم لاوئەولا بدا بۆ دۆزینەوەی رێگای دەربازبوون لە شار. بە خێرایی بە موتورەکە بەرەو

جادەی"حەسەن ئاوا" ڕێکەوت بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دەربازبوون. پاش چەند دەققە گەڕایەوەو ووتی کە ریگای حەسەن ئاوا هێشتا ئاوەڵایە و دەتوانین بێ کێشە لەوێوە دەربازبین. ماڵاواییم لە بێهرووزکرد و لەگەڵ عەلی سواری موتۆڕەکە بووین ولە ریگای شەقامی حەسەن ئاواوە بەرەو"کێڵانە" کەوتینە رێ. گوندی"حەسەن ئاوا"مان بەجێ هێشت و رێگای"مەربزان"مان گرتە بەرو لە ملەی"دۆڵی هەییە ر" تێپەڕین. نزیکی نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی"مە ربزان". بە عەلیم گوت: تۆ ئەتوانی بگەڕێیتەوە. پێی چەقاند کە دەتوانێ بمگەیەنێتە هەر شوێنێ کە دەمەوێ. بەڵام من نەچوومە ژێری.



عەلی سەباتیان

بە پێ لە کوێرە ڕێیەکەوە بەرەو"کێڵانە" ڕێکەوتم. لە نێو دارەکانی دەشتی"مەربزان"وە تێپەڕبووم وگەیشتمە دەشتی "کێڵانە". رووم کردە کەویڵ ( خانەباغ )ی یەکێ لە ئاشناکانم. چارەکە سەعاتێکی خایاند تا گەیشتمە لایان. بە سەرسووڕمانەوە لێیان روانیم. بە لایانەوە سەیربوو کە من لەوی دەبینن . پێمگوتن: بەرەو" دادانە " دەچم. بەڵام حەزم کرد لە پێشا سەردانی هاوڕێیانی"کێڵانە" بکەم.

لەوێ بووم دەرکەوت کە "ئەشرەف رەحیمی" لە گوندی"مەڵکشان"وە هاتووەتە ئەوێ. پێشتر" ئەشرەف "م لە هەندێ کۆبوونەوەدا دیبوو. دوای نان خواردنی نیوەڕۆ، دەسمان کرد بە قسە کردن. ئەویش ئاگاداری وەزعی هاوڕێیانی ناوچەکە نەبوو. لەگەڵ ئەو گەنجانەی کە لە کەپرەکەدا بوون هەندێ پرس وڕامان کرد.


ئەشرەف رەحیمی

سەرقاڵی قسەکردن بووین کە دیمان"حسەین رەحیمی" ( دواترلە درێژەی شەڕی24 رۆژەی سنە دژ بە هێزە سەرکوتکەرەکانی رژێمی ئیسلامی گیانی لە دەست دا)، کە یەکێ لە لایەنگرانی کۆمەڵە و مامۆستای گوندی"تەختە" بوو، لەگەڵ یەکێ لە زەحمەتکێشانی گوندی" تەکیە " بە ناوی حەمە حسین لە شارەوە هاتبوون و بەرەو" کێلانە " دەچوون.



حسەین رەحیمی

حسەین رەحیمی وحەمە حسەین گوتیان کە شەوی پێشترلە کەژەکانی" ئاویەر"دا بە سەریان بردووە و بە با شیان زانیووە لە نێوشاردا نەمێننەوە و بە نیازبوون بڕۆن بۆ گوندی "تەختە". تۆزێ لای ئێمە مانەوە و پاش چای خواردن ماڵاواییان کرد و رێگای" کێلانە" یان گرتە بەر.
وا بڕیارم دابوو کە نزیکی ئێوارە بڕۆم بۆ"دادانە". هەوا گەرم بوو، لەگەڵ ئەشرەف چووینە پشت کەویڵەکەو لە سێبەری دیوارەکەدا

دەستمان کرد بە قسەکردن. کاغەزێکمان دۆزیبووەوە وخەریک بووین لە سەری رەسمی"حەمایل" بکێشین. من باسی ئەو تفەنگە ( ام -1 )ە کەم بۆدەکرد کە لە کەسێکم کڕیبوو وە خەریکی کێشانی "حەمایل"ە کەی بووین. پێشبینی ئەوەمان دەکرد کە ئەگەر دۆخەکە ئاوا بچێتە پێشەوە، ئەبێ لەم شوێنە کەڵک وەربگرین. لەمانەدا بووین کە دەنگی ئوتومبێلێک هاتە گوێمان کە بە خێرایی دەهات. لامان وابوو کە "مینی بووس"ە کەی گوندی"کیڵانە"یە کە بۆ بارکردنی میوە وتەڕەکاڵ وبردنی بۆشار، ها تووە بۆلای کۆخەکان. هەربۆیە لە جێی خۆ نەبزواین ودرێژەماندا بە قسەکردن. دەنگی ئوتۆمبێلەکە نزیک ونزیکتردەبووەوە. دەنگی ماشینەکە پەیجوور(کونجکاو)ی کردین. بۆ بینینی ئوتومبێلەکە هەستاین و چووینە شوێنێک کە لەوێوە جادەکە دیار بوو.
پێش بینی وەزعێکی ئەوتۆمان نەدەکرد. بۆچوونەکەمان هەڵە دەرچوو. مینی بووس بوو بەڵام هی گوندەکە نەبوو. لە فاسڵەی 50 تا 100 مەتری ئێمەدا ڕایگرت و دە ستەیەک چەکدار بەجل وبەرگی "رە ش"وە بە خێرایی لێی دابەزین. وای بۆچووم کە یەکێ لە دەست وپێوەندەکانی موفتی زادە بە ناوی"حاجی عەبدولعەلی"( 17 ) ئەوانی هێناوەتە ناوچەکە. ئەو کابرا ئێمەی دەناسی. کاتی خۆی، واتە دوای راپەڕین کە شاروگوندەکانی کوردستان بە دە ست خەڵکەوە بوو، ئەو کابرایان لە نێو مزگەوتی" کیڵانە"دا موحاکمە کردبوو. وەک کەسێکی خائێن بە خەڵک ناوی دەرکردبوو. بەس توانیم بڵێم ئەمە کاری حاجی عەبدولعەلی یە و ئێتر رام کرد.
ئەو شوێنەی ئێمەی لێ بووین هەندێ بەرزتر بوو لە جادەکەو جۆگە ئاوێکیش بەوێدا تێدەپەڕی. بە شانی جۆگە ئاوەکەدا رامان کرد. چەن جارێک بە دەنگی بەرز داوایان لێکردین بوەستین، بەڵام ئێمە لێبڕابوین کە راکەین. دوای "ئیست"دان دەستیان کرد بە تەقە. هەموو ئەوانەی کە لە نێو مینی بووسەکەدا بوون پاسدار بوون و تەقەیان لێدەکردین. ئێمە دوور دەکەوتێنەوە. بەدەم راکردنەوە جووتیارێکمان بینی کە مناڵەکانی دابووە پەنای خۆی و ببوە سەنگەر بۆیان وهاواررودادوبێدادیشی دەکرد. بیستم دەیگوت: خەرمانەکەم دەسووتێنن. ئێمە لە جۆگەلەکە لاماندا و چووینە نێو ئەودۆڵەی کە رووی دەکردە گوندی"مەربزان". ئەشرەف

50 مەترێک لە پێش منەوە بوو. تەقریبەن گەیشتبووە کۆتایی دۆڵەکە. منێش بە شەکەتی و هەناسەسواری بە دوایەوە بووم. لەپڕ هەستم بە ئێش کرد لە دەستی چەپمدا. دەستم حەوا کەوت و داکەوتەوە. هەستم کرد دەستم قورس بووە و کونترۆڵی لە دەستی مندا نییە. بە تەواوی شەکەت ببووم وتوانای راکردنم نەمابوو. سەیری شوێنەکەی"ئەشرەف"م کرد. لە پێچی دۆڵەکە تێپەڕ ببوو، ئیترلە تیررەسی ئەواندا نەمابوو. ئەشرەف رزگاری ببوو. سەرەرای ئازاری دەستم، خۆشحاڵ بووم لە دوورکەوتنەوەی ئەو. بەهە ناسە بڕکێوە لە پێ کەوتم ولە سەرعەرز راکشام. دەستم گەرم بوو ئێشەکەی تەحەمووڵ دەکرا. یەک دققەی نەخایاند، یەکێ لە پاسدارەکان گەیشتە سەرم. بە هەراوهوریا دەستی کرد بە جنێودان:"کمونیستی واوالێهاتوو". بەشەکەتییەوە ولامم داوە: من مامۆستام. دەمویست بڕۆم بۆ گوندەکە. لوولەی تفەنگەکەی نایە نێودەمم وهەڕەشەی کرد کە دەمکوژێ. چەند جارێک ئەو کارەی دووپات کردەوە. چەند پاسداری تر لێمان نزیک بوونە وە. ئەو بەردەوام بوو لە هەڕەشە کردن. یەکێ لە هاوڕێکانی بەری بەو کارەی گرت. لێیان دەپرسیم: کوا هاوڕێکەت؟ چی بە سەرهات؟ کوا چەکەکەت؟ خۆیان دەیانزانی کە ئەشرەف لە دۆڵەکە تێپەڕیوەو دەستیان نایگاتێ و دەشیانزانی کە ئێمە چەکمان پێنەبوو.

دەستی راستیان گرتم. هەڵیانساندم وبەرەولای مینی بووسەکەیان بردم. لە ڕێدا هەڕەشەو بێ رێزییان دەکرد. ئارەقێکی زۆرهەمموولەشی داگرتبووم. کە لە ماشینەکە نزیک بووینەوە، هەستم بە تینوویەتی کرد. داوای ئاوم کرد. پاسدارێک هاواری کرد: ئاوی نەدەنێ. تۆزێ ئاویان لە کۆخەکە هێنا. بەس تۆزێ لێوم تەڕکرد. بڕێ لە ئاوەکەیان پژاند بە دەموچاومداو سواری مینی بووسەکەیان کردم. چما دەسکەوتێکی زۆریان گرتبێ، شانازی و الله اکبریان دەکرد. داوایان لێکردم لە کورسی دواوە دانیشم. کاتێ کەهەموو خڕبوونەوە، دە ستیان کرد بە"الله اکبر"و ئەو شوێنەمان بەجێ هێشت بەرەو"کیلانە". تازە بۆم دەرکەوت کە هەموویان جل وبەرگی یەکدەستی رەشیان لەبەر دایە، کە تاسووعاوعاشوورای وەبیردەهێنامەوە کەهەمووعازیەتباران رەش لەبەر دەکەن.

که مینی بووسەکە گەیشتە"کێلانە" سەیردەکەم دەستەیەکی زۆر لە خەڵکەکە لەبەر چایخانەکەدا کۆبوونەتەوە. "مەعرووف"، " حەیبەڵا "، " جەلال "و "عەباس گەوێڵی"م هاتەوە یاد. ماڵی حەبیب لە تەنیشت چایخانەکە بوو. مینی بووسەکە وەستا. خەڵکەکە منیان دەناسی بە ناباوەڕییەوە بە نیگاکانیان هاودەردییان دەردەبڕی. دیسان داوای ئاوم لە پاسدارەکان کرد. ئەوانیش داوایان لە خەڵک کرد کە ئاو بێنن. یەک نەفەر بە جامێ ئاوەوە رووی کردە ماشینەکە و لە پەنجەرەی مینی بووسەکەوە ئاوەکەی پێدام. ئاوەکەم نا بەسەرەوە کە پاسدارێک دەنگی دام. هەندێکم خواردبووەوە، کە ئاوەکەیان لە دەست گرتم. چەن دەققەیەک لەوێ ماینەوە و پاشان مینی بووسەکە بەرەو شاری"سنە" کەوتە ڕێ. بە نێو گوندەکەدا تێپەڕی و گەیشتە هەورازەکە بۆئەوەی گوندەکە بەجێ بێڵێ. خۆر لە ئاوابووندا بوو.
مینی بووسەکە بەرەو"کانی مشکان" دەچوو بیرم کەوتەوە کە ئەو کاغەزەی کە " حەمایل "ەکەمان لە سەر کێشابووهەروەها چەند بەیاننامەیەک لە گیرفانی پانتۆڵەکەمدا بوو. دەبوو بیانشارمەوە. یان سەریان تیابەرم. لە سەر کوورسی ئاخری مینی بووسەکە دانیشتبووم و کاغەزەکان لە گیرفانی لای راستمدا بوون. دەستی راستم خستە گیرفانمەوەو بەربوومە لەت وپەت کردنیان ولێیان گەڕام بۆئەوەی لە دەرفەتێکدا لە نێویان بەرم. جادەکە خاکی بوو. هەرکاتێ بە سەرتاسە(دەسەناز)یەکدا تێدەپەڕی، هەستم بە ئازارێکی زۆرلە دەستمدا بەتایبەت لە شوێنی برینەکەدا دەکرد. لە"کانی مشکان" کە تێپەڕین، تەقریبەن تاریکی کردبوو. هەندێ لەو ماشینانەی کە لە شارەوە بەرەو "کێلانە" دەهاتن، رادەگیران و بازدید دەکران. ماتۆڕسوارێک بەرەو کێلانە دەچوو، کە لە مینی بووسەکە نزیک بووەوە. کە بۆی دەرکەوت پاسدارن، نەوەستا وبە شانی مینی بووسەکەدا تێپەڕی. پاسدارەکان تەقەیان لێکرد (20). بەڵام نەوەستا و دەرباز بوو.
تەواو تاریکی کردبوو کە مینی بووسەکە گەیشتە گوندی"حەسەن ئاوا".
ئەو خەڵکەی کە لە نێو گوندەکەدا و لەسەر رێگای شاربوون، بۆیان دەرکەوت کە من گیراوم . مینی بووسەکە پاش چەند دەققەیەک وەستان،

کەوتەوە ڕێ . هەرچەند دەققە جارێک هەندێ کاغەزی ورد کراوم لە گیرفان دەردەهێناو لە پەنجەرەی مینی بووسەکەوە دەمدا بەدەم باوە.
مینی بووسەکە گەیشتە شاری"سنە". ئاراستەی رۆشتنەکەم گرتە ژێر چاوەدێری. لە شەقامی"حەسەن ئاوا"وە بەرەو شەقامی"تاج"و لەوێوە چووە نێو شەقامی" شەشەمی بەهمەن"و بەرەو بارەگای"کۆمەڵەی داکۆکی لە ئازادی و شۆڕش" کەوتە ڕێ وچووە نێو حەوشی بارەگاکەوە. حەوشەکە پڕبوو لە پاسدارکە هەموویان جل وبەرگی رەشیان لە بەردا بوو. یەکێکیان داوای لێکردم دابەزم. بە دوایدا دابەزیم. منی بردە نێو بارەگاکەو داوای لێکردم کە دانیشم. بەس ناو و شۆرەتمی پرسی. لە سەرکاغەزێک نووسی و رۆشت.

تا گەڕانەوەی ئەو هەرکەس لەوێوە تێدەپەڕی تەعلیقێکی تێدەگرتم. یەکێکیان بۆ ئەوەی ئازارم بدات، لەسەرچۆکم دانیشت و دەستی کرد بە بێڕێزی کردن وجنێودان. یەکێ بوو لەو لووسکە تارانییانە. وام نواند کە ئێشم زۆرە لەبەر ئەوەی لە کۆڵم بێتەوە. لێرەدا بوو کە بیرم لەوە دەکردەوە کە دوو رۆژپێشترچ کەسانێک لەو شوێنەدا بوون و لەگەڵ خەڵک چ پێوەندیەکی دۆستانەیان بوو. وەک پەردەی سینەما هەموو ئەو کەسانە هاتنە پێش چاوم کە پێشتر لەوێ دیبوویانم.
پاش نیوسەعات، بێ ئەوەی بیر لە هەڵبەستنی برینەکەم بکەنەوە، نەفەرێک بە کلا سۆرێکەوە هات و داوای لێکردم شوێنی کەوم. منی برد بۆلای ئوتۆمبیلێکی سیمورغ، کە پێشتر رایانگرتبوو. کە سوار بووین دوو نەفەر چەکدار لە دواوە بوون. نگابانی من بوون. شۆفێڕەکەو ئەو کەسەی کە منی هێنابوو لە پێشەوە بوون. ئەوانیش چەکداربوون. "کلاسۆرە"کەشیان پێ بوو، کە دیاربوو پەروەندە( دۆسییە) م بۆسازدەکەن. ئوتۆمبیلەکە لە شەقامی" وەکیڵ " و "مەردووخ"ەوە بەرەو پردی " کە مانگە ر" و" ئە سڵ 4 " کەوتە ڕێ. کاتێ کە گەیشتینە پادگان(مەعەسکەر)ی 28 ی سنە. بەڵگەکەیان پیشان داو لە دەرگای سەرەکییەوە چووینە ژوورەوە. رێگای خەستەخانەیان نەدەزانی. من کە چەند ساڵ پێشترلەوێ سەربازبووم، پێمگوتن لە کوێوە بڕۆن. بردمیانە

خەستەخانەکەو پەروەندەکەیان دایە دەست کارگێڕانی خەستەخانەکە. بەم شێوەیە چۆنییەتی دەسگیر بوونەکەم بۆ ئەحسەن گێڕایەوە.
ئێستا شەوی دووهەم بوو کە لەو ژوورەدا لەگەڵ ئەحسەن پێکەوە بووین. چارەنووسێکی نادیار چاوەڕێی دەکردین وئیمکانی هیچ چەشنە جوڵەیەک نەبوو. خەستەخانەکە بە تەواوی میلیتاریزە کرابوو. ئەو چەند ڕۆژەش کە ئەحسەن لەوێ بوو، پێدەچوو هیچکەس ئاگای لەو نەبوو. هەرچۆنێک بوو ئەو شەوەش گوزەرا.

# بەشی 3

## گوێزرانەوە لە پادگانی سنە

هەروەک رۆژی پێشتر، بە دەنگ وهەرای خزمەتکارەکان وەخەبەرهاتین. دوای خواردنی نانی بەیانی، چەند کەسێک بە جل وبەرگی شەخسی ( سویل)ەوە هاتنە ژوورەو و داوایان لێکردین لە گەڵیان برۆین. ئەحسەن نەیدەتوانی بڕوا. برانکارێکیان هێنا وئەویان خستە سەری. داوایان لە منیش کرد کە لەگەڵیان بڕۆم. لە کاتی تێپەربوون لە ساڵۆنەکە دەستەیەکی ترمان بینی کە ئەوانیش جل و بەرگی شەخسییان لەبەردا بوو، چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد. ئەوانیش لەگەڵمان کەوتن تا لە خەستەخانەکە چووینە دەرەوە. کاتێ لە دەرگای خەستەخانەکە چووینە دەر، بینیمان کە ئۆتومبێلێکی سیمورغی سپی و ئامبوڵانسێکی عەسکەری لەوێ راگیراون. ئامبۆڵانسەکە هێمای ( مانگی سوور)ی پێوە بوو. ئەحسەنیان بە برانکارەکەوە بردە نێو ئامبوڵانسەکەو داوایان لە من کرد لە پاڵ ئەودا دانیشم. چەن چەکدارێک کە جل و بەرگی ئاساییان لە بەردا بوو، لە بەشی دواوەی ئامبوڵانسەکە لەگەڵ ئێمە بوون. ترسێک لە نێوچاویاندا بوو، حاڵەتێکی"عەسەبی"یان بوو. ئامبوڵانسەکە کەوتە ڕێ. لەبەر خەستەخانەکەوە تا پێش دەرگای پادگانەکە، ئامبوڵانسەکە چەند جارێک کوژایەوە. دیار بوو سازنییە. ئۆتومبیلە سیمورغەکە بە دوامانەوە بوو. شوفێڕی ئامبوڵانسەکە جل و بەرگی عەسکەری لەبەردا بوو. نەشماندەزانی وەزعی کەسانی ناو سیمورغەکە چۆنە. ئامبوڵانسەکە چەند ساتێک وەستا.

لە دەرگای پادگان چووینەدەر، سەد مەترێک دوور نەکەوتبووینەوە کە ئامبوڵانسەکە وەستا. دیار بوو کە لەکار کەوتووە. یەکێ لەوانەی کە لە سیمورغەکەدا بوو و بەرپرسی دەستەکە بوو، بە حاڵەتێکی ترساوەوە دەرگای ئامبوڵانسەکەی کردەوە و داوای لێکردین دابەزین. ئەحسەنیان

هێنایە خوارەوە و منیش دابەزیم. سەیرئەکەم چەند کەسێک لەوانەی کە لە نێو سیمورغەکەدا بوون پێشتر دابەزیون و بەرەو ناوشار سەنگەریان گرتووە و ئەوانی تر بە ترس ولەرزەوە بە دەوری ئامبولانسەکەدا دێن ودەچن. بێسیم( بێتەل)ەکانیان پێکردبوو ودەنگ وهەرایان لێرەولەوێ دەهاتە گوێ. پاش چەند دققە سیمورغێکی ترپڕلە پاسدارهات وئێمەیان خستەناوی. ئەحسەن جێگای راکشانی نەبوو، قاچە پێکراوەکەی کە لە گەچ گیرابوو، هەروا راکێشا. وەزعەکە زۆرنائاسایی دەهاتە پێش چاو. من بیرم لەوساتەی دەکردەوە،کە شۆڕشگێڕانی شار فریامان دەکەون و رزگارمان دەکەن. لەو چەند دقەدا کە ئامبولانسەکە پەکی کەوتبوو، پاسدارەکان زۆردەترسان. ترس لە هەڵس وکەوت و رەنگە پەڕیووەکەیان دەباری. پێدەچوو کە وایاندەزانی ئێستا نە تاوێکیترهێرش دەکرێتە سەریان.

لەوکاتەدا سیمورغێکی تریش گەیشت. لە وتووێژیان بە بێسیم، دیاربوو کە لەگەڵ ئەوانەی کە لە نێو ئوتومبیلەکانی تردا بوون، پێوەندییان هەیە. پاش تۆزێ موناقشە، رێگای شەقامی " مەردوخ"یان هەڵبژارد.

من و ئەحسەن هەموو قسەکانمان دەبیست. ئەوان لە گەڕەکی "ئاغەزەمان" کە گەڕەکێکی نێوشاری سنە بوو، دەترسان. یەکێکیان کە بە بێسیمەکە قسەی دەکرد، ناڕەزایی خۆی لەگەڵ تێپەڕ بوون بە نێوەراستی شاردا دەربڕی.

من لە لای چەپ وئەحسەن لە لای راستی بەشی دواوەوەی سیمورغەکەدا بووین، بە نیگاکانمان پیشانماندەدا کە لە ترس ولەرزیان لەزەت دەبەین وهەستی خۆمان بە نیگا، دەردەبڕی. ترسەکەیانمان بە نیشانەی زەبوونییان دەزانی. ئوتومبێیلەکان ببوونە سێ دانە. تا ئاخرین ساتی پێش رێکەوتن، ئەوانەی کە بەرەو نێوشارسەنگەریان گرتبوو، هەروا ڕا کشا بوون. هەرکە ویستمان رێکەوین، ئەوانیش هاتن وسواربوون. سێ سیمورغ بەدوای یەکدا بەرەو نێوشار کەوتنە ڕێ. ئەو سیمورغەی کە ئێمەی تێدا بووین لە نێوان دوانەکەی تردا بوو.

بەشی دواوەی ئەو سیمورغەی کە ئێمەی تێدا بووین، تەنگەبەر بوو، هەرکاتێک بە سەر تاسە(دەسەناز)یەکدا تێدەپەڕی، شوێنەواری ئازار لە رووی ئەحسەندا بەدی دەکرا.
گەیشتینە سەرە تای شەقامی " شاپوور" و گەڕەکی "ئەسڵ چۆار". لەو سەردەمەدا زۆربەی دانیشتوانی ئەو گەڕەکە پێکهاتبوو لە خەڵکی گوندەکانی دەوروپشتی شا ر. بەتایبەت خەڵکی" نەوەڕە"،"گەرماش"و" ئیسی ئاوا" کە باریان کردبوو بۆ شار.
کە لە لێژی شەقامەکە تێپەڕین، " شوکراللە "ی مێردی پوورزاکەمم بینی کە لەمبەر شەقامەکە، دەپەڕییەوە بۆ ئەوبەر. کە منی لە نێو ماشینەکەدا بینی، سەری سووڕماو بە دوای ماشینەکەدا ئەیڕوانی.
کە لە ئوستانداری نزیک بووینەوە، " فە خرەدین رەحمەتی" ( 21 ) خاڵۆزام بینی کە بە پیکاپ(وانێت،تاکسی بار) یکەوە لە پردی " کەمانگەر"ەوە بەرەو " ئە سڵ چوار"دە چوو.



**فەخرە رەحمەتی( نەوەڕە)**



**فەخرەرەحمەتی**

ئەو دیبووی کە سێ سیمورغ پڕلە چەکدار لە"ئەسڵ چوار"ەوە بەرەو ناوشار دەچن، هەروەها" شوکراللە"ی دیبوو ئەویش پێی وتبوو کە منی لە نێو سیمورغەکەدا دیوە، ئەمە بەو مەعنایە کە منیان لە پادگانەوە ڕاگوێزاوە. "فەخرە" خێرا دەوری دابووەوە وکەوتبووە شوێن ئەو ماشینانەی کە ئێمەیان دەبرد. لە سەر پردی "کەمانگەر"، لە بەردەم چایخانەی گەڕەکەکەدا، دەستەیەک خەڵک وەستا بوون، فەخرە لەوانی پرسیبو کە سیمورغەکان لەکوێوە رۆشتوون. ئەوانیش پێیان وتبوو. هەربۆیە رێگای " شەقامی مەردووخ"ی گرتبووە پێش.

هەروەها کە پێشتر روونم کردەوە کەسانی نێو دوو ئوتومبیلەکەی تر بە بێسیم لەگەڵ چەکدارانی نێو سیمورغەکەی ئێمە پێوەندیان هەبوو، ئێمە قسەکانیانمان دەبیست. رێگاکە ئاوا دەسنیشان کرابوو. شەقامی مەردووخ ،" وەکێڵ"، مەیانی" ئێقباڵ" و سەرەتای "شەشەمی بەهمەن". لێرەدا بوو کە بە بێسیم گوتیان کە تاکسی بارێک بەشوێنیانەوەیە.
وای بۆچووم کە ئەوە "فەخرەی نەوەڕە" یە. بەو شێوەی کە من ئەوم دەناسی، دەمزانی کە شوێنمان کەوتووە بۆئەوەی بزانێ بۆکۆیم دەبەن. کە لە" شارەبانی" ( مەڵبەندی پولیس) نزیک بووینەوە، ترسەکەیان زیاتر بوو. لە بێسیمەکەدا دەیانگوت کە هێشتا پیکاپەکە هەر بە شوێنیانەوەیە. من و ئەحسەن پیکاپەکەمان نەدەبینی، لەبەرئەوەی کە سیمورغەکەی ئێمە لە نێوان ئەو دوانەی تردا بوو. لە سێ رێیانی " شە ریف ئاوا"دا گوتیان کە پیکاپەکە هێواشی کردووەتەوە و وەستاوە. رۆیشتنەکەمان تا " باشگای ژاندارمری"(یانە ی ژەندرمەکان)ی پێشوو، کە دوای راپەڕین ببووە بارەگای "کۆمەڵەی داکۆکی لە ئازادی و شۆڕش"، درێژەی هەبوو. ئەم شوێنە دوای فەرمانی هێرشی خومەینی بۆ سەر سنە، لە لایەن"بەرگ رەشان"ەوە داگیرکرابوو.
پاش لادان بەلای چەپدا وچوونە ژوورەوە بۆ نێو حەوشی بارەگاکە، رایانگەیاند کە پیکاپەکە گەڕاوەتەوە. بەڕوونی دەمزانی کە فەخرە دەست هەڵناگرێ. ( دواتر، فەخرە بۆی گێڕامەوە کە چووەتە " شەقامی تاج"و دیسان گەڕاوەتەوە و چاوەڕێی کردووە کە ئاکام دەبێتەچی و بە چوونە ژوورەوەی ئوتومبێلەکان بۆنێو بارەگا تازەکەی "بەرگ رەشان"، دڵنیا بووە کە من لەوێم.)
کاتێ کە چووینە نێو حەوشەکە، چەکدارێکی زۆرمان بینی کە جل وبەرگی رەشیان لەبەردا بوو. دەستە دەستە لە دەوروبەری حەوزەکە وەستا بوون و قسەیان دەکرد. دەستەیەکیش راکشابوون. ئەمانە هەر ئەو تاقمە بوون کە چەند رۆژ پێشتر تەقەیان لە من و"ئەشرەف" کرد بوو.
قەرەباڵغییەکە بەچەشنێ بوو کە پێدەچوو، ئەو شوێنە بووبێ بە جێگایەک کە لەوێوە هێز بەرێ کەن بۆ شوێنی دیکە،ولە گەڕانەوەدا لەوێ بحەسێنەوە.



ئەیوب نەبەوی

نزیکەی چارەکە سەعاتێ لەنێو سەیارەکەداماینەوە. لەوکاتەدا بیرم لەو کەسانە دەکردەوە، کە پێشتر لەو شوێنەدا خەریکی چالاکی بوون، بەڵام بۆ داکۆکی لە ئازادی ومافی خەڵک. واتە کەسانێ کە سەربە رەوتی سیاسی جۆربەجۆر بوون. بەڵام یەکیان گرتبوو وە لێبڕابوون کە خەباتی خەڵک رێبەری بکەن. کەسانێ وەک "سدیق کەمانگەر"، "ناسێح مەردووخ"، "مزەفەر محەمەدی"،"جەمیل مەردووخ"، "شوعەیب زەکەریایی" و"ئەیووب نەبەوی" و...



سەدیق کەمانگەر و خانەوادە

هەروەها بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن"جەمعییەت"لە بەرانبەر دارودەستەی"موفتی زادە"دا، کە دەیانویست هێرش بکەنە سەر"جەمعییەت" سەنگەری گرتبوو، کە بووە هۆی ئەوە کە گەنجەکانی شار دژبە موفتی زادەییەکان بوەستن.



**له چەپەوە بۆ راست1- ناسێح مەردووخ2– محەمەد کەماڵی 3- پەرویز شا فعی**

یان بەڕێکردنی گرووپی پزشکی له لایەن"جەمعییەت"ەوە بۆ یارمەتی گەلی تورکمەن سەحرا و وەرگەڕانی مینی بووسەکە وکوژرانی 9 کەس له پیاوان و شێرەژنانێ که بۆهاوپشتی له گەڵ هاوچارەنووسانیان چووبوون. خۆبەختکردنی ئەو کەسانە، هێمای هاوچارەنووس بوونی گەلانێکه که لێبڕاون بۆ دەستەبەرکردنی مافی خوراوۆیان،خەبات بکەن.
یان رێخستنی رێپێوانە مێژووییەکە بەرەو مەریوان، بۆ پشتیوانی له خەڵکی تێکۆشەری ئەو شارە و ناڕەزایی دەربڕین( اعتراض) سەبارەت بە گرتنی دەستەیەک له خەباتگێڕانی شاری سنە.
ئەمانەو دەیان بیرەوەری تروەک پەردەی سینەما بە بەرچاومدا تێدەپەڕین، که ئاماژە بوون بۆ پیشاندانی ئیرادەی مرۆڤگەلێکی شۆڕشگێڕو هێزی گەل بۆ وەدی هێنانی ئەو خواستانە.
لەم بیرانەدا بووم که یەکێ له پاسدارەکان گەڕایەوەوهەندێ کاغەزو لۆکەو دوو دەسرەی پێ بوو. گوتی دەیەوێ چاومان ببەستێ. لۆکەی له سەر چاومان داناو بە دەسڕە بەستی. پاش ماوەیەکی کورت سەیارەکە کەوتەڕێ. نەمدەزانی بۆ چاویان بەستین. بەڵام لام وابوو بەو کارە دەیانەوێ بەڕێمانکەن بۆ مەیدانی تیر.

# بەشی 4

## فڕگەی سنە

سەیارەکە لە حەوشی"جەمعییەت" چووە دەرەوە. رێگای رۆیشتنەکەم لە زێهنمدا دایە بەر چاوەدێری. بە لای چەپدا لایدا، دیاربوو بەرەو جادەی کرماشان دەڕوا. پاش چەن دقەیەک لە شوێنێکدا وەستا. دەنگ وهەرایەکی زۆر دەهاتە گۆی. داوایان لێکردم دەسرەکە لە سەر چاوم لابەرم. لام برد. لە بازگەی پۆلیسی رێگا (مروور)ی سنەدا بووین کە زۆرلە فڕگەوە دوور نەبوو. ئەوێش بەتەواوی لە دوخێکی نیزامی(عەسکەری)دا بوو. سەیارەیەکی زۆر بەریان پێگیرابوو کە بپشکێنرێن. ئەو مەئموورانەی کە ئێمەیان دەگواستەوە، لەگەڵ پاسدارانی ناو بازگەکە هەندێ دووان و پاشان بەرەو فڕگە رێکەوتن.

لە پارکینگی فڕگەکەدا لە سەیارەکە دابەزیم ولەگەڵ یەکێ لە پاسدارەکان رۆشتم. چەن کەسێک برانکارێکیان هێنا و ئەحسەنیان لەسە ر پاڵخست و بەرەو بیناکەیان هێنا. کە لە دەرگاکە چووینە ژوورەوە، داوایان لێکردم لە ریزێک پلە(قادرمە) سەرکەوم. بردمیانە ژوورێکی تەقریبەن 2 لە3 مەتر. سەرخستنی ئەحسەن ئاسان نەبوو. مەوداکە تەسک وباریک بوو. هەر جۆرێک بوو هێنایانە سەر. دواتر ئەحسەن گوتی: ”پاسدارەکان چوونە ژێر باڵم وبە پلەکاندا سەریان خستم”. ئەو ژوورە یەکێ لە ژوورەکانی بورجی فڕگەکە بوو. هیچ کەرەسەیەکی حەوانەوەی تێدا نەبوو. چەند پەتوو(بەتانی)ی عەسکەرییان هێنا و ژوورەکەیان پێ فەرش کرد. ئەحسەنیان لە لای سەرەوەی ژوورەکە لە سەر پەتوویەک راکێشا. چەند پەتوویەکیش بوونە سەرین بۆی و پەتوویەکیشی نایە ژێر قاچی. نگابانێکیان لامان دانا. بە لەبەرچاو گرتنی وەزعی شپرزی قاچی

ئەحسەن، هەستم کرد کە جامانەکەم(کە دەستمیان پێ هەڵبەستبوو)، زیا تر بۆ ئەو پێویستە.( لەو وێنانەدا کە لە دیمەنی ئێعدام کردنەکان گیراون، دەبینرێ کە ئەحسەنیان لەسەر برانکارەکە پاڵخستووە و بە جامانەکە چاویان بەستووە.).
کە لەگەڵ ئەحسەن تەنیا کەوتین، مەودای قسەکردنمان بۆ رەخسا. پاش تاوێک یەکێ لە پیاوانی رژێم کە کورد بوو(عەبەی یارە) ومنی دەناسی و ئاشنای خاڵم بوو، هاتە لام وگوتی: ''هەموو ئەندامانی بنەماڵەت لە دەرەوەی فڕگەکەدا کۆ بوونەتەوە و داوایان لێکردووم کە قسەت لەگەڵ بکەم''. عەبەی یارە هیچی لە دەست نەدەهات و منیش متمانەم پێی نەبوو. هیچ پەیامێکم بەودا نەنارد. بەجێی هێشتین. بۆم دەرکەوت کە فەخرە توانیویەتی شوێنمان هەڵکاو بۆی دەرکەوتووە کە هێنراوینەتە فڕگە. پاش تۆزێک هەوڵمدا وەزعییەتی شوێنەکە تاوتۆی بکەم. ژوورەکە نزیک بوو لە ژووری کونترۆڵی فڕگەکەو لە قاتی دووهەمدا بوو. لەوێوە بەشێک لە باندی فڕگەکە دەبینرا.
من پێشتر باسی چۆنییەتی دەسگیربوونەکەی خۆمم بۆ ئەحسەن کردبوو، کاتی ئەوە بوو کە ئەویش باسی دەسگیربوونی خۆی بکا. هەربۆیە پرسیارم لێکرد. ئەویش کارەساتەکەی ( ئەوندەی لە بیرم بێ و زیهنم یارمەتیم بدا) ئاوا گێڕایەوە.

''ئیمە لە تاران دەژیاین. هەموو ئەندامانی بنەمالەکەمان ئێستاش لەوێن. پاش ئەوەی لە سنە کۆچمان کرد، لە تاران درێژەمدا بە خوێندن و پاش وەرگرتنی دیپلۆم(تەواوکردنی ئەعدادی)، لە زانستگای پولی تێکنیک وەرگیرام. لەوێ لەگەڵ چەند ئەندامێکی (چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران) ئاشنا بووم. ئەو ئاشناییە بووە هۆی ئەوە کە دوای راپەڕین( انقلاب ) بچمە نێو تەشکیلات(تەنزیمات)ی ئەوانەوە. لە بەر ئەوەی کورد بووم ، بۆ چالاکی کردن ناردمیانەوە بۆ کوردستان و لەگەڵ (چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران) لقی کوردستان، دەستم کرد بە چالاکی.
دەرەبەگەکانی ناوچەی خوڕخوڕەی سەقز، کە کەوتووەتە نێوان سەقزو دیواندەرە، چەکیان هەڵگرتبوو کە پێش بە داگیرکردن و بەشکردنی

زەوییەکانیان بگرن و ئەو زەوییانەش کە پێشتر دابەش کرابوون وەربگرنەوە. ئێمەش لەلایەن سازمانەکانەوە بۆ داکۆکی کردن لە جوتیارەکان بەشداریمان کرد لە شەڕ دژی دەرەبەگەکان. لەو شەڕەدا هێزەکانی یەکییەتی جوتیارانی مەریوان، دیواندەرە، جەمعییەتی شارەکانی سەقزوبۆکان وکۆمەڵەی یەکسانی و ئیمە بەشداربووین. لەو شەڕەدا چەند کەس لە دەرەبەگەکان کوژران و ئەوانی تر رایان کرد.هەروەها لەو شەڕەدا"یەحیا خاتوونی" سەربە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران(کۆمەڵە)(24) و"سەید رەشید" سەربە کۆمەڵەی یەکسانی و پێشمەرگەیەکی یەکییەتی نیشتمانی کوردستانی ئێراق شەهید بوون.

چەند رۆژێک دوای شەڕەکە من و جەمیل یەخەچاڵی و شەهریاری برام، کە دانشجوو(خوێندکار)ی ساڵ سێی پزشکییە و بۆ سەردانی من هاتبوو بۆ کوردستان، هەروەها کەسێکی تر، کە خەڵکی کرماشان بوو، لەنێو سەیارەیەکی سازمانی چریکە فیداییەکاندا بووین ولە مەریوانەو بۆسنە دەهاتین. هەندێ چەک وچۆڵ وبەڵگەمان لە نێوسەیارەکەدا شاردبووەوە.

لە بازگەی"قەتەوەن"(پاسگاە ژاندارمری رێگای سنە- مەریوان) بە چەک وبەڵگەکانی نێوسەیارەکەیان زانی وئێمەیان، وەک کەسانی دژبە رژێم، دەستبەسەر کرد. کوڕە کرماشانییەکە خێرا دەستی کرد بە ڕاکردن و توانی خۆی دەربازبکا. پاسدارەکان دوای راکردنی هاوڕێکەمان خۆیان زیاترکۆکردەوە و ئیمەیان گواستەوە بۆ ژوورێک کە لە زیندان نەدەچوو. پێدەچوو ماوەیەکی کورت لەوێ دە بین. پێشترکەسێکی تریان گرتبوو، کە دوای ماوەیەکی کورت بانگیان کرد وبردیان. زۆربەی چەکدارانی ئەو بازگەیە جاشی خۆجێی(بومی) بوون. لەوهەلومەرجەدا مەترسییەکی گەورە چاوەڕێی دەکردین، چۆنکە چەک وچۆڵەکەیان لێگرتبووین. دەبوومشوورێک بخۆین چونکە لە زووترین کاتدا ئێمەیان دەدایە دەست سپای پاسدارانی سنە.

هەرسێکمان بیروڕامان کرد و بڕیارماندا ڕاکەین. لە کاتی گواستنەوەماندا رامان کرد. لە بازگەکەوە، کە بەسەر تەپۆڵکەیەکەوە بوو، بەرەو کەندالێک، کە لە بازگەکەوە نزیک بوو، رامان کردو خۆمان گەیاندە ئەوێ. نگابانەکان تەقەیان لێکردین کە بەرنەکەوتین وبەردەوام

رامان دەکرد. لە شوێنێکدا کەندالەکە دەبووە دووبەش، لەوێدا لەپڕ فیشەکێک بەر رانم کەوت. ئیترنەمتوانی راکەم. چەند هەنگاوێک بەدوای هاوڕێکانمدا، کە هێشتا ئاگاداری پێکرانی من نەبوون، خۆم کێش کرد. ئەوانەی شوێنمان کەوتبوون، لە دوورەوە تەقەیان لێدەکردین. جەمیل و شەهریار بۆیان دەرکەوت کە من دواکەوتم. خێرا گەڕانەوە وهەوڵیاندا لەگەڵ خۆیان بمبەن.
فیشەکەکە بەر ئێسقانی ڕانم کەوتبوو. نەمدەتوانی قاچ لە سەر زەوی دانێم. جەمیل و شەهریارچوونە ژێربالم وهەوڵیاندا کە لەگەڵ خۆیان بمبەن. رێگای کەندەلانەکەیان گۆڕی لەبەرئەوەی هەورازو نشێوی زۆربوو، ماندووی دەکردن . جگەلەوەش، پاسداروجاشەکان کەندەلانەکەیان دابووە بەردەستڕێژ. تۆزێ دووورکەوتینەوە، گەیشتینە شوێنێ کە دارێکی زۆری لێبوو، لە نێوەراستی دارەکاندا پارچە زەوییەکی ساف هەبوو. لەو زەوییەدا باخە(باقە) شەوەری دووراویان دانابوو کە وشک بێتەوە. کابرایەک لەوێ خەریکی کارکردن بوو، داوامان لێکرد کە من حەشاربدا. کابرا لە تەقەکە ترسابوو، لە یارمەتی دانمان بە گومان بوو. جاش و پاسدارەکان نزیک ببوونەوە. چەندین جارداوام کرد لە جەمیل وشەهریارکە بەجێم بێڵن ودەربازبن، بەڵام قەبووڵیان نەکرد. لە بەرئەوەی کە هێزیان نەمابوو، جاش و پاسد ارەکانیش نزیک ببوونەوە، بڕیاریاندا لە ژێرباخەگیاکاندا بمشارنەوە. دوای شاردنەوەی من، خۆیان لە نێودارەکاندا حەشارداو دامیانە ژێرچاوەدێری کە بزانن چیم بەسەردێ.
جاشەکان گەیشتنە شوێنەکە. یەکێکیان هەرلەدوورەوە بانگی کرد لە خاوەن مەزراکەو داوای کرد خۆی دەرخا. دیاربوو کابرا لە ترسا خۆی شاردبووەوە. ئاخری دەرکەوت و چووە پێشەوە. هاوڕێکانم ئەو دیمەنەیان دەبینی، بەڵام قسەکانیان نەدەبیست. دوای قسەکردن لەگەڵ کابرای خاوەن مەزرا، کەوتنە پشکنین. داوایان لێماندەکرد خۆبدەین بەدەستەوە وهیچ ترسێکیان نەبوو. چونکە دڵنیابوون کە ئێمە چەکمان نییە. من چرکەم نەدەکرد. گەرمای ژێرتایەگیاکە تەنگی پێهەڵچنیبووم. ئێش وئازاری قاچیشم سەرباری گشتی. جاشەکان بەربوونە

ژێروژووركردنی تایەگیاكان تا گەیشتنە سەرئەو تایەی كە منی لەژێردا بووم.
گیاكەیان لادا ومنیان دەرهێنا. شەهریاروجەمیل كە ئەمەیان بینی، واتە كە بۆیان دەركەوت من دیل كرام، لە حەشارەكە هاتنەدەرو خۆیان بەدەستەوە دا. ئەوان دەیانتوانی راكەن و خۆیان دەربازكەن. بەڵام وایان نەكرد. ئاشكرابوو كە حەزیان نەدەكرد من بەجێ بێڵن. ئەوانیان قۆڵبەست كرد و هێنامانیانەوە بۆ بازگەكە ودەسبەجێ گۆێزامانیانەوە بۆ سنە. منیان بۆتیماركردنی برینەكەم برد بۆ پادگان. ئێستا نازانم هاوڕێكانم لە كوێن و ویژدانم ئازارم دەدات.
هەندێ دڵدانەوم كرد وگوتم: بەهەرحاڵ ئەم وەزعە پێش هاتووە. خۆت ئازارمەدە. تازە كارلە كار ترازاوە. ئەحسەن بەوقسانە نەدەحوایەوە. دڵی تەنگ بوو. رێزی دەنا لەوەی كە هاورێكانی لە پێناوی ئەودا خۆیان بەخت كردووە وخۆی بە تاوانباردەزانی. لەم قسانەدا بووین كە جەمیل و شەهریاریان هێنایە لامان.
هەرگیز ئەو دیمەنە فەرامۆش ناكەم (ئێستاش دوای 29 ساڵ جاروبارئەو دیمەنە لە پێش چاومدا زیندوو دەبێتەوە). هەر دوو براكەو جەمیل یەكتریان لە ئامێزگرت. ناوبەناو چاویان دەبڕییە نێوچاوانی یەكترو دیسان یەكتریان لە ئامێزدەگرتەوە و یەكتریان ڕادەمووسی. پێدەچوو بڕوایان نەدەكرد كە جارێكی تر یەكترببینەوە و ئەو دیدارە شتێكی چاوەڕوان نەكراو بوو.



جەمیل یەخەچاڵی

ئەوان منیان نەدەناسییەوە. جەمیل یەخەچاڵی خەڵکی سنە بوو. بەڵام من لەنزیکەوە نەمدەناسی. ئەحسەن منی پێیان ناساند و بە لێدوان لەبارودۆخی ئەو سەردەمە، زیاترلێک نزیک بووینەوە وسەربەستانە باسی شتەکانمان دەکردو پێوەندییەکی نزیکمان لا درووست بوو. باسی رابردوو و بیرەوەرییەکانی سەردەمی منالّیمان دەکرد. شەهریار وردەوردە شتەکانی وەبیردەهاتەوە. جەمیل و شەهریارلەوەی کە جارێکی ترئەحسەنیان دۆزیبوەوە زۆرخۆشحاڵ بوون. باسی چۆنییەتی دەستبەسەربوون و گواستنەوەیان بۆ زیندانی ژاندارمری سنە دەکرد. لەوچەند رۆژەدا جەمیل توانیبووی لە ڕێگای کەسێکەوە، ئەندامانی بنەماڵەکەی ببینێ. کەس و کاری هەوڵی زۆریان دابوو رزگاری بکەن، بەڵام نەکرابوو.



**شەهریار ناهید**

لەوکاتەدا هەندێ کاغەزیان بۆ هێناین و داوایان لێکردین کە بەسەرهاتی خۆمان و چۆنییەتی دەستبەسەر بوونمان بنووسین. ئەوان خەریکی نووسین بوون و منیش کە پەروەندەکەم پێوەندی بەوانەوە نەبوو، بەجیا بەسەرهاتی خۆم نووسی و پیماندان.
پاش ئەوەی کە جەمیل و شەهریاریان هێنایە لای ئێمە، پاسدارێکی گەنج کە تۆزێ ریشی هێشتبووەوە و جل و بەرگی پاسداری لەبەردا بوو، جاروبار دەهات و موناقشەی لەگەڵ دەکردین. دەیگوت: باشە کورد چی دەوێ؟ کورد تجزیەطلب(جیایی خواز)ن. دژی شۆڕشن! دەیانەوێ لە ئیران جیا ببنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێک بێنن. ئەو بێڕێزی پێدەکردین و شتی ناشیرینی بە کچانی کورد دەگوت. ئێمەش لە بەرانبەریدا دەوەستاین و اعترازمان دەکرد بە جنێودانەکانی و دەمانگوت

ئەگەرقسەیەکی هەیە باشتروایە وەک بەچکەی بنیادەم باسی بکا و دەکەوتینە موناقشە لەگەڵی. لەبەرانبەرقسەکانیدا، بەپێی بۆچوونی ئەو کاتەمان لە خەباتی گەلی کورد بۆگەیشتن بە مافە ڕەواکانی، داکۆکیمان دەکرد. دەمەتەقێکان هەرجارەو نیوسەعاتێکی دەخایاند. قسەکانی ئەومان بەرپەرچ دەدایەوە و دەلیل و بەڵگەمان دەهێنایەوە. ئیمە ئاگامان لە مەبەستی ئەو پاسدارە نەبوو. بەڵام دواتر واتە لەکاتی بەناو موحاکمەکەدا کە لە لایەن خەڵخاڵی جەلادەوە دەکرا، بۆمان دەرکەوت کە ئەو باس وموناقشە لە پەروەندەکانماندا نووسراوە و لە سەرمان کەوتووە.

ئەو ڕۆژەمان وەکوو هەموو زندانییەکی تر بە قسەکردن لە بابەت وشتی جۆربەجۆربردە سەرو رەوتی خەباتی گەلی ئێران وبەتایبەت گەلی کوردستانمان بۆ یەکترتاوتۆێ دەکرد. باسی بیرەوەرییەکانی سەردەمی منالّی و پردی مەڵاوەیسی و کەسانی وەک"تەکش بێکەس" و"نەورۆز گەنجی"مان دەکردو هاوکات بیریشمان لەوە دەکردەوە کە چ چارەنووسێک چاوەڕێمان دەکات!؟؟

## بەشی5

### بازجوویی

سەرلە بەیانی رۆژی دواتر پێیان ڕاگەیاندین کە ئاخوونێک بە ناوی" ئایەتووڵڵا هەشتروودی"، کە پێشگری "دوکتور" لە سەرەتای ناوەکەیدا دەگوترا،هاتووە بۆ سنە. ئەو کەسە بە جل وبەرگی مەلاییەوە لە شوێنێکی تری ئێرانەوە هاتبوو کە لە گیراوەکان بازجوویی بکات و ڕێگا خۆش بکا بۆ ئاخوونێکی کۆنەپەرەستی دیکە، بۆئەوەی بە پێی ئامادەکارییەکانی ئەو، هەندێ قوربانی تر لەنێو خەباتگێڕانی کوردستان دەستەبەربکرێ. ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەسەر پایەو مەقام و کەسایەتی ئەو کەسە نەبوو. بەس لامان وابوو کە دەبێ لە داش(موهره)ە گرنگەکانی رژێمی ئیسلامی بێ.

جەمیل و شەهریاریان بەجیا بردە قاتی خوارەوە بۆ بازجوویی. کە گەڕانەوە بۆ لای ئێمە، باسی ئەو شتانەیان دەکرد کە لە وڵامی پرسیارەکاندا گوتوویانە. دیارە من و ئەحسەنیش دەبوو ببرێینە خوارەوە بۆ بازجوویی. بەڵام لەبەرئەوەی ئەحسەن نەیدەتوانی سەرو خوار بکات، بڕیاریاندابوو لە پێشدا ژووریکی تر لە قاتی خوارەوە بکەنە زیندان بۆمان کە نزیک بێ لە ژووری بازجوویی. لە پێشدا من وجەمیل و شەهریاریان بردە خوارەوە و دواتر ئەحسەنیشیان هێنا. ژوورێکی بچووک بوو، پێدەچوو شوێنی مەسئوولەکان بێ. نگابانێکیشان لە بەر دەرگاکە دانابوو، دەرگاکە ئاوەڵا بوو، ئێمە نگابانەکەمان دەبینی. یەکەم شت کە لە ژوورەکەدا سەرنجی ڕاکێشاین، هەندێ چەک وچۆڵ بوو کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون. لەو شتە رامایین. ئایا ئەو چەکانەیان بۆ تاقیکردنەوەی ئێمە دانابوو؟! یان لە کەمتەرخەمیان بوو؟ یان...؟؟

هەرچی بوو، لێی بەگومان بووین. ئەحسەنیان برد بۆ بازجوویی. دوای ماوەیەک هێنایانەوە. بوونی ئەو چەکانە سەرنجی هەمووومانی راکێشابوو. جاروبار چاومان لێدەبڕین. دیسان نۆرەی جەمیل وشەهریارهاتەوە، بە جیا دەیان بردن ودەیانهێنانەوە. پەروەندەی هەرسێکیان پێوەندی هەبوو پێکەوە، بەردەوام ئەمیان دەبرد و ئەویان دەهێنا.

ئاخری هەمووومان کۆبووینەوە. ئەم جار نۆرەی من بوو، بۆ ئەوەی بمبەنە لای هەشترووودی. ئەحسەن گوتی: دەتوانین ئەو چەکە هەڵواسراوانە بە کار بێنین وبە شەڕدەربازبین. بەڵام بیرمان لەوە دەکردەوە کە رەنگە داویان بۆ ناوینەتەوە. بارودۆخەکەشمان هەڵسەنگاند، بە لەبەرچاوگرتنی برینداربوونی من وئەحسەن، ئەو دوانەی تریش کارێکیان پێنەدەکرا. تازە، دەرەوەش بە خەستی میلیتاریزە کرابوو، کارێکی وا، سەرکەوتوو نەدەبوو، تەنانەت لە ژوورەکەش نەماندەتوانی بچینەدەرو دڵنیاش نەبووین بتوانین ئەو چەکانە بەکاربێنین و تووشی گومان ببووین. مەودای جووڵانەوەمان نەبوو، کاری وا، وەک خۆکوژی وابوو.

خەریکی ئەم باس وخواسە بووین کە نگابانەکان هاتن و داوایان لێکردین کە بەپەلە خۆمان ئامادە بکەین بۆئەوەی دیسان بمانگوێزنەوە بۆ قاتی سەرەوە. دیسان هێنامانیانەوە نێو ژوورەکەی پێشوو. پرسیمان چی رویداوە؟ گوتیان کە لەنێو شاردا خۆپیشاندان کراوە و خەڵک هێرشیان کردووەتە سەر دایەرە دەوڵەتییەکان و شووشەوپەنجەرەی بانگەکانیان شکاندووە. داوای ئازادکردنی زیندانییەکانیان کردووە و پێدەچێ بەنیازن هێرش بەرنە سەر فڕگەش. هەندێ لە خۆپیشاندەرانیان گرتبوو. دەنگوهەرای زۆر لە راڕەوەکاندا دەهاتە گوێ و هاتووچۆی پاسدارەکان نائاسایی بوو. ئەوە نیشانەی ترس و سەرلێشێواویان بوو. من هێشتا بازجوییم لێنەکرابوو. بەس ئەو کاغەزەیان لابوو

که چۆنییەتی دەسبەسەربوونەکەم تێدا نووسیبوو. دوکتورهەشتروودی هەرئەوکاتە بە تەیارە گەڕابووەوە بۆ تاران. ئێمە ئیتر نەماندی. لامان وابوو هۆکاری گەڕانەوەی بەس ترس بوو لە جووڵانەوەی خەڵک. من راستەوخۆ لەگەڵی رووبەروو نەببووم. بەس لە کاتی گوێزانەوەماندا بۆ قاتی خوارەوە، لە دوورەوە دیبووم کە جل و بەرگی مەلایی لەبەردا بوو. بەڵام مێزەری بە سەرەوە نەبوو.

دیسان لە ژوورەکەماندا، لە نێوبورجی فڕگەدا، قسەوباس دەستی پێکرد. هەرکەسەو لەسەرچۆنییەتی بازجوو‌ییەکەی خۆی و ئەو شتە دژبەیەکانەی کە وتبووی، باسی دەکرد. من خۆم تێوەرنەدەدا. لەبەرئەوەی لە وردەکاری شتەکانیان ئاگادارنەبووم. ماوەیەک گوزەرا. هەرکەسەو لە دنیای خۆیدا بێ ئەوەی لەگەڵ ئەوانی تربدوێ بیری لە چارەنووسی نادیاری خۆی دەکردەوە. ئەورۆژە تا ئێوارە بە ئاخاوتن چووەسەر.

## بازداشتگای فڕگە

سەعات لە نێوان 7 و8ی ئێوارە، ئاگاداریان کردینەوە کە خۆمان ئامادە کەین. دەیانویست دیسان شوێنەکەمان بگۆڕن. چەن پاسدارێکی چەکدار دەوریان گرتبووین. من، جەمیل و شەهریاریان لە ژووری تەنشت بورجەکەی فڕگەوە هێنایە

خوارەوە و لە دەرگای بیناکە بردمانیانە دەرەوە. تاریک و لیڵە بوو، لەو شوێنە کە پارکینگ و بینای فڕگەکەی لێبوو، تێپەڕین. هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان نەدا کە بۆ کوێمان دەبەن. ئێمەیان بردە بینایەکی تر کە لەو دەوروبەرەدا بوو. لە دەرگاکە چووینە ژوورەوە، لە ڕاڕەوەکەدا، داوایان لێیکردین بچینە ژوورێکەوە کە دەرگای ئاسنی بوو. کونێک بە دەرگاکەوە بوو کە لەو کونەوە پێوەندییان دەگرت بەو کەسانەی کە لە نێو ژوورەکەدا بوون. کە دەرگای بازداشتگاکەیان کردەوە دەستەیەکی ترمان بینی کە گیرابوون. ژوورەکە تا ڕادەیەک تاریک بوو، بەس چەن دەلاقەی هەبوو. لەو شوێنەدا دوو ژوور کرابووە بازداشتگا. ئێمەیان بردە یەکێ لەو دوو ژوورە. کە چووینە ژوورەوە، لەلایەن گیراوەکانەوە بە گەرمی وەرگیراین. دوای چاک و خۆشی هەستم کرد کە لە بینینمان خۆشحاڵن. کابرایەکی بەتەمەن لە گەڵ کوڕەکەی گیرابوو. لەبەرئەوەی کە لە گیراوەکانی تر بەتەمەنتر دەینواند، هەموو"بابە"یان پێدەگوت. ئەو کابرا لە بەر کوڕەکەی گیرابوو، خۆی هیچ تاوانێک نەدرابووە پاڵی. خۆی داوای کردبوو لە پاسدارەکان کە لەگەڵ کوڕەکەی بێ و ئەوانیش قەبووڵیان کردبوو. ئەو کابرایە دڵخۆشی هەموومانی دەداوە و دەوری باوکێکی دڵسۆزی بۆ گیراوەکان دەگێڕا.

لەوەی کە هاتبووینە لای ئەوان، خۆشحاڵ بووین. ئێستا بە ئێمەوە، گیراوەکان ببوونە 10 نەفەر. چاوەڕێی ئەحسەنمان دەکرد. پاش چەند دەققە دەنگی کرانەوەی قوفڵی دەرگاکە هات. ئەحسەنیشیان هێنا. ئێستا ببووینە11 نەفەر.



ناسر سەلیمی

"ناسر سەلیمی"م بینی کە پاسدارەکان لە جەوراوا( گەڕەکێکی سنە) گرتبوویان، بە تۆمەتی ئەوەی کە لە شەڕ دژی پاسدارەکان، بەشدار بووە و دەستیشی هەر لەو شەڕەدا برینداربووە. بەڵام خۆی دەیگوت کە لە ئاشپەزخانەدا بریندار بووە. بێ ئەندازە ناڕەحەت و پەشێو بوو. لە قسەکانیدا وا پێدەچوو پەروەندە(فایل)یەکی قورسیان بۆ سازاندووە. لەگەڵ کەس قسەی نەدەکرد. من بەهۆی دۆستانی مەریوانیمەوە، لە دوورەوە دەمناسی، بەڵام پێوەندیم لەگەڵی نەبوو. کە منی بینی، خۆشحاڵ بوو. پێکەوە چاک وخۆشیمان کرد.
چەند کەسێکی تر لەو کوڕانەم دەناسی"عطاالله زەندی" لە کوڕە سیاسی و بە بەهرەکانی شار بوو. لەسەر کێشەکانی کوردستان خاوەنڕا بوو. زانیاری سیاسی–کۆمەڵایەتی و مێژوویی هەبوو. گوایە پێشتر لەگەڵ هەندێ لە هاوبیرانی بە ناوی"کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکرات"(25) چالاکییان کردبوو. چەند رۆژ پێشتر،"عطا"،"ساسان پەرتەوی" و"اصغر مبصری" لە جادەی سنە–کامیاران و لە نزیکی تونێلی "گاوشان" گیرابوون. تۆمەتی ئەوە درابووە پاڵیان کە نارنجەک(قومبەلە) و گولەی خومپارە(هاوەن)ی60یان پێ بووە. چەند رۆژ بوو کە لەو شوێنەدا دەستبەسەر بوون. لە کاتی نوێژی خەوتناندا، بینیم کە هەر سێکیان نوێژیان دەکرد. نوێژکردن لەوکاتەدا بەلای من وئەوانی دیکەشەوە، شتێکی سەیرنەبوو. پێدەچوو مەسڵەحەتی بێ. لەبەر ئەوەی تاوانەکەیان لە ڕوانگەی داگیرکەرانەوە قورس بوو.

دواتر "عطا" بۆمی روونکردەوە. ساسان لەگەڵ کەسانی تر تێکەڵ نەدەبوو. بڕێ گۆشەگیر بوو. لەنێو بەندییەکاندا، گەنجێک هەبوو خەڵکی گوندی "قەرەیان" (گوندێکی قەراغ شار کە ئێستا بووەتە گەڕەکێک لە شاری سنە). تەمەنی لە18 ساڵ کەمترو ناوی" مظفر رحیمی" بوو. ئەویش لە سەرئەوە گیرابوو کە چەکی هەبووە. دەیگوت: تۆمەتی ئەوەم لێدەدەن کە گوایە تەقەم کردووە لە پاسدارەکان. بەڵام شتی وا نەبووە و پیلانم بۆ دەگێڕن.
ژوورێکی ترلە تەنیشت ژوورەکەی ئێمەدا بوو، کە ئەویش پڕبوو لە بەندی. ئێمە تازە هاتبووینە ئەو شوێنەو ئەوانمان نەدیبوو. " ئە سغە ر" گوتی: دوو کەسیان دەناسم. یەکێکیان "نجم الدین گوڵپەروەر" ە کە مناڵی گەڕەکێکین و ئەوی دیکە "یدالله فولادی" یە کە لە کاتی خۆپیشاندا لە نێوشار، گیراوە و تاوانیشی هەرئەوەیە و بەس. هەموو بێدەنگ بووین. کەشێکی ترسێنەر زاڵ بوو. پێشنیارم کرد بە عەتا کە کۆڕێک بگرین بۆ گۆرانی وتن وشێعر خوێندنەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەشە، نەمێنێ، ئەویش پێی باش بوو. بەوانی دیکەشمان گوت. هەموو پێیان خۆش بوو. هەرکەسەو شێعر یان سروودێکی دەخوێند. تێکرا گۆرانیمان دەگوت. بەس بۆ ورەدان بە بەندییەکان. بەرەبەرە گۆڕدرا بۆ سروودی شۆڕشگێڕانەو هەرکەس هەرچی دەزانی دەیخوێند. لە شێعری شاعێرە ئێرانی وکوردەکانەوە بگرە تا گۆرانییەکانی "عەلیمەردان"، "تایەرتۆفیق"، "رفیق چالاک" وهتد. گۆرانی کوردی" گوڵی خویناوی"، سروودی فارسی "بهاران خجسته باد" ی کرامتالله دانشیان، گۆرانی "مرغ سحر"، قژکاڵی لێوئاڵی، شێعرەکانی "مامۆستا قانێع" و "گۆران" کە هەندێ کەس لەبەریان بوو، ئاخرین شەوانی بەندیخانەیان بۆ رازاندینەوە.

# بەشی 6

## *موحاکمەی فەرمایشی*

پاش شەوانی شێعروئاواز، بەندییەکانیان دەبرد بۆ موحاکمە و دوای ماوەیەک دەیانهێنانەوە. ئەم بەناو موحاکمە لەگەڵ هیچ یاساو نەریتی کۆمەڵگایەکی ئاسایی نەدەگونجا. نە رەئیس دادگاو نە دادستان(دادوەری گشتی)، نە وەکێڵ(مەحامی) و سکرتێرو نە هیچ. تەنانەت لەگەڵ دادگای عەسکەری(نظامی)یەکانی کاتی شەڕیش، کە لانیکەم برینداریان دوای چاک بوونەوە موحاکمە دەکرد، هەڵنەدەسەنگێندرا و لەگەڵ مافی مرۆڤ و یاسای نێونەتەوەیی نەدەگونجا.
ئاخوون(مەلا)ێەک لەسەرئەساسی فەرمانی ئیمامەکەی، لەپێشەوە بڕیاری دابوو گەلی کورد چاوترسێن بکات.
دوای شاری(پاوە) نۆرەی شارەکانی تری کوردستان بوو کە قەتڵ وعامیان تێدا بەردەوام بێ. دەبوو گەلێک کە لێبڕابوو بۆ دەستەبەرکردنی مافە پێشێلکراوەکانی، پاشەکشەی پێبکرێ و سەرکوت بکرێ. سەربەستی لێ زەوت بکرێ و جگەرگۆشەکانی تیرباران بکرێن.
دەستەی یەکەم "عەتا زەندی"، "ساسان پەرتەوی" و "ئەسغەر موبەسری" بوون، کە چەندین جار هێنایانن و بردنیان و لە گەڕانەوەدا بەردەوام لە فکرو راماندا بوون و ناڕەحەت. "عەتا" بەدزییەوە پێیگوتم :ئاخوونیک لە بازجوویی (لێپرسینەوە)یەکاندا بەشدارە کە ئێجگار سەرسەخت و تووشە.
دواتر"ئەحسەن ناهید"، "جەمیل یەخەچاڵی" و "شەهریار ناهید"یان بە نۆرە برد و موحاکمە بەردەوام بوو. سەعات لە 10ی شەو تێپەڕببوو. هیچ کەس خەوی لێنەدەکەوت. هەموو چاوەڕێ بوون هاوڕێکانیان بگەڕێنەوە، تا لە چۆنییەتی و وردەکاری موحاکمەکان ئاگاداربن.
"مزەفەر رەحیمی" خەڵکی گوندی "قەرەیان"یان وەک ئەوانی تر بردە لای "خەڵخاڵی". لە گەڕانەوەدا هێدی دەهاتە بەرچاو شتێکی ئەوتۆی جگەلەوانەی پێشوو، کە بۆی دروست کرابوو، باس نەدەکرد. "مظفر"

ئیعتراز(ناڕەزایی)ی بەوە بوو کە بۆچی دەیانەوێ تۆمەتی تەقەکردن لە پاسداران بسەپێنن بە سەریدا.  بۆ چەندەمین جار نۆرەی "ناصرسەلیمی" هاتەوە. دوای گەڕانەوەی زۆر تووڕە بوو. دەیگوت: ئەوان جەخت دەکەن لەسەر ئەوەی کە دەستم لە شەڕو تێهەڵچووندا بریندار بووە و بەس گوێ لەو کەسانە دەگرن کە منیان لە ماڵی خۆمدا گرتووە. کەشێکی نائاسایی و ترسێنەر زاڵ ببوو بەسەرهەموو ئەوانەیدا کە موحاکمە کرابوون.
سەعات 1ی نیوەشەو بوو، کە من بانگ کرام. لە ژوورەکە چوومەدەر. دوو نەفەر چەکدار لە بەندیخانەکەوە بەرەو بینای فڕگەکەیان بردم. بۆم دەرکەوت کە ئەوانیتریشیان هەر بەوشێوە بۆ لێپرسینەوە بردووەتە لای "خەڵخاڵی". لە دەرگای دەرەوە کە چوومە نێو داڵانەکە، قەرەباڵغ بوو. جەماعەتێکی چەکدار لە هاتووچۆدا بوون. بردمیانە ژوورێک. کە چوومە ژوورەوە کەسێکی باڵابەرزم بینی، کە جل و بەرگی سپی لەبەردا بوو و چاویلکەیەکی رەشی لە چاودا بوو.



تیری کۆتایی بۆ دڵنیا بوون لە مەرگی شۆڕشگێران

( هەر ئەو کەسە بوو کە تیری کۆتایی دەنا بە ئێعدام بووەکانەوە و لە وێنەکانی جهانگیر رزمی دا  بە روونی دیارە.)  پەروەندەکەی منی لە بەردەستیدا، لە سەر مێزەکە دانابوو. پەڕە پەڕە چاوی پێدا دەخشاند. رووی کردە ئەو کەسانەی کە لەوێ بوون و گوتی: بەرگەی لێپرسینەوە (بازجوویی) نییە. ئەوان ئاگادار نەبوون. وەرەقێ کاغەزی پێدام و داوای کرد چۆنییەتی گیرانەکەم بنووسم. خەریکی نووسین بووم کە هەستم کرد

ژووری پاڵ ئەو ژووره شلّووقه. که رووم وەرگەڕان، بینیم که ئاخوونێک لەگەڵ "ساسان پەرتەوی" قسەدەکات. قسەکانی "عطا"م هاتەوه بیرکه باسی سەرسەختی ئەم ئاخوونەی دەکرد. له نووسینەکەدا باسی ئەوەم کرد که ویستوومه بڕۆم بۆ"دادانه"، که لەوێ مامۆستا بووم، بۆ ئەوەی ئیمتەحانی تجدیدی له قوتابییەکانم بگرم. ماشین( سەیاره)ی سپای پاسدارانم دیوه، ترساوم و رامکردووه. ئەوانیش تەقەیان لێکردووم و بریندار بووم. پاشان گرتوومیانه. ئەمەم نووسی و پێمدا.
- چەکەکەت چی لێکرد؟ بازجووەکه لێی پرسیم.
- خۆم لێ نەبان کردو گوتم که ئەبێ لە خەڵک بپرسن که من مامۆستام یا نه.
- ئەو چەکدارانەی تر که له گەڵت بوون، چییان لێهات؟
نەچوومه ژێری.
له سەر" ئەشرەف مەلەکشان" هیچی نەپرسی !
لەسەر ئەساسی گوزارشی تاقمی "بەرگ رەشەکان"، که له بەردەستیدا بوو، پرسیاری دەکرد. منیش رەد(رەفز)م دەکردەوه، یان دەمگوت: ئاگادارنیم. بیرم هاتەوه که ئەو کاتەی"هەشتروودی" خەریکی لێپرسینەوه له من بوو، رەوتی بازجوویی(لێپرسینەوه)که پچڕا. هەربۆیه هیچ بەرگەیەکی بازجوویی من که ئیمزای "هەشتروودی" پێوه بێ، نەیانبوو. کەوابوو پەروەنده(فایل)کەی من له روانگەی ئەوانەوه، ناتەواو بوو. بەم پرسیارو وڵامه دەیانویست ئامادەکاری بکەن بۆئەوەی بمبەنه لای"خەڵخاڵی". گوتی: لەسەر مافی گەلی کورد قسەت کردووه. گوتم: بەڵێ. له ژووری فڕگەدا بووین، یەکێ له مەسئوولەکان لەگەڵ ئێمه موناقشەی دەکردو ئیهانەی گەلی کوردی دەکرد و من نارەزاییم دەربڕیوه. بەم شێوه، پرسیارەکەم دێزه به دەرخۆنه کرد. بەڵگەیەکی نێوفایلەکه هی شۆرای گوندی دادانه بوو، که نووسیبوویان من بۆ ئیمتەحان گرتن له قوتابییەکان چوومەته ئەوێ. ئەو ئاماژەی بەو بەرگه کردو گوتی: ئەم نووسراوه هەیه. پێدەچوو ئەو کاتەی که له پادگان(مەعەسکەر)، پوورەکانی خۆمم بینی و قسەم لەگەڵ کردن، بەکارم هاتبوو. دیاره ئەوان پاش گەڕانەوه، کەسێکیان ناردووه بۆ دادانه

و ئەو کاغەزەیان لە لایەن شۆرای گوندەکەوە، هێناوە و خستوویانەتە سەر پەروەندەکەم.
ئەو کەسەی کە لەگەڵ من قسەی دەکرد، ئەمری کرد کە بمگێڕنەوە بۆ بەندیخانەو نەیانبردمە لای خەڵخاڵی!
دیسان بردمیانەوە بۆ بەندیخانە. هەمووم بۆ "عەتا " گێڕایەوە. کات تێدەپەڕی و من چاوەڕێم دەکرد دیسان بانگم کەن. ئەگەر ئەو پرسیارو وڵامە وەک بازجوویی لەبەرچاو بگیرایە، دبوو بمبەنە لای خەڵخاڵی.
بەڵام خەبەرێ نەبوو. بۆچوونی خۆم ئەوە بوو کە، نەبوونی بەرگەی بازجوویی بە ئیمزای "هەشترووودی"و هەروەها بوونی ئەو نووسراوەی شۆرای دادانە لەنێو فایلەکەدا، یارمەتی و شانسێکی گەورە بوو کە پەروەندەکەم نەچێتە لای خەڵخاڵی.
ئێستاش کە ساڵانێک بەسەر ئەو رووداوەدا تێدەپەڕێ، هێشتا بڕواکردن بەوەی کە چۆن لەو وەیشووومە دەرباز بووم، ئاسان نییە.
ترسێکی سەیر باڵی کێشابوو بەسەر هەمواندا و چرا کزەکەی بەندیخانەش ئەو ترسەی چەندبەرابەر دەکرد. ئەو پیاوەی کە لەگەڵ کوڕەکەی کەوتبوو، دڵی هەموومانی دەدایەوە و بۆ هەموومان ببو بە باوک. سەیری ئەحسەنی دەکردو بە چاوی پڕئاوەوە دەیگوت: ئەحسەن دەبوو ئێستا لەسەر تەختی نەخۆشخانە بێ، کەچی بە قاچی بریندارو گەچگرتووەوە، لە بەندایە. هەرگیز ئەو ئادگار(سیما)ە شیرین و پڕلە خۆشەویستی باوکانە بەو مووە سپییەوە فەرامۆش ناکەم. کڵاوێکی تۆڕی سپی بەسەرەوە بوو. دیمەنە پڕلە سەفاو خۆشەویستەکەی هێزێک بوو، کە ورەی پێدەداین و هیواداری دەکردین.
دۆخێکی ناخۆش بوو، کەس خەوی لێنەدەکەوت و لە دڵەڕاوکێدا بووین. هەرکەسەو لە شوێنی خۆیدا راکشابوو. هاتووچۆ کردن بۆ توالێت، کە دەبووە هۆی کردنەوەو داخستنی دەرگاکە، خە وی دەزڕاند.
سەعات 3ی دەمەو بەیان بوو، کە دەرگای بەندەکە کرایەوەو دوو کەسی تریان هێنا. چاکم دەناسین. یەکێکیان "حبیب الله بیگلری" و ئەوی دیکە "دەروێش عیسا پیروەلی" بوو.
گوتیان لە بەندیخانەی کرماشان بوون و لە سەعات یەکی نیوەشەودا پێیان ڕاگەیاندوون کە خۆیان ئامادە کەن بۆ ئەوەی رایانگوێزن. هێنابوونیان بۆ

سنە. دەیانگوت: بەردەوام بەو هیوا بووین کە لە جادەی کرماشان–سنەدا هێرش بکرێتە سەر ئەو سەیارە کە ئێمەیان پێ ڕادەگوێزا و رزگار ببین. دەیانگوت کە مەئموورەکان زۆر ترساون. گوتیان: تا نەهاتینە ئێرە و ئێوەمان نەبینی، نەماندەزانی هێنراوینەتە سنە. هەموو لێیان کۆبووینەوە. ئەوان باسی بارودۆخی ناخۆشی بەندیخانەی کرماشانیان بۆ دەگێڕاینەوە. ئێمەش باسی ئەو ئاخوونەمان کرد کە موحاکمە دەکا و گوتمان کە لە سەعات 9 ی شەوەوە بەردەوام بەندییەکانی هەردوو بەشی بەندیخانەکە بازجوویی و موحاکمە دەکرێن.
دەستەیەک لە کوڕەکان شەکەت بوون و خەویان لێکەوتبوو. بەڵام زۆربەیان لەبەر دڵەڕاوکێ خەویان لێنەدەکەوت. هەوا تاریک و لێڵ بوو. بردنی زیندانی بۆلای خەڵخاڵی، بەردەوام بوو. لە ژوورەکەی تەنیشتمانیشەوە، خەڵکیان دەبرد بۆلای، بەڵام ئێمە ئاگامان لە چەندو چۆنی نەبوو. بەس دەنگی کرانەوەو داخستنی دەرگاکانمان دەبیست، کە ئاماژە بوو بۆ بەردەوام بوونی موحاکمە. هەموو بەهۆی شەکەتییەوە لەسەر جێگای خۆیان راکشابوون. ئیتر توانای بیرکردنەوەشمان نەمابوو، خەومان لێکەوت.
سەعات 8 ی بەیانی بەخەبەر هاتین. پاش نان و چای بەیانی، بەناو موحاکمەکە دەستی پێکردوە. جارێکی تر "ناسر سەلیمی"یان برد، کە گەڕایەوە، زۆر تووڕە بوو، نەفرەتی لە بێ عەداڵەتی دەکرد.
موحاکمەی "حبیب الله بیگلری" دەستی پێکرد. بردیانە لای خەڵخاڵی. کە گەڕایەوە، بەتەواوی ئارام و لەسەرخۆ بوو. دەروێش عیسایان چەندین جار بردو هێنا. زۆر نگەران بوو. چونکە تاوانی کوشتنی " شاطر مەمەد"یان خستبووە پاڵی( 23 ). ئەو نەدەچووە ژێری و نکۆڵی(انکار) لێدەکرد.
ئاخرین جار کە هاتەوە، زۆر پەشێو بوو. لەگەڵ کەس قسەی نەدەکرد. ناسر سەلیمی لێی نزیک بووەوە و دەستی کرد بە دڵدانەوەی. پێکەوە خەریکی قسەکردن بوون. هەردووکیان لە یەک بارودۆخدا بوون. بە تەمەنیش بوون. دارودەستەی رژێم بڕوایان بە قسەیان نەبوو.
ناسر هاتە لام و گوتی: من دڵنیام کە داوایان کردووە لە دەروێش عیسا کە هاوکارییان بکات. سەرم سووڕما. گوتم: لەبەرچی وا دەڵێی؟ نابێ ئەو

تۆمەتەی لێبدەی. ئەو لە قسەکانی دەروێش دا وای بۆ دەرکەوتبوو. گوتی: دیسان لەگەڵی قسە ئەکەم. گەڕایەوە بۆلای دەروێش.

لە گەرمەی موناقشەدا بوون، کە لەپڕ ناسر رووی کردە بەندییەکان و گوتی: دەروێش عیسا روونکردنەوەیەکی هەیە بۆتان. هەموو بێدەنگ بوون. دەروێش بە دڵپڕییەوە دەستی کرد بە قسەکردن: تاوانی کوشتنی"شاتر مەمەد"یان داوەتە پاڵم. من بەڕاستی ئاگام لەو کارە نییە. چەندین جار منیان بردووە بۆ بازجوویی و لە پێوەندی لەگەڵ کوژرانی شاتردا، پرسیاریان لێکردووم. بە بێ هیچ بەڵگەیەک دەیانەوێ ئەو تۆمەتەم بەسەردا بسەپێنن. من نەچوومەتە ژێری و ناشچم. ئاخرین جار کە بردمیان، داوای هاوکارییان لێکردم. داوایان لێکردم کە لەسەرئێوە زانیارییان پێبدەم و هەرچی لێرە دەبیسم بۆیان بگێڕمەوە، بەڵام من خەیانەت بە هاوشارییەکانی خۆم ناکەم. ئێوەش وەکوو کوڕو برای خۆمن و بۆ رزگاری خۆم کەسی تر ناکەم بە سپەرو بەربەڵا. گوتیان ئەگەر خەبەریان بۆ بەرم، ئازادم دەکەن بەڵام من خەیانەتتان پێناکەم.

پاش بیستنی قسەکانی دەروێش، واقمان ووڕما. بۆ ماوەیەک کەس متەقی نەکرد. دەروێش عیسا ناڕەحەت و نگەران بوو. ئەو مەسەلە، لە باری رەوانی (دەروونی)یەوە زەختی خستبووە سەری.



د ە رویش عیسا

جەوێکی ناخۆش بەسەر زیندانەکەدا زاڵ ببوو. بەتایبەت کاتێ کە بۆ ئاخرین جار دەروێش عیسایان برد،هەموو دڵ پەرۆشی چارەنووسی بووین. لەبەرئەوەی خۆی گوتەنی ژن و منالّی بوو. پێوەندیشی بە لایەنە سیاسییەکانەوە نەبوو. کە گەڕایەوە، گوتی: بردمیانە لای ئەو ئاخوونەی کە ئێوە باستان کرد. ئەویش هەر قسەی ئەوانی دیکەی دووپات

دەکردەوە. ئەم پیاوکوژانە بەزەییان بە کەس نایە. بەزەییان بە مناڵەکانی منیش نایە و نایانەوێ بڕوابکەن کە من هیچ دەورێکم لە کوشتنی "شاترمەمەد"دا نەبووە.
لە سەعات 8 ەوە تا 12 ئەحسەن و هاوڕێکانیان دیسان بردەوە لای خەڵخاڵی. جەوەکە هێدی بوو. هەر چەند نەفەرو لە سووچێکدا قسەمان دەکرد.

# بەشی 7

## *تیر باران*



تیرباران فڕگە

دەوروبەری سەعات یەکی دوانیوەڕۆ هێشتا بێدەنگی بەسەر زیندانەکەدا زاڵ بوو. نەخەوتنی شەوی پێش و دڵەڕاوکێی بەناوموحاکمە کان، جەوێکی ناخۆشی دروست کردبوو. بەندییەکان هەردەستەو لە سووچێکدا قسەیان دەکرد. سەعات لە نێوان 2 تا 3 ی دوانیوەڕۆدا، دەنگی کرانەوەی دەرگای زیندانەکە بێدەنگییەکەی شکاند. پاسدارێک لەنێو دەرگاکەدا وەستا. کاغەزێکی بەدەستەوە بوو. داوای کرد گوێ بگرین. ئێمە بێدەنگ گوێمان گرتبوو. گوتی: ئەم ناوانەی کە دەیخوێنمەوە، خۆیان ئامادە بکەن.

1 – ئەحسەن ناهید
2 – شەهریار ناهید
3 _ جەمیل یەخەچاڵی
4 – مظفر رەحیمی
5 – عطاالله زەندی
6 – ئەسغەر مبصری
7–عیسا پیروەلی
8 – ناسر سەلیمی

گومانی تێدانەبوو کارەساتێک رووی دەدا. چونکە پێشتر، هەرجارەو یەک یان دوو کەسیان دەبرد. بەڵام ئەمجارەیان دەستەیەک پێکەوە. داوایان لەو کەسانە کرد کە لەگەڵ پاسدارەکان کەون. کوڕەکان بەربوونە خۆسازکردن. دۆخی زیندانەکە گۆڕدرا. هەرکەسەو لە جووتێ پێڵاو دەگەڕا لەپێی کاو بڕوا. کاتێ کە کوڕەکان خەریکی پێڵاو لەپێکردن بوون، پاسدارەکە گوتی پێڵاوی خۆیان لەپێ کەن. لەوکاتەدا کە ئێمە لە نەخۆشخانەی پادگان و زیندانی فرگەدا بووین، هیچ شتێکمان لەسەر ئیعدام کردن لە شارەکانی کوردستاندا جگەلە پاوە، نەبیستبوو. لەراستیدا لەو دوو ڕۆژەدا، لەگەڵ دەرەوە هیچ پێوەندییەکمان نەبوو. بە ئەندامانی بنەماڵەی من، ئەحسەن، شەهریار و جەمیل ئیزنیان نەدابوو کە ئێمە ببینن. لەوانی دیکەشمان نەبیستبوو کە چاویان بە کەس و کاریان کەوتبێ. ئاخۆ ئەوانیان برد کە چاویان بە کەس و کاریان بکەوی؟ بۆچی هەشت کەس؟ بۆچی هەموو پێکەوە؟ هەموو ئەو کەسانەی کە ناویان خوێندرابووەوە، چاوەڕێیان دەکرد لە دەرگای زیندانەکە بچنە دەر، جگەلە ئەحسەن کە نەیدەتوانی بڕوا. ئەو لە سەر قاچە ساخەکەی وەستاو بە یارمەتی جەمیل و شەهریار، کە چووبوونە ژێر باڵی، بەرەو دەرگاکە چوو.

لەبەرئەوەی کە من چەند شەو لەگەڵ ئەحسەن بووم و زۆر نگەرانی بووم، بێ سێ ودوو پرسیارم کرد: بۆ کوێیان دەبەن. ئەو پاسدارەی کە لیست(قایمە)ەکەی بەدەستەوە بوو، گوتی: بۆ کرماشان. جوابەکەی جێگای سەرنج بوو؟! چونکە ئەوان 12 سەعات پێشتر، دەروێش عیسا و حبیب الله بیگلرییان لە کرماشانەوە هێنابوو بۆ سنە!!!




ئەحسەن ناهید

ئەوانەی کە ناومان لە لیستەکەدا نەبوو، مابووینەوە. بێدەنگییەکی مەرگ ئاسا دایگرتین. زیندانەکە چۆڵترو دۆخێکی ناخۆشی لەخۆگرتبوو. هیچکەس لەگەڵ ئەوانی دیکە قسەی نەدەکرد. کەسێکی ئەوتۆش نەمابوو. بەس من، حبیب الله، باوک و کوڕەکە و ساسان پەرتەوی. نیوسەعاتێک تێپەڕی. دەنگی ئازاردەری کۆپتەرێک کە ڕێک لە نزیکی زیندانەکەدا بوو، هاتە گوێ. لەنێو زیندانەکەدا دەنگی دەدایەوە و هەموو ژوورەکەی لەرزاند. پاش بێدەنگ بوونی کۆپتەرەکە هاتوچۆی مەئموورەکان لە داڵانەکەدا زیاتر بوو. هەموو شتێک نیشانەی دۆخێکی نائاسایی و ترسێنەر بوو. ئاگامان لە هیچ شتێک نەبوو، جێگای هاوڕێیان خاڵی بوو. هەرلە گێژاوی بیرکردنەوەدا بووین. ئەم هەڵس و کەوتە رۆژی بازجوویەکی ئێمەی هێنایەوە بیر، کە ئایەتوڵڵا هەشتروودی

بەڕێوەی دەبرد و دواتر ڕاکردنەکەی لە کوردستان. هێشتا لە وەزعییەتی ئەوانەی کە ناویان خوێندرابووەوە و بردبوونیان، هەروەها لە وەیشوومەیەک کە پێدەچوو ڕوویدا، ئاگادار نەبووین.
ماوەیەک تێپەڕی. لەپڕ کەسێکیان بە پاڵەپەستۆ فڕێدایە نێو زیندانەکە. ئەو مقاومەتی دەکردو نەیدەویست بێتە ژوورەوە، بەڵام بەزۆر خستیانە ژوورەوەو درگاکەیان داخست.
کەسێکی بەخۆوە بوو، کە ڕووی تێکردین، ناسیمەوە. هەر لەسەردەمی دەبستان (مەکتەبی سەرەتایی)ەوە دەمناسی. "حەمەحسەین وەحدانی" لە کوشتیگیر (زۆرانباز)ە بەناوبانگەکانی سنە بوو. هۆدەکەی ئێمە چۆڵ ببوو، بۆیە خەڵکی تریان دەهێنا. حەمە حسەین پێدەچوو ترسابێ. بەردەوام دادوبێدادی دەکردو بە مشت و لەقە لە دەرگاکەی دەداو دەیگوت: من بێ تاوانم. دەبێ ئازادم کەن. بەردەوام سوێندی دەخوارد کە هیچ تاوانێکی نەکردووە. ئێمە نەماندەزانی لەسەر چی گیراوەو هۆی ئەو ترسە چییەو بۆ هەوڵدەدا ئازادی کەن. چەند جارێک دەنگیان دا، بەڵام گوێی نەدەگرت و بەردەوام ناڕەزایی دەردەبڕی. دڵی پڕ بوو. دەستی گرتبوو بە مێڵەی دەلاقەکەوەو ناوبەناو لای دەکردەوە بە لای ئێمەدا. بەڵام بێ ئەوەی لەگەڵ ئێمە قسە بکات، دیسان ڕووی دەکردە کونەکەو دەیگوت: من بێ تاوانم. ئەوەندە درێژەیدا، کە دەرگاکەیان کردەوەو بردیانە دەرەوە. ئەو ماوەی حەمەحسەین لە زیندانەکەدا بوو، کەلیمەیەک لەگەڵ کەس قسەی نەکردو هەنگاوێک لە دەرگاکە دوور نەکەوتەوە. پێدەچوو ئەو لە بارودۆخی دەرەوەی زیندان ئاگادار بوو. بە هەموو تواناوە هەوڵیدەدا کە لەو وەزعە ڕزگار بێت. ڕەنگە دەیزانی ئەگەر لەوێ بمێنێتەوە، ئەوەی بەسەر دێت کە هاوڕێکانی ئێمە بەسەریان هات. هەربۆیە هەوڵیدەدا ڕزگار بێت. ڕەنگە هۆکارەکەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە براکەی واتە "یداللە وەحدانی" کە پاسەوان بوو،

لەکاتی راپەرین دژی شا لە سەرکوتکردنی خەڵکی سنەدا دەوری هەبوو، هەروەها تاوانی کوشتنی "ئاغای دەقیق"، کە خاوەنی شیرینی خانەیەک بوو، درابووە پاڵی. رەنگە بەبۆنەی براکەیەوە، ئەو ترسەی لێ نیشتبوو.
ئێمە لە بێدەنگییەکی پڕلە دڵەڕاوکێدا بەسەرمان دەبرد. پەژارەیەکی قورس بەسەرماندا زاڵ ببوو. لەو کاتەدا لە کونی دەرگاکەوە داوایان کرد لە من کە بڕۆمە دەرەوە. هێشتا لە وەزعی هاوڕێکانمان ئاگادار نەبووین. پێڵاوەکانم، کە وەک سەرپایی( نه عل) م لێکردبوون، لەپێ کردو چاوەڕێم کرد کە دەرگاکە بکرێتەوە. پاسدارێ دەرگاکەی کردەوەو داوای کرد کە شوێنی کەوم، چەند هەنگاوێکم هەڵنەگرتبوو، کە باوکمم چاوبەگریان بینی. بەرەو ژوورێکیان دەبرد. بۆ چاوپێکەوتنی من هاتبوو. منیشیان بردە ئەو ژوورە. بەرەو لای باوکم چووم. یەکترمان لە ئامێزگرت. کوڵی گریانەکەی منیشی خستە گریان. بەشێوەیەک منی لەباوش گرتبوو، کە بەدرێژایی ژیانم ئەو هەستەم تێدا نەدیبوو. هۆکارەکەی، ئەو وەزعییەتە بوو کە لەدەرەوە زاڵ بوو. ئەو ئاگاداری ئێعدامەکان بوو.
- نەمگوت لەبارودۆخێکی ئاوادا مەچۆ بۆ گوندەکە؟؟ خۆ تۆ خەریک بوو چاوەکانت لەدەست بدەی! تۆ بۆ یارمەتی خەڵک هەرچی بەڵایە بەسەرت هات! ئەمانە وتەکانی باوکم بوون. بەشێوەیەک سەیری دەکردم، چما تازە لە دایک ببووم و باوەڕی نەدەکرد زیندووبم. بەردەوام بەگریانەوە قسەی لەگەڵ دەکردم. پاسدارێکیان بۆ چاودێری لامان دانابوو، گوێی لە قسەکانی ئێمە دەگرت. دواتر بۆم دەرکەوت کە کوردی نەدەزانی. پاش ماوەیەک، باوکم تۆزی هێدی بووەوە.بە ئاماژەو ناڕاستەوخۆ، تێیگەیاندم کە چەند کەسێکیان ئێعدام کردووەو خەڵکێکی زۆر لە دوورەوە بینیویانە. ئەوکاتە شکی ئەوەم خست کە رەنگە

هاوڕێکانم تیرباران کرابێتن. خۆم نەشڵەژاند. ئاما ژەی بەوە کرد، کە دەستەیەک لە خزمەکان لە نزیک بنکەی پولیسی ڕێگا(مروور) چەن سەعاتە چاوەڕێ دەکەن کە بتوانن بێن بۆ چاوپێکەوتنت. بەڵام ڕێگایان پێنادەن. منیش بە تکاولاڵە ڕێگەم پێدرا. زۆر نگەرانی تۆن. دەیویست تێمبگەیەنێ کە ئەوانیش لە دوورەوە کارەساتەکەیان دیوە، یان هەواڵی ئێعدامەکانیان بیستووە.



**گواستنەوە بۆ مەیدانی تیر**

پاش رزگاربوون لە زیندان بۆم دەرکەوت کە هاوڕێکانمانیان نەبردبوو بۆ کرماشان، بەڵکوو بردبوونیان بۆ مەیانی تیری فرگەی سنەو لەگەڵ سێ کەسی تر، کە لە ژوورەکەی تەنیشتماندا بوون، تیرباران کرابوون.
ئەو سێ کەسەش بریتی بوون لە:
1- تیمسارخسرو نیازمەند
2 - یداللە فولادی
3- سیروس مەنووچێهری

کاتی مولاقات(چاوپێکەوتن)ەکە تەواو بوو. بە کۆڵێ غەم و پەژارەوە، گەڕامەوە بۆ نێو زیندان و بۆ هاوڕێکانم گێڕاوە کە شتێک قەوماوەو بۆچوونی خۆمم لەو کارەساتە دەڕبڕی. بە بیستنی ئەوشتە ترسناکە،

بەندییەکان زۆرتێکچوون و بۆ ماوەیەکی درێژ، بێدەنگییەکی خەست باڵی کێشا بەسەر زیندانەکەدا. بیرم لە شەوی پێشترو ئەو سروودانە دەکردەوە کە پێکەوە دەمانگوت:

قەلبی من گەر چەشنی لالە بێتوو نەوتی تێبکەن
ئاگری دوژمن بێتە گیانم، وەک چرا من پێبکەن
شەق شەقی کەن گۆشت و ئێسقانم، یەک بەیەک خوێی تێبکەن
بێ ترس من دێمە مەیدان، حوکمی ئازادیم دەوێ
......

نەچمە ناو جەرگی هەژارو شان بە شانی، وەک برا
رۆح و لاشەم ئێش نەکا بۆ میللەتێکی حەق خورا
بە شەوی پڕترس و تاریک، من نەسوتێم وەک چرا
کۆمەڵی داماوی هەژارم، چۆن دەوێرن بچنە پێش

لێمگەڕێن من با بسووتێم، ببمە خاکو خۆڵەمێش
ببمە خاکو خۆڵەمێش، با سا هەژارم تێبگا
با بسوتێین بەڵکە گەنج و لاوم پێبگا
.....
.....
سا بێ قوربانی گەلت بە، قەد مەژی بەم زیللەتە
هەرکەسێ بمرێ لە رێگای نیشتمان و میللەتا
نامرێ هەرگیز، دەمێنێ چونکە خاوەن غیرەتە
.....



ئەحسەن لە مەیانی تیردا

مرغ سحر  ناله سرکن
داغ مرا تازەتر کن
آه شرربار این قفس را
برشکن و زیروزبرکن
...

بلبل پربسته ز کنج قفس درا
نغمه آزادی نوع بشر سرا
وز نفسی عرصه این خاک توده را
پرشرر، پرشرر، پرشرر کن .
......
.....
نوبهار است
گـُل بەبار است
ابر چشمم ژالەبار است
این قفس چون دلم تنگ و تار است
........
شعله فکن در قفس ای آه آتشین
دست طبیعت، گـُل عمر مرا مچین
جانب عشق نگه ای تازه گـُل، از این

بیشتر، بیشتر، بیشتر کن.
.....

بیرم هاتەوە کە حەمەحسەین وەحدانی ئاگاداری ئەو وەیشوومە بووەو هەرئەوەش ببووە هۆی ترسی لەڕادە بەدەری. کەش و دۆخی خنکێنەر بەردەوام بە سەر زیندانەکەدا زاڵ بوو. ئەوانەی مابوونەوە، لەگەڵ یەک نەدەدوان. تیشکی کزی چراکە، دۆخی تاری زیندانەکەی پڕکردبوو لە ئازار.
باوکەپیرەکەو کوڕە گەنجەکەی هەرئەو ڕۆژە ئازاد کران. داوایان لە باوکەکە کردبوو بەڵێن بدا کە نەیەڵێ کوڕەکەی کاری سیاسی بکات.
سێ ڕۆژ تێپەڕی. لەکاتی مانەوم لە زیندان و فڕگەدا، برینی دەستم تەداوی (پانسمان) نەکرابوو. لەوێ ئاسەوارێک لە دوکتورو شتی وا نەبوو. ئەگەریش بوو، هیچیان بۆ نەکردم. تەنیا من بە برینداری مابوومەوە.
ڕۆژی سێهەم جارێکی تر لە کونەکەوە داوایان لێکردم خۆم ئامادەکەم بۆ چوونە دەر. نەمدەزانی چیم بەسەردێت. کە لە دەرگاکە چوومە دەرەوە، پێیان گوتم کە پێڵاوەکانی خۆم لەپێکەم، کە بردنی هاوڕێکانمی وەبیرهێناوە.
لە داڵانەکە تێپەڕیم و چوومە ژوورێکەوە. باوکم ومێردی پوورم لەوێ بوون. ئەو کەسەی کە لە مولاقاتی پێشوودا چاوەدێری دەکرد، لەوێ بوو. بۆم دەرکەوت کە تاپۆ(سەنەد)ی ماڵی یەکێ لە ئاشناکانمانیان هێناوە بۆ ئازادکردنم. دیاربوو ڕۆژی پێشتر داوایان لە باوکم کردبوو کە تاپۆیەک بێنێ بۆ ئەوەی بە ضمانت ئازادمکەن. باوەڕم نەدەکرد ئاوا بە ئاسانی لەو کێشە ڕزگاربم. شۆرای گوندی دادانە تەئییدیان کردبوو، کە من بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری مەکتەب چوومەتە ئەوێ. ئاخر دوای ڕاپەڕینیش من کۆتاییم بە کارەکەم لەو مەکتەبە، نەهێنا بوو. تەنیا لە عوتڵە(تعطیلات)کاندا دەگەڕامەوە بۆ سنەو ڕژێم هێشتا لە کوردستان بەتەواوی جێگیر نەببوو. دەست وپاوەنی ئەوتۆشی نەبوو. لام وایە ئەو شتانە بوونە هۆی ڕزگاری من.

وینەکانی جهانگیر رزمی

PRINT
PRINT
Print this.

THE WALL STREET JOURNAL. ONLINE

# Flash Point

**Iranian photographer Jahangir Razmi, left, took 70 pictures of an execution in Kurdistan on Aug. 27, 1979. One picture (No. 20, below) won the Pulitzer Prize. It was, however, awarded to an unnamed photographer -- the only anonymous recipient in the 90-year history of the award. Mr. Razmi preserved 27 of the photos on a contact sheet and stowed it away in his home. Below are those photos -- made public for the first time.** (See related article)



PRINT
PRINT
Print this.



Jahangir Razmi



Jahangir Razmi


Jahangir Razmi


Jahangir Razmi


Jahangir Razmi


Jahangir Razmi


Jahangir Razmi


Jahangir Razmi


Jahangir Razmi


Jahangir Razmi



Jahangir Razmi



Jahangir Razmi



Jahangir Razmi



Jahangir Razmi


Jahangir Razmi


Jahangir Razmi


Jahangir Razmi


Jahangir Razmi


Jahangir Razmi


Jahangir Razmi


Jahangir Razmi


Jahangir Razmi



Jahangir Razmi



Jahangir Razmi



Jahangir Razmi



Jahangir Razmi



Jahangir Razmi

1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | 13
14 | 15 | 16 | 17 | 18 | 19 | 20 | 21 | 22 | 23 | 24 | 25 | 26 | 27



Copyright © 2006 Dow Jones & Company, Inc. All Rights Reserved.

# بەشی 8

## رزگار بوون لە بەندیخانە

لەگەڵ باوکم و دەستەیەک لە خزم و ئاشنا، کە لەدەرەوەی فڕگەکە چاوەڕێی رزگاربوونی منیان دەکرد، بەرەو شاری سنە کەوتینەڕێ. کەچوینە نێوشار، هەست دەکرا شارەکە جموجووڵی رۆژانەی نێیە. کە ئازادی لە ئارادا بوو، چما نەک هەر خەڵک، شارەکەش دیلی دەستی ئەو تاوانبارانە بوو.
لەبەر دەرگای ماڵەوە، لە ئوتۆمبێلەکە دابەزین. کە دەرگای حەوشیان کردەوە، دەستەیەک لە خزمەکانم بینی. دایکم کە منی بینی، لەدوورەوە بە خێرایی خۆی پێگەیاندم و لەئامێزی گرتم و دەستی بەگریان و شیوەن کرد. داوام لێکرد دان بەخۆیدا بگرێ و گوتم: ساغ وسلامەت هاتوومەتەوە، دەبێ خۆشحاڵ بی. گوتی: من خوشحاڵم. بەڵام ئێوە گەنجەکان لە ئێمەی دایک و باوک تێناگەن. بڕوانە کوڕەکەم! تۆ دەتوانی کە شوێن ئەو ئامانجەی بکەوی کە بڕوات پێی هەیە، بەڵام دەبێ بیر لە ئێمەش بکەیتەوە. ئەمە بۆچوونی ئەو بوو کە منی هاندەدا بۆ سووربوون لەسەر باوڕەم. ئەگەرچی دەیزانی رێگایەکی دژوارو پڕلە مەترسییە.
پاش چەند سەعاتێک، ئەوانەی کە بۆ چاوپێکەوتنم هاتبوون، روشتن و ماینەوە خۆمان. دوای چەند شەو بێخەوی و بیستنی هەواڵی تیرباران و گێڕانەوەی ئەوەی کە بەسەرمان هاتبوو، هەستم بە شەکەتی کردو پێویستم بە پشوودان بوو. باڵنج(بالیف)ێکم نایە ژێر قۆڵە بریندارەکەم و خەوم لێکەوت. دەمەوئێوارە هاوڕێیەکی نزیکم سەردانی کردم. ئەو ئاگاداری بارودۆخی

هەموو شارەکانی کوردستان و بەتایبەت سنە بوو. لەسەر دەوربینینی دەستوپێوەنی رژێم لە کوردستاندا، دەدواین. گوتی: بنەماڵەی شەهیدەکان ڕێگای دارودەستەی "موفتی زادە" نادەن کە بۆ سەرەخۆشی بچن. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەو خۆفرۆشانە زیاتر تەنگیان پێهەڵدەچنرێ. رژێم لەو کەسانە کەڵک وەردەگرێ تا خۆی دابین دەکا. لەڕاستیدا دارودەستەی موفتی زادە گرنگییەکی ئەوتۆی لای جمهوری ئیسلامی نییە. وەک دەسماڵ کاغەزی بەکاریان دێنێ و پاشان تووڕیان دەدا. مێژووش ئەوشتەی سەلماندووە. ئەو کەسانە، نە لە بارەگای جمهوری ئێسلامیداو نە لە نێو خەڵکدا، ڕێزوحورمەتیان نییە. ئەو باسی کوشت و بڕێکی تری لە شاری پاوە و هەروەها داگیرکردنی شارەکانی کوردستان لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی رژێمەوە، کرد.



**شەقامی فردەوسی سنە**

لەو کاتەدا دەنگی جەماعەتێک هاتەگوێم کە لەسەر شەامی فردەوسی خەریکی خۆپیشاندان بوون. مەودای ماڵی ئێمە تا شەقامی فردەوسی چەند سەدمترێک زیاترنەبوو. خێرا چوومە سەربانی ماڵەکە. لەوێوە دەکرا سەیری خۆپیشاندانەکە بکرێ.

خەڵکەکە گەیشتبوونە سەرپردەکەی شەقامی فردەوسی، کە دەنگی دەسرێژی چەکە ئوتووماتیکەکان هاتەگوێ. ئەو تەقەکردنە بوو بەهۆی لێکترازانی ریزی خۆپیشاندەران و بەشدارانی خۆپیشاندانەکە بەرەو گەڕەکەکانی دەوروبەری "پردی مەڵاوەیسی"،"کوجی رەزان" و گەڕەکی "ئاغەزەمان" بڵاوەیان کرد. لەبەرئەوەی لەلایەن پاسدارەکانەوە نەگیرێن. ئوتۆمبیلەکانی سپای پاسداران وەحشییانە شوێن خۆپیشاندەران کەوتبوون. دەستەیەک بەسەرچۆمێکدا، کە تازە سەری گیرابوو، رایاندەکرد. راست لەبەردەرگای ماڵی ئێمەدا، تەقەیان لە گەنجەکان کرد. یەکێ لە گەنجەکانی گەڕەکی ئاغەزەمان، بە ناوی "مەنسوور علاقمند بەهرامی"، پێکراو کەوت. ژنێک لێی نزیک بووەوەو بۆی دەرکەوت کە گولە بەر زگی کەوتووە. داوای یارمەتی کرد. بەڵام چڕبوونی دەسرێژەکان مەودای نەدەدا خەڵک لە مەنسوور نزیک ببنەوە. هەرلەوکاتەدا، پاسدارەکان گەیشتنە سەری. ئێمە لەسەربانەوە، ئاگامان لێبوو. ئەوان بۆئەوەی خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکەوەو بڵێن کە تەقەیان نەکردووە، گوتیان: لەم ماڵەتازەسازەوە تەقە لە خەڵک کراوە(مەبەستیان ماڵی ئێمە بوو کە خەریکی دروستکردنی بووین. باوکم کە ئەوەی بیست، خێرا چوو بۆ لایان و داوای لێکردن کە بێنە ژوورەوەو سەیری ماڵەکە بکەن. گوتی: ئەمە ماڵی منە. سەرەڕای ئەوەی کە باوکم دەیزانی کە هاتنەژوورەوەیان رەنگە دیسان کێشە بۆ من سازبکات، بەڵام ئەوەندە تووڕە بوو کە ئاگاداری ئەو مەترسییە نەبوو.

بەبیستنی قسەکانی باوکم و فڕوفیشاڵی پاسدارەکان، هاوڕێکەم کەوتەخۆی بۆ دوورکەوتنەوە لەوێ و دەربازکردنی خۆی. ئاشکرابوو کە بەهاتنەژوورەوەیان، ئەویش دەکەوتە مەترسی. چونکە تارادەیەک ناسراو بوو. خێرا بەسەر دیوارێکی نزمدا، کە لەنێوان ماڵی ئێمەو دراوسێکەماندا بوو، بازیداو لە کۆڵانە

جۆربەجۆرەکان تێپەڕی و دەربازبوو. پاسدارەکان بۆیان دەرکەوت کە ناتوانن ئەو تاوانە بەسەر کەسدا بسەپێنن و لەلایەکی تریشەوە خەریک بوو تاریکی دەکردو نەیاندەوێرا لەوێ بمێننەوە، پێوەندییان کرد بە مەڵبەندی ئورژانس(فریاکەوتن)ەوە. پاش چەند دەققەیەک ئامبوڵانسێک هات ومەنسووریان برد. بەداخەوە مەنسوور لە بیمارستان گیانی لەدەستداو تەرمەکەیان دابووەوە بە کەس وکاری. هەوا تەقریبەن تاریک ببوو. پاسدارەکان ئەوەندە ترسیان لێنیشتبوو کە تۆمەتی تەقەکردنی ئێمەیان لەبیرنەماو بەشڵەژاوییەوە شوێنەکەیان بەجێهێشت.
ئیمەش چووینە ژوورەوە. دایک و باوکم ترسیان لێنیشتبوو. لە فکردا بوون بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک. لەبەرئەوەی کە هێشتا مەترسی ئەوە هەبووکە رووداوێکی تربقەومێ. بەتایبەت بیستبوویان کە لە مەریوانیش دەستەیەک لە خەباتکاران تیرباران کرابوون و من ئاگام لێنەبوو. ئەوان ئەوشتەیان لەمن شاردبووەوە چونکە "سەی حسەین پیرخضری"ش یەکێ لەوانە بوو، هاوڕێ و ناسراوی من بوو. دوای نان وچای ئێوارە، دیسان قسەوباس دەستی پێکردەوەو ئەوکاتە بۆمدەرکەوت کە لە مەریوان 9 نەفەر بە فەرمانی خەڵخاڵی جەلاد حوکمی ئێعدامیان دراوە. بەبیستنی ئەو هەواڵە، چاوم پڕبوو لە فرمێسک و بەگریانێکی بەکوڵ رێزمگرت لە یادو بیرەوەری حسەین و براکەی واتە ئەحمەدو هەموو هەڤاڵانی مەریوان و سنە. دایکم گوتی: ئێمە ئاگاداری ئەو کارەساتە بووین. بەڵام لەبەرخۆشەویستی تۆ بۆ حسەین دەنگمان نەکرد، کە خەفەت نەخۆی. حسەین مامۆستای گوندی "گەزان"و"هالەدەرە"ی ناوچەی "ساراڵ"و لەودواییانەشدا، مامۆستای گوندی"سەرنژمار"ی ناوچەی مەریوان، لای من رەمزی مرۆڤی راستەقینەو خەباتکاربوو. خۆشەویست و جێ متمانەی خەڵک بوو. ئەویندراری راستەقینەو پاکی چینی کرێکارو

زەحمەتکێش بوو. ئەو تایبەتمەندییانە ئەوەندەی تر لای من بەڕێزی کردبوو. هەرگیزلەبیرم ناچێتەوە ئەوکاتەی لە زانکۆ وەرگیرابوو، پرس و رای بە من کرد کە ئایا درێژە بەخوێندن بدا، یان هەروەک مامۆستا بمێنێتەوە.هاوکاتیش دەیگوت: ناتوانم لەگەڵ خەڵک پێوەندی بپچڕم، حەزدەکەم بە مامۆستایی خزمەتی زیاتری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و کرێکارو زەحمەتکێش بکەم.
شار لە دۆخی حکومەت نیزامی(مەنعەتەجەول)دابوو. هاتوچۆ لە نێوشاردا بەس بۆ پاسدارانی ئیسلام بوو، کە بەترسەوە بە ئۆتومبێل لە هاتوچۆدا بوون. لەنێوشاردا دەنگی تەقە دەهاتە گوێ. دوای شام کەس بۆ سەردانم نەهات. لەراستیدا لەماڵ دەرچوون جێگای مەترسی بوو. لەدوای تیربارانەکانی فڕگەی سنە، بارودۆخێکی تایبەتی بەسەر شاردا زاڵ بوو. بە رۆژا تا تاریکان ناڕەزایی دەربڕینی خەڵک و گەنجەکان لە گەڕەکە جۆربەجۆرەکاندا بەڕێوە دەچوو. بە پرس و ڕای دایک و باوکم، لێبڕام رووبکەمە تاران و مشوورێک بۆ چارەسەرکردنی دەستم بخۆم. عەسەبی دەستم سەدەمەی دیبوو. دەبوو چارەسەرێکی جیدی بکرێ. رۆژی دواتر بەرەو تاران کەوتمەڕێ. چوومە ماڵی ناسراوێکی خۆمان، کە چەندین ساڵ بوو نیشتەجێی تاران بوو. ئادرەسی دوکتورێکی پێدام. چوومەلای دوکتورەکەو بە موعاینە(فە حص)کردنی دەستم هاتە سەرئەوەی کە بمنێرێتە لای دوکتورێکی تر کە پسپۆڕ(متخصص)ی ئورتوپێدی و ئەعساب بوو. دوکتورە پسپۆڕەکە دەیزانی کە لە سنەوە چووم و خۆیشی لایەنگری بزووتنەوەی کورد بوو. هەندێ پرسیاری لەسەر بزووتنەوەکە کرد. حەزی دەکرد کە لە چۆنییەتی فەرمانی هێرش کردنەسەر کوردستان لەلایەن خومەینییەوە، هەروەها بەرنگاربوونەوەی خەڵک دژی ئەو هێرشە، زانیاری زیاتری دەست کەوێ. منیش ئەوەی کە پێویست بوو گوتم. پاش موعاینەی

جۆربەجۆر، ڕەوانەی مەڵبەندی ئورتوپێدی کرام، کە ئیمکاناتی باشتری هەبوو. لەوێ دەستگا(جیهاز)یەکیان پێدام، کە دەمتوانی بە یارمەتی ئەو جیهازە دەستم بجووڵێنم. لەماوەی مانەوەم لە تاراندا، چەند شەوێک لای"رضا وەیسی" بووم، کە لە هاوڕێیانی دێرینم بوو. ئەویش لە بردنەپێشەوەی ڕەوتی چارەسەری دەستم، زۆر یارمەتی کردم. ئەوکاتانە "کەریم نەزەری"ش(27) لای ڕەزا بوو. چەند جارێک لەگەڵ کەریم نەزەری چووم بۆ فیزیوتراپی. ڕوژێک ڕووم کردە دەوروبەری زانکۆی تاران، بۆئەوەی ئەو وەزعییەتە ببینم کە پێشتر زۆرم لەسەری بیستبوو.



ڕەزا وەیسی



کەریم نەزەری

لە دەوروپشتی زانکۆی تاران کەش(جەو)ێکی دیموکراتیک زاڵ بوو. ڕژێم هێشتا نەیتوانیبوو گرووپە سیاسییەکان سەرکوت بکاو دەسەڵاتی نگریسی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ. هێزە سیاسییەکان هەریەکەو شوێنی تایبەتی خۆیان هەبوو. سروودی شۆڕشگێڕانە لە ضبط صوت(تەسجیل)ی کتێبفرۆشییەکانەوە بڵاو دەبووەوە. گرووپگەلی تازەو جۆربەجۆر، ڕاست و چەپ بوونی خۆیان ئاشکراکردبوو، وەک "گرووپی فێرقان و...، کە من پێشتر ناویانم نەبیستبوو. جەمعییەتی کوردانی دانیشتووی تارانیش وەک گرووپەکانی تر شوێنیکی تایبەتیان دابین کردبوو. وێنەکانی کوردستان کتێبفرۆشییەکانی ڕازاندبووەوە. وێنەگەلی نەورۆزی

58 و وێنەی "لالەحەمەی مەریوان" بەچەکەوە لەنێو وێنەکاندا، دەبینران. وێنەی منالانی کورد، کە لای قاپووری خومپارە(هاوەن) خەریکی یاریکردن بوون، دەبینرا. دەنگی "شوانپەروەر" لە بڵندگۆ(مکەبەرە)ی کتێبفرۆشییەکانەوە دەهاتەگوێ.
کتێبیکی زۆر لای دەستفرۆشەکان و لەنێو کتێبفرۆشییەکاندا بوون کە لەنێویاندا "مێژووی کورد"، "خەباتی گەلی تورکمەن"، کتێبی زانستی، فەلسەفی و مارکسیستی(کتێبەبەرگ سپییەکان)، دەبیندران. دەستەدەستە گەنجان لێرەولەوێ وەستابوون و خەریکی موناقشە(بحث) بوون. ئەو شوێنە منی خستەوە بیری "شەقامی فەرەح"ی سنەو گەڕەکی "ئاغەزەمان"، کە لەوێ بانگێکی وێرانکراو ببووە کتێبفرۆشی و لەو شوێنانەدا گەنجەکانی سنە لەگەڵ یەکترو لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە شارەکانی تری ئێرانەوە هاتبوون، موناقشەیان دەکرد. دواتر رووم کردە مەیانی 24 ئێسفەند(رەشەمە). لە رۆژنامەفرۆشییەکدا، رۆژنامەی "کەیهان"م بینی، کە بە مانشێت(تیتر)ی گەورە، هەواڵی کوژرانی "فوئاد مستەفا سوڵتانی" نووسرابوو. هێزی پێم نەما. رۆژنامەیەکم کڕی و بۆ ئاگاداربوون لە شتەکە، لە سووچێکی شەقامەکەدا دەستم کرد بە خوێندنەوە. من خۆم کاک فوئادم نەدەناسی، بەڵام لەسەرخۆی و داهێنانەکانی وەک: دامەزراندنی"یەکییەتی جووتیارانی مەریوان" بۆ دژایەتی لەگەڵ دەرەبەگەکانی ناوچەکە، هەروەها بەشداریکردن لە هەیئەتی نوێنەرانی گەلی کورد، رێبەریکردنی کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان، هەروەها رێبەرایەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران(کۆمەڵە)(24)، زۆرشتم بیستبوو. هەر بۆیە هەستم کرد کە گەلی کورد، یەکێ لە رێبەرانی خۆی و زەحمەتکێشانی کوردستان، یەکێ لە دڵسۆزانی خۆی لەدەست دا.



کاک فوئاد لە نێو ئاوارەکانی مەریواندا




کاک فوئاد موستەفا سوڵتانی

پاش چەند رۆژ ئەو ئامرازەی کە یارمەتی دەدام بۆ جووڵاندنەوەی دەستم، لە مەڵبەندی ئۆرتوپێدیم وەرگرت و گەڕامەوە بۆ سنە. لە خەڵکم بیست کە رژێمی جمهوری ئیسلامی بۆ دانەوەی تەرمی ئەو کەسانەی کە لە فڕگەی سنەدا تیرباران کرابوون، پارەی لە کەس و کاریان وەرگرتووەو بەم شێوە دڕندەگی خۆی زیاتر نواندوە. کەش(جەو)ی شارەکە لە چاو یەک دوو حەفتەی پێشتر، تووشی گۆڕانێکی بەرچاو ببوو. لێرەولەوێ گەنجەکان خەریکی خۆپیشاندان و تێهەڵچوون لەگەڵ پاسدارەکان بوون. ئاڵاهەڵگری ئەو چالاکییانە گەنجە شۆڕشگێڕەکانی شاری سنە بوون، کە لە هەموو گەڕەکەکانی شاردا بە رێخستنی رایەڵ(شەبەکە)ی پێوەندی و پشتگیریکردنی یەکتر، تەنگیان بە رژیم هەڵچنیبوو. نارەزایی دەربڕین و بەرگری(مقاومت)ی خەڵک دژبە داگیرکەران، رۆژلەگەڵ رۆژ زیاتر پەرەی دەسەندو رژێمی تووشی چەرمەسەری کردبوو، ئەم چالاکییانە تا مانگی ئابان(خەزەڵوەر)ی 58 بەردەوام پەرەی دەسەند.

لە پاییزی ساڵی 58ی هەتاوی، لە مانگی خەزەڵوەردا، لەسۆنگەی خەباتی خەڵکی نێو شارەکانی کوردستان، هێزە سیاسییەکان

توانییان بگەڕێنەوە نێوشارەکان. ئەو ڕۆژە بۆ من ڕۆژێکە کە هەرگیز فەرامۆش ناکرێ. خەڵکی سنە بە پێکردنی چرای ئوتومبێلەکانیان، خۆشحاڵی خۆیان لە هاتنەوەی پێشمەرگە پیشاندەداو بەو شێوە جەژنیان دەگرت. دەنگی بۆق(هۆڕنە)ی ئوتومبیل لە هەمووولایەکەوە بەرزبوو. ڕواڵەتی شار بە تەواوی گۆڕابوو. خەڵک کە چەند مانگ بوو ڕۆڵەکانی خۆیان نەدیبوو، بەرەوپیرییان دەچوون.
دواتر ڕەوانشاد "کەمال قوتبی"و دۆستانی تر پێیان گوتم کە بە هیوای ڕزگاری من نەبوون و لایان وابوو کە منیش، وەک ڕۆڵەکانی مەریوان، پاوە و سەقز، تیرباران کراوم.
بارودۆخێکی تایبەت لە شارەکەدا هاتبووە ئاراوە. هێزە سیاسییەکان هێشتا بە تەواوی سەقامگیر نەببوون. هەربۆیە کەسانێکی تووش وخراپ لەو وەزعە کەڵکیان وەردەگرت و لە دەوروبەری شاردا خەڵکیان ڕاوڕووت دەکرد(چەتەگەری)، کە بە یارمەتی خەڵک و هێزە خەباتکارەکان، لە لایەن کۆمەڵەوە گیران و لە دادگای خەڵکیدا موحاکمە کران. بۆ سەپاندنی ئەمنییەت وهێوری لە شاردا، خەڵک لە گەڕەکەکاندا هێزی چەکداریان پێکهێنا کە دواتربوو بە بنکەی گەڕەکەکان. بنکە بریتی بوو لە شوێنێک بۆ دەستەبەرکردنی ئەمنییەتی گەڕەک، بە تایبەت لە شەودا. هەروەها شوێنێ بوو بۆ بەڕێوەبردنی کۆڕو موناقشە(بحث)ی ئازاد، هەروەها بۆ فریاکەوتن و یارمەتیدان لەکاتی پێویستدا. بنکەکان لەلایەن دانیشتوانی گەڕەکەوە، بەتایبەت گەنجان، بەڕێوە دەچوو. بنکەکان بەپێی باردۆخی هەرگەڕەکیک، چالاکی جۆربەجۆریان دەکرد. لەهەندێ لەو بنکانەدا، بارودۆخێکی گونجاویان دروست کردبوو بۆ یارمەتیدانی ئەوکەسانەی کە موعتاد بوون، بۆئەوەی تەرکی بدەن و خۆ لەو بەڵایە ڕزگار بکەن.

یەکێ تر لە چالاکییەکانی کۆمەڵە بریتی بوو لە خەبات دژی کۆنەپەرستانی ناوچەکە، لەوانە ئەتوانین ئاماژەبکەین بە چەک کردنی "سپای رزگاری". دارودەستەی "موفتی زادە" لەو کاتەدا کەوتبوونە پەراوێزەوەو خەڵک هیچ بایەخێکیان پێنەدەدان.
هەڵسووڕاوانی کرێکاری، لە گەڕەکی "فەیزاوا" سەندیکای کرێکارانی بێکاریان پێکهێنابوو.
پێکهێنانی کۆڕو ئەنجومەنی ژنان، یەکێ تر لە دەستکەوتەکانی ئەو سەردەمە بوو.
هەروەها دەکرێ ئاماژە بکرێ بە سەرلەنوێ سازکردنی یانەی مامۆستایان(خانەمعلم) و شۆرای قوتابییان.
چالاکییەکانی تر بریتی بوون لە نارەزایی دەربڕینی خەڵک، بەتایبەت بازاڕییەکان، دژی نیشتەجێ بوونی پاسدارەکان لە شوێنێکدا بەناوی "باشگاه" هەڵکەوتوو لە ناوەڕاستی شاردا. هەروەها پێکهێنانی شۆرای گەڕەکەکان و دەستەی بونیادنانی گەڕەکەکان. ئەمانەو دەیان چالاکی تر بەرهەمی هەوڵ و خەباتی خەڵک و خەباتگێڕانی شارەکە بوو. باشتر وایە هەموو ئەوانەی کە لەو بوارانەدا هەڵسووڕاو بوون، هەرکەسەو بەگوێرەی خۆی هەوڵ بدا بۆ نووسین و روونکردنەوەی مێژووی ئەو چالاکییانە و چۆنییەتی پێکهێنانی ئەو دامودەزگایانەو شێوەی بەڕێوەبردنی ئەرکەکان، بۆئەوەی کە چۆنییەتی رەوتی چالاکی و خەباتی ئەو سەردەمە تۆماربکرێ.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە من لەوسەردەمەدا لە ناوچەی "چەمشار"ی سنە لەگەڵ هاوڕێیانی"کێڵانە"دا پێوەندیم هەبوو، و لەوناوچەدا چالاکیمان دەکردو لە نێوشاردا ئەوانیان نەدەناسی، بەیارمەتی تەشکیلات(تەنزیمات)ی کۆمەڵە، مەڵبەندی کرێکاریمان پێکهێنا، کە (ئیرەج فەرزاد) بەرپرسی بوو. چالاکیمان لە نێو کرێکاراندا کردە کارێکی سەرەکی و

بەیاننامەیەکمان بڵاودەکردەوە بە ناوی "هاواری کرێکار". ئەو هاوڕێیانەی کە ئەم مەڵبەندەیان پێکهێنابوو، بریتی بوون لە: شەهید جەلال گەوێڵی کێڵانە، حبیب الله گەوێڵی کێڵانە، مەعرووف کێڵانە، عەباس گەوێڵی، جەلال کێڵانە، نەبی مەکتووبی و دەستەیەکی تر. بۆ جێبەجێکردنی کاروباری تەشکیلاتی، لەلایەن تەشکیلاتەوە ماڵێکمان پێدرابوو لە گەڕەکی"عەباس ئاوا" کە لە کاتی پێویستدا دەچووینە ئەوێ و کارەکانمان تێدەپەڕاندو... ئێمە بیرمان لەوە دەکردەوە کە پەرەبدەین بەم چوارچێوەو بە پێوەندیکردن بە کرێکارانی شارەکانی تری کوردستانەوە، هەوڵبدەین بۆ دارشتنی بنەمای یەکییەتی(اتحادیە) کرێکارانی کوردستان. بڕیاروابوو بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە، لە ئەزموونی مەڵبەندە کرێکارییەکانی ئێران کەڵک وەربگرین. بۆنموونە، جارێکیان "رەزا موقەدەم" لەگەڵ یەکێ لە کرێکارانی شرکەتی نەوت سەردانیان کردین. ئێمە لە ماڵێکی نهێنی، کە لە گەڕەکی "شەریف ئاوا" بوومان، ئەوانمان بینی و لە سەر چالاکی کرێکاری و ئەو کارانەی کە کردبوومان قسەمان کردو بیروڕامان گۆڕییەوەو بڕیاریاندا کە ئەوان لە رێگای بڵاوکراوەکانی خۆیانەوە، رێکخراوە کرێکارییەکەی ئێمە بە کرێکارانی ئێران بناسێنن.

لە رۆژەکانی یەکەمی شەڕی 24 رۆژەی سنەدا، بەپێی قەرارێک کە لەگەڵ مەڵبەندی کرێکاریدا بووم، بەرەو عەباس ئاوا دەچووم بۆئەوەی کۆبوونەوەی ئاسایی بەڕێوە ببەین. لە کۆڵانەکانی "ئاعەزەمان" تێپەڕیم و گەیشتمە شەقامی "سیرووس". لەسەرکۆڵانەکەی "حەمامی چینی"، فیشەکێک بەرلاقم کەوت. ئەورۆژە جووتێ پێڵاوی سەربازیم لەپێدا بوو. کە هەستم بە ئێش کرد، شەلەشەل چەند مەترێک رامکردو خۆم گەیاندە گەڕەکی جوولەکەکان. خۆشبەختانە گولەکە ئێسکی نەگرتبوو. لەوکاتەدا

ئوتۆمبیلی دەستەی بونیادنەری شۆرای گەڕەکەکان (هیئت موئسس شورای محلات)، کە خەریکی راپەڕاندنی ئەرکی خۆیان بوون، لەویۆە تێدەپەڕی. "ئەردەشیر نصراللهبیگی" یەکێ لە کەسانی نێو ماشینەکە بوو. کە منیان بینی، رایانگرت و بەخێرایی لە کۆڵانەکانەوە گەیاندمیانە بیمارستان(خەستەخانە). پاش موعاینە(فەحس)کردن و وێنەگرتن(ئەشەعە)، دڵنیا بووین کە جێگای مەترسی نییە. بەیارمەتی چەند کەسێک گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. لەو ماوەیەدا "دەستەی یارمەتیدەری گەڕەک"، کە لەلایەن ژنانی شۆڕشگێڕەوە بۆ تیمارکردنی برینداراەکان پێکهاتبوو، هەرچەند رۆژ جارێک برینەکەمیان تەداوی دەکردو لە رۆژانی کۆتایی شەڕەکەدا، برینەکە خەریک بوو ساڕێژ دەبوو.

لە بەهاری 59 (80ی زایینی)دا پێشمەرگەو خەباتگێڕانی شار، بۆ بەرگرتن بە کوشت و بڕی زیاتر لەلایەن رژێمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامییەوە، لێبڕان شار بەجێ بێڵن و لە دەرەوەی شار درێژە بە چالاکی بدەن. منیش لەگەڵیان لە شار چوومەدەر.

لەو ماوەیەدا کە لە ناوچەی "چەمشار"ی سنەدا بووم، هاوڕێیانی مەڵبەندی کرێکاری بەردەوام لە نێوشاردا خەریکی چالاکی بوون. چەند جارێک، پێش دەرچوونی بڵاوکراوەی "هاواری کرێکار"، دەقی بڵاوکراوەکەم دەخوێندەوەو تێبینییەکانی خۆم دەردەبڕی. جارێکیان بە هۆی ئەمنییەتییەوە، چاپکردنی بڵاوکراوەکە لە نێوشاردا نەدەگونجا. ئێمە لە دەزگای بڵاوکردنەوەی تەنزیماتی ئاشکرای کۆمەڵە لە "هەڵوان"(گوندێکی ناوچەکە)، لەسەر کاغەزی مۆمی نووسراوەکەمان تایپ کردو ناردمانەوە بۆ نێوشارکە لەوێ چاپ بکرێ.

**پەیامێک بۆ بنەماڵەی گیان بەختکردووانی ئەو کوشت و بڕەی گەلی کورد:**

بە دایکی بەڕێزم مونیرخانم(دایکی ئەحسەن و شەهریار)، بە هەموو ئەو دایک و باوکانەی کە رۆڵەکانیان لەو کاتەدا یان دواتر لە زیندانەکانی رژێمی گەندەڵ و کۆنەپەرەستی ئیسلامیدا تیرباران کران، یان لەمەیدانی شەڕ دژی ئەو مرۆڤکوژانە، لە پێناوی ئامانجە پیرۆزەکەیان گیانی خۆیان بەخت کرد، رادەگەیەنم کە دەنگی چەکی ئەو مرۆڤکوژانە کە سنگی رۆڵەکانیانی کردە نیشانە، ئێستاش گوێمان ئازاردەدا. گەلی کورد بەس ئەو کاتە ئارام دەگرێ کە ئەم فوسیلە کۆنەپەرەستانە لە بەردەم دادگای خەڵکیدا خۆببیننەوە. گەنجانی هۆشیارو تێگەیشتووی دوارۆژ دەتوانن بە پشت بەستن بەم بیرەوەرییانەو ئەو وێنانە، دژی بناغەدانەرانی ملهوڕی و سەرکوتی ئیسلامی، سکاڵا بکەن و زبڵدانی مێژوو بە ئادگار(سیما)ی ڤیرووسانەی ئەو تاوانبارانە، بڕازێننەوە و کۆتایی بێنن بە تەمەنی ئەوانەی کە ئەو وەیشوومەیان خولقاند.

من نە ئەو کاتەو نە ئێستاش کە 30 ساڵ لە تەمەنی ئەم رژێمە تێدەپەڕێ، ئەو شێوە دادگاییەی ئەوانم قەبووڵ نییە. فەرمانی خومەینی فەرمانی قڕکردنی گەلێک بوو. فەرمانەکەی باشترین بەڵگەیەبۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەوان هەر لەسەرەتاوە بە نیازی کوشت و بڕ بوون و لەماوەی یەک حەفتەدا 58 نەفەریان تیرباران کرد.(28)

من له سەر وشەی کوشت و بڕ جەخت(تەئکید) دەکەم، ئەوە کوشت و بڕێکی سیاسی بوو. لەبەر ئەوەی تاوانی سیاسی درابووە پاڵمان و هۆکارەکەشی سیاسی بوو. سکاڵا(کیفرخواست)ی خەڵک دژی ئەو مرۆڤکوژانە دەبێ ناوەڕۆکێکی ئاوای هەبێ:
ئاخوونێک بەپێی فەرمانی ئیمامەکەی، هەر لەپێشەوە بڕیاری دابوو. دەیویست گەلی کورد چاوترسێن بکات. دەبوو گەلێک، کە لێبڕابوو بۆ وەدەسهێنانی مافە زەوتکراوەکانی، پاشەکشێی پێبکرێ و سەرکوت بکرێ.
لەو جۆرە دادگایانەدا تۆمەتبار(متهم) بۆی نییە بپرسێ: تۆ بۆ چی هاتوویتە کوردستان؟ بۆی نییە بڵێ: ئێرەماڵی منە. ئێمەش گەلێکین و مافی ئەوەمان هەیە کە چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین. ئەگەر چەکمان هەڵگرتووە، بەس بۆ داکۆکی لەخۆمان و ئەو خەڵکە بێ دیفاعەیە کە سەدان ساڵ لە پێناوی وەدەسهێنانی مافە پێشێلکراوەکانیدا خەباتی کردووە. تۆمەتبار بۆی نییە بڵێ: ئێوە بە تانگ و تۆپ و ئەرتەش(جەیش)و پاسدارو بەسیج و جاشەوە هەڵتانکوتاوەتە سەر کوردستان و من مافی ئەوەم نییە چەکم هەبێ و لە خۆم و گەلەکەم داکۆکی بکەم و پێمدەڵێن " دژەشۆڕش"(ضد انقلاب)! ئێوەو دارودەستە مرۆڤکوژەکەتان هاتوونەتە کوردستان بۆ سەرکوتکردنی ئازادی و دیموکراسی. هاتوون عەبا بکەنە بەر ژنانی سەربەستی ئەم وڵاتەو لە مافی جل و بەرگ پۆشینی ئازاد بێبەرییان بکەن. لەنێو ماڵدا بیانبەستنەوەو بە نیوەی پیاویان بزانن. هاتوون ئازادی بخنکێنن. تۆمەتبار بۆی نییە بڵێ: کرێکارو زەحمەتکێشی کورد بۆ دەستەبەر کردنی بژیوی خۆی و بنەماڵەکەی، دەبێ چەندین مانگ لەساڵدا ماڵ و زێدی خۆی بەجێ بهێڵێ بۆئەوەی بژیوی سەرەتایی هەبێ. تۆمەتبار بۆی نییە بڵێ: ئێوەو لەشکرەکەتان هەزاران کیلۆمەترتان بڕیوە بۆ هێرشکردنەسەر کوردستان. کەچی ئێمە تاوانبارین و

ئێوە بێ تاوان! ئێمە لە زیندان دەخەن، ئێعدامامان دەکەن و تەبعید(مەنفا)مان دەکەن. تۆمەتبار بۆی نییە بڵێ: ئێوە چەند ڕۆژ پێشتر لەشاری پاوە کەسانێکتان ئێعدام کردووە کە لەپێناوی مافی ئینسانی خەڵکدا خەباتیان کردووەو نارەزاییان لە بوونی ئێوە لە کوردستاندا دەربڕیوە. هەروەها کە ئێمەش نارەزایی دەردەبڕین. ئێوە لەبەهاری 58 دا شاری سنەتان خەڵتانی خوێن کردو لەباتی نەورۆزو جەژن و شادی، شین و شەپۆڕتان کردە دیاری بۆیان. بۆی نییە بڵێ کە ئێوە لەسەر قسەی دەست و پێوەندەکانتان قەزاوەت دەکەن و بڕیار دەدەن، کە نەک هەر گەل، بەڵکوو خۆشیان بەئێوە فرۆشتووەو خۆیان گوتەنی: "خودموختارییان لەگیرفان ناوە". ئێمەش مافی داکۆکی لەخۆمانمان نییە. ناتوانی بڵێ: ئێوە دەبێ لە جێگای تاوانباردا دانیشن. چونکە ئێوە گەلی کوردتان لەخوێن هەڵکێشا. کەوابوو ئەم جێگای کە من وەک تۆمەتبارلێی دانیشتووم، جێگای ئێوەو هاوشێوەکانتانە. ئێوەن کە جەنایتتان کردووە، نە منێک، کە بۆ دەستەبەرکردنی مافی رەوای گەلەکەم خەبات دەکەم. ئەمانەو دەیان پرسیاری تریش دەکرا ئاراستەیان بکرایە. ئەحسەن و جەمیل دەکرا داکۆکی لە خۆیان بکەن و بڵێن: سازمانەکەی ئێمەو سازمانە چەپە کوردییەکان داکۆکییان کردووە لە زەحمەتکێشانی ناوچەی "خوڕخوڕە". بەڵام ئێوە داکۆکی لە خاوەن زەوییەکان دەکەن. "عەتا"و هەڤاڵەکانی، خۆیان بە دژی ئیسلامی تۆخی موحەمەدی(اسلام ناب محمدی) دەزانی، دەبوو بتوانن بڵێن: ئێمە ئامانجمان بەهێزکردنی بزووتنەوەی ئەو خەڵکە ستەملێکراوەیە کە دژی ناعەداڵەتی کۆمەڵایەتی راپەڕیون.
دەروێش عیسا ئەگەر بۆی هەبوو قسەبکات، دەیگوت: ئێوە دەتانەوێ من بکڕن؟ خەیانەت بە گەلەکەم بکەم؟ پشت لە خەڵک بکەم، ئەمن ئەو تاوانەم نەکردووە کە داوتانەپاڵم. "مظفر" دەبوو

بتوانێ روونی کاتەوە کە تۆمەتێک دراوەتەپاڵی کە نەیکردووە. هەموویان دەبوو "وەکێل"(موحامی)یان ببوایەو بتوانن بڵێن کە ئەو دادگایەیان قەبووڵ نییە. دەبوو مافی ئەوەیان ببوایە کە داکۆکی لە خەباتی گەلەکەی خۆیان بکەن و بڵێن: ئێمەش وەک هەموو گەلانی دیکەی ئەم جیهانە بەرینە، دەمانەوێ مافی بڕیاردانمان هەبێ لەسەرچارەنووسی خۆمان.

## پێشنیارێک بۆ پەیکەرتاشە هونەرمەندەکانی کورد

با هەر لە ئێستاوە لە بیری ئەوەدابن کە پاش رامالینی ئەو مرۆڤکوژانە، لەباتی ئەو پەیکەرەی کە لە مەیدانی ئازادی("ئیقبال"ی پێشوو) دانراوەو دەستی بەرەو ئاسمان هەڵبڕیوەو هێمایەکە بۆ لاوازی و نائومێدی مرۆڤ و لەلایەکی ترەوە، وەبیرهێنەرەوەی دەسەڵاتداری ئەم داگیرکەرانەیە، بۆ رێزگرتن لە یادی ئەو ئازیزانەی کە لە فڕگەی سنەدا تیرباران کران، پەیکەرەگەلێک داڕێژن کە هێما بن بۆ ئاشتیخوازی و سەربەستی گەلی کورد. نابێ رێگا بدرێ بەوەی کە گەلانی دنیاو بەتایبەت خەڵکی ئێران لەبیریان بچێتەوە کە گەلی کورد لە پێناوی خواستە دێموکراتیکەکان و مافە رەواکانی خۆی، چ چەرمەسەرییەکی کێشاو چۆن لەلایەن حوکوومەتەکانی سەردەمەوە، کوشت و بڕ کرا.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم کە بەنیازم ئەم بیرەوەرییانە وەک نامیلکەیەک بڵاو بکەمەوە. هەرکەس کە بۆ ئەو مەبەستە یارمەتیم بدا، جێگای رێزو سپاسە.

پێویسته سپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی ئەو کەسانەش(بە تایبەت صابر شێخ الاسلامی و کاک رەسووڵ محەمەدی) بکەم کە تا ئێستا بە هاندان و رەخنەو تێبینییەکانی خۆیان، یارمەتییان داوم.

1 – **ئەمەل**: ئیمام مووسا سەدر لە ساڵی 1974 لە ئێرانەوە بەرەو لوبنان چوو. لەوێ بزووتنەوەی حەرەکەی مەحرووماني پێکهێنا، کە بە ئەمەل ناوی دەرکرد( ئەمەل لەڕاستیدا باڵی سەربازی ئەو بزووتنەوەیە). شێخ حەسەن نصراللە کە ئێستا رێبەری حیزب اللەیە، لەکاتی پێگرتنی "ئەمەل"دا گەنج بوو، کە بەو بۆچوونە راهات. ساڵی 1978 ئیمام مووسا صدر بەرەو لیبی چوو. ئیتر لەوکاتەوە بێ سەروشوێنە. رەنگە وەک"ئیمامی غایب"، رۆژێک سەرهەڵدا! پاش ئەو"نەبی برری" بوو بە رێبەری ئەمەل، کە نە دەسەڵاتی وەک ئیمام مووسا صدری هەبووە، نە خۆشی لە چاری خومەینی دەهات. لە ساڵی 82 دا حیزب الله بنیادنراو شێخ حەسەن نصراللە وەک رێبەری ناسرا. لە لوبناندا پێکهێنانی کۆماری ئیسلامی راگەیاند. بەڵام دواتربە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی لوبنان، وازی لەو بیرۆکەیە هێنا.

2 - **"جەمعییەتی داکۆکی لە ئازادی و شۆڕش"**: ئەم رێکخراوە لەلایەن هەڵسووڕاوانی کۆمەڵەوە پێکهات و ئەو سازمانانەی کە پەیرەوی خەتی 3 بوون، تێیدا چالاک بوون. ئەندامە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە: صدیق کەمانگەر، شوعەیب زەکەریایی، ئەیووب نەبەوی، حسین پیرخضری، مظفرمحمەدی، جەمیل مەردووخی، ناصح مەردووخ و... ئەم رێکخراوە وەک هێزێکی چەپ، بە داکۆکیکردن لە مافی زەحمەتکێشان و دژایەتی لەگەڵ جەرەیانە مەزهەبی و کۆنەپەرستەکانی شاری سنە، ناسرابوو. خەڵک بۆ جێبەجێکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان روویاندەکردە ئەو رێکخراوەیە. جیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و سازمانی چریکەفیدایەکانی خەڵق لە ریزی ئەو رێکخراوانەدا نەبوون و سەربەخۆ کاریان دەکرد.

3 – **بەرگ رەشەکان**(سیاه جامگان): بریتی بوو لە دەستەیەک پاسدار کە جل و بەرگی رەشیان لەبەر دەکرد. وایان پێدەگوتن، یان خۆیان ئەوناوەیان هەڵبژاردبوو.

4 – **ژاوەرۆ**: ناوچەیەک، هەڵکەتوو لە باشووری رۆژئاوای شاری سنە کە دانیشتوانی باغداری دەکەن و زۆربەی خەڵکەکەی کرێکاری وەرزی(فەصلی)ن.

5-- **"حسەین"**: من لە ساڵی(1353)ی هەتاویدا وەک سەرباز ماوەی 3 مانگ لە "لەشکەرەک"ی تاران و دەورەی سێ مانگەی"تخصص" لە "ئێسفەهان" و18 مانگیش لە سنە بووم. لە پادگانی لەشکری 28 ی سنەدا، لەگەڵ سەربازێک لە گورهانی تۆپخانەی دژی هەوایی پێکەوە بووین. خەڵکی تەبرێزبوو، دوای ماوەیەک لێکنزیک بووینەوەو متمانەمان بە یەکترکرد. لە تەبرێز شاگرد کەفاش(پێڵاودروو) بوو. دژی ئەو وەزعە ناعادڵانە بوو. لەسەرئەساسی ژیانی خۆی چیرۆکی نووسیبوو. دەستنووسەکەی دا بە من بیخوێنمەوەو بۆچوونی خۆمی بۆ بنووسم. رۆژێک کە نگابانی پاسدارخانە بوو، تەقەی کردبوو لە ئەفسەرنگابانەکە بەڵام نەیتوانیبوو بیکوژێ. گرتبوویان و لە زیندانی پاسدارخانە رایانگرتبوو. لەوێ

هەوڵی کوشتنی خۆی دابوو. هێنابوویانە ئەم بیمارستانەو پاش چاکبوونەوە بردبوویانە زیندانی شارەبانی سنە. تا کاتی ڕاپەڕین لە زیندان بوو. کاتی لێکەوتنی رژێمی شا، زیندانییەکانی سنە دژی مەئموورەکانی زیندان، ڕاپەڕین و دەرگای زیندانیان تێکشکان. حسەین چەند رۆژێکی مابوو ماوەی زیندانەکەی تەواوبێ، راینەکرد. لەدەرفەتێکدا، دوو دمانچە دەڕفێنێ و لەنزیکی زیندانەکەدا چاڵ هەڵدەکەنێ و دەمانچەکان دەشارێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ زیندان. پاش رزگار بوون، سەردانی منی کردو بۆ دۆزینەوەی دەمانچەکان لەگەڵ"کەماڵ قوتبی"و"مەنسوور فەرزاد" چووینە دەورووپشتی زیندانەکە. بەڵام بۆمان نەدۆزرایەوە. حسەین چەند رۆژێک لامان مایەوەو لەو ماوەیەدا لەگەڵ دەستەکانی داکۆکی لە شار، هاوکاری دەکرد. دوای فەرمانی هێرش لەلایەن خومەینییەوە، نەمزانی چی بەسەرهات.

**6- ئەشرەف رەحیمی مەلەکشان:** یەکێ لە هاوڕێیانی ناوچەی چەمشاری سنە بوو، کە پێش راپەڕین پێوەندیمان هەبوو. دوای بزووتنەوەی دووهەم چووە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەو دواتر بووە فەرماندەی سیاسی گوردان. رێکەوتی شەهیدبوونی: 21ی رەشەمەی 1363 ی هەتاوی. شوێنی شەهیدبوون: گوندی "برنجان"ی بانە. واتە لەکاتی خومپارە(هاوەن)بارانی گوندەکە لەلایەن رژێمی کۆماری ئیسلامییەوە.

**7 – کێڵانە:** یەکێ لە گوندەکانی دەوروبەری سنەیە، کە مەڵبەندی چالاکی یەکێ لە رێبەرانی کۆمەڵە واتە "ساعد وطندوست) بوو. ئەو، ساڵانێک لەپێوەندی لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکەدا بوو. توانی دەستەیەک لە شۆڕشگێران راکێشێ بۆ نێو کۆمەڵە. لەوانە: حەبیب الله، جەلال، مەعرووف گەوێڵی و... منیش پێوەندیم پێیانەوە هەبوو. جەلال گەوێڵی(جەلال کێڵانە) رێکەوتی شەهیدبوونی:22ی پووشپەڕی 1359ی هەتاوی. شوێنی شەهیدبوون: گوندی کێڵانە لەدەوروبەری شاری سنە، لەکاتی پێشگرتن بە هێرشی رژێمی کۆماری ئیسلامی.

**8 – گەڕەکی"بان شێخان":** یەکێ لە گەڕەکەکانی شاری سنە، کە تەقریبەن کەوتووەتە رۆژئاوای شار. دەستەیەک لەو هاوڕێیانەی کە پێشتر بەناوی"رێگای زەحمەتکێشان" چالاکییان دەکردو دواترچوونە ریزی کۆمەڵەوە، زۆربەیان دانیشتووی ئەو گەڕەکە بوون. لەوانە: "شەهید عەلی گوڵچینی، یەدێ گوڵچینی، وریا ناظری و... عەلی گوڵچینی(سەلاحە رەش)، رێکەوتی شەهیدبوونی: رۆژی سێهەمی مانگی سەرماوەزی ساڵی 1359ی هەتاوی. شوێنی شەهیدبوون: "دەڵودەڵەمەرز" لە ناوچەی هەورامان، لەکاتی تێهەڵچوون لەگەڵ سپای رزگاری.

**9 –** : کاتێ لە زیندان رزگار بووم، دایکم گوتی کە یەکێ لە خزمەکانی ئەحسەنی ناسیوەو پێی راگەیاندوە کە چی قەوماوە.

**10 –باغچەڵە:** یەکێ لە گوندەکانی نێوان دیواندەرە و بیجار کە لەوێ زەوییەکانی "خالصە"(باشترین زەوییەکانی لادێ) لەکاتی "اصلاحات ارضی"دا درابوو بە بەگەکان و لەپاش راپەڕین خەڵک خوازیاری دابەشکردنی زەوییە "خالصە"کان بوون و بەو مەبەستە روویانکردە جەمعییەتی داکۆکی لە ئازادی و شۆڕش لە سنە.

**11- دەقی"فەرمانی هێرش بۆ سەر سنە لەلایەن خومەینییەوە":** بێ ئەوەی کات بە فیڕۆ بدەن بڕۆن بۆ سنە. هەموو هێزەکانی سەربازی سەرنج بدەن! هەرئێستا خەبەرمان بۆهات کە لە سنە ئەرتەشییەکان و سازمانە سەربازییەکان گەمارۆ دراون و ئەگەر تا نیوسەعاتی تر یارمەتی نەگا، چەکەکان دەبەن. لە مزگەوتی سنەوە ئاگادارکراوین کە حیزبی دیموکرات، ژنەکانی ئێمەیان بەبارمتە گرتووە. ئەکید بە هەموو هێزە ئینتزامییەکان ئەمر دەکەم کە بە پادگان و مەڵبەندەکان رابگەیەنن کە

ئەوەندەی کە پێویستە،(هێز) بەرەو سنە رێکەون و بەتوندی ئەشرار(خرابکاران) سەرکوت بکەن. پاسدارانی شۆڕش لەهەرکوێ کە هەن، بە ئەندازەی پێویست بەرەو سنەو هەموو کوردستان لە ڕێگای "پردی هەوایی"ەوە بڕۆن و بە هەموو زەختێکەوە ئەشرار سەرکوت بکەن. دواکەوتن، تەنانەت بۆ یەک سەعاتیش، وەک سەرپێچی لە ئەرک و وەزیفە دەژمێردرێ و بەتوندی سزادەدرێ. داوا لە میللەتی ئێران دەکەم کە ئاگادارببن و هەرمەئمورێک سەرپێچی کرد، بەزووترین کات رایگەیەنن. من چاوەڕێی ئەوە دەکەم کە تا نیوسەعاتی تر لە هێزە سەربازییەکانەوە هەواڵی بەسیج( رێخستنی هێز)م پێ بگا.

والسلام روح الله موسوی الخمینی 28 ی مورداد(گەلاوێژ)ی1358 هەتاوی.

رۆژنامەی "کیهان"، 29ی گەلاوێژی 1358 ، لاپەڕەی 3 *

* دەرچوونی ئەم فەرمانە، لەلایەن مەسئوولانی سەربە رژێم لە کوردستان و دامودەزگای هەواڵ، بەدرۆخرایەوە. بەڵام فەرمانی هێرشەکە بەردەوام بەڕێوە دەچوو. خەڵخاڵی جەلادیش نێردرا بوو کە لە پاوەو مەریوان وسەقزو سنە و... فەرمانی ئێعدامی دەیان کەس دەربکات وبیانسپێرێ بە جووخەی ئێعدام.

**12- شۆرای شاری سنە:** بە هەوڵی خەڵک و یارمەتی هێزە سیاسییەکان هەلبژاردن کراو 11 کەس وەک شۆرای شارهەڵبژێردران و دەستەیەکیش وەک ئەندامی "علی البدل" کە بریتی بوون لە:

| | | |
|---|---|---|
| 1 - فوئاد روحانی | 14400 | دەنگ |
| 2 – جەبار ئاریانژاد | 14134 | " |
| 3 – هادی مورادی | 12717 | " |
| 4 – یووسف ئەردەڵان | 12230 | " |
| 5 – ئیبراهیم شاغەیبی | 11880 | " |
| 6 – مەلا مەحموود ئاهەنگەر | 11817 | " |
| 7 – ئەحمەد خەلیقی | 11707 | " |
| 8 – سەییدعێماد سەیید زاهێدی | 11551 | " |
| 9 – فەریدە قورەیشی | 11310 | " |
| 10 – ئەرسەلان پوور قوباد | 11119 | " |
| 11 – مەعرووف شبلی | 11078 | " |
| 12 – خەلیل حەواری نەسەب | 10564 | " |
| 13 – هادی شەمس | 10560 | " |
| 14 – هادی یوونسی | 9881 | " |
| 15 – سەدرا مورادی | 8713 | " |
| 16 – خەلیل یووسف زەمانی | 0663 | " |
| 17 - عەبدوللە بابان | 8385 | " |
| 18 – مێهدی فاتمی | 7515 | " |
| 19 – باقر نەبەوی | 7069 | " |
| 20 – موحەمەد مائی | 6666 | " |
| 21 – جەلیل موعین ئەفشار | 7966 | " |
| 22 – عەباس کەریمی | 5973 | " |

سەرچاوە: نامیلکەی " شەڕی خوێناوی سنەو دەسکەوتەکانی شۆرای شار"

دەفتەری لایەنگرانی سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵک لە سنە.
ئەو نامیلکەیە، دیسان لە لایەن "سازمانی فیداییانی کومونیست" ەوە لە ئاڵمان بڵاوکراوەتەوە.

**13 – تەیبب روح الهی**(عەباس خان): لە هاوڕێیانی کۆنی کۆمەڵەو هەڵسووڕاوی دێرین، کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە تاران گیراو ئێعدام کرا.

**14 – خالید باباحاجیان:** خالید و "نەورۆز گەنجی" لە گوندی "قزلۆلاغ" مامۆستا بوون و پێش راپەڕین دژی دەرەبەگەکان لەوانە: " یەدولاخان"ی قزلۆلاغ خەباتیان دەکرد. هەرئەوەش بووە هۆی ناودەرکردنیان وەک کەسانی دژی فیوداڵ(دەرەبەگ)و یاوەری زەحمەتکێشان. خالید باباحاجیان لەساڵی 1361ی هەتاویدا، لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە گیراو پاش ئازارو ئەشکەنجەی زۆر ئێعدام کرا. خۆڕاگری خالید بووە چیرۆک و هێمای دڕندەبوونی ئەو مرۆڤکوژانە. رێکەوتی گیانبەختکردنی: خەزەڵوەری 1361 ی هەتاوی، شوێن: سنە(لە زینداندا ئێعدام کرا).

**15 – نەورۆز گەنجی(فایەق):** رێکەوتی گیانبەختکردنی: 24 ی پووشپەڕی 1359 ی هەتاوی، شوێن: رەوانسەر. لەکاتی دەست بەسەراگرتنی مۆڵگەی سپای پاسداران.

**16 – تەکش بێکەس(مستەفا):** لە مامۆستایانی ناوچەی گەڵواخی. رێکەوتی گیانبەختکردنی: 25ی بەفرانباری 1365ی هەتاوی. شوێن: ناوچەی "ساراڵ"ی سنە. لەکاتی تێهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی رژێمدا.

**17 – کەماڵ قوتبی:** لە هاوڕێیانی دێرینی کۆمەڵە. تا ساڵی 1368 ی هەتاوی لە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا بوو. بۆ چارەسەری نەخۆشی هاتە ئاڵمان و لە رێکەوتی 14ی خەزەڵوەری 1368ی هەتاوی لەو وڵاتە کۆچی دوایی کرد.
**18 - ناسێح مەردووخ:** لە تێکۆشەرانی دێرین و هەڵسووڕاوی "جەمعییەتی داکۆکی لە ئازادی و شۆڕش" و پێشمەرگەی کۆمەلە، کە لە ئوردووگای بۆتێ بەهۆی بوردومانی شیمیایی لەلایەن رژێمی "صدام" ەوە، شەهید بوو.

**19 – عەلی سەبباتیان:** یەکێ لە کرێکارانی لوولەکێشی شاری سنە بوو، کە لەگەڵ کۆمەڵە پێوەندی هەبوو. پاش شەڕی بەهاری 58 ی هەتاوی، روویکردە تاران و دواتر، گەڕایەوە بۆ کوردستان و چووە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوەو گیانی خۆی لەپێناوی ئامانجدا بەختکرد. رێکەوتی گیانبەختکردن:31ی خاکەلێوەی 1362ی هەتاوی. شۆێن: گوندی "تازاوا" لە دەوروبەری سنە، لەکاتی چالاکیدا بۆ دەست بەسەرا گرتنی مۆڵگەی رژێم.

**20 – حاجی عەبدولحەمید:** خەڵکی گوندی کێلانەو لە لایەنگرانی ئەحمەد موفتی زادە بوو. پاش دەسەڵاتگرتنی کۆماری ئیسلامی، هاوکاری دارودەستەی رژێمی دەکرد.

**21 – گوندی نەوەرە:** لە 18 کیلۆمەتری شاری سنەدایە. لەسالەکانی هەڵسووڕاوی کۆمەلەدا، دەستەیەکی زۆر لە لایەنگرانی کۆمەڵە، کە خەڵکی ئەو گوندە بوون، گیران و دەستەیەکیشیان چوونە ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە، کە زۆربەیان شەهید بوون. ئەو شەهیدانە بریتین لە:

1. ئەسەد موحەمەدی
2. یەدوڵا موحەمەدی
3. عەلی نەوەڕە
4. سەبری دووستکامی
5. ئومید موحەمەدی
6. سەلاح ئەحمەدی
7. لوتفوڵا ئەحمەدی
8. فەخرەدین رەحمەتی
9. عەلائەدین رەحمەتی
10. هادی کاکەخانی(لایەنگری چریکەکان)
11. عەزیز گەزانی(عەزیز کەمێز)


**گوندی نەوەڕە**

**22 – کانی مشکان:** یەکێ لە گوندەکانی دەوروبەری سنە

**23 – عەباس کەڕەسی:** یەکێ لە کرێکارانی جۆشکاری سنەو خەڵکی گوندی "کەڕەسی" بوو. دواتر لە شەڕی 24 رۆژەی سنەدا گیانی بەخت کرد. ئەو لەگەڵ کەماڵی قوتبی، هەڵسووڕاوی کۆمەڵە، پێوەندی هەبوو.

**24 – فەخرەدین رەحمەتی:** یەکێ لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، کە لە رێکەوتیی19 ی خەزەڵوەری 1360ی هەتاوی لەلایەن هێزەکانی رژێمەوە لە نێو گوندی" نەوەڕە" گەمارۆدراو پاش دوو رۆژ مقاومەت و کوشتنی دەستەیەکی زۆر لە جاش و پاسداران، بۆ ئەوەی نەکەوێتە چنگی هێزەکانی رژێم، خۆی کوشت. پاسداران و جاشەکانی ئیسلام لە تۆڵەی ئەوەی کە فەخرە چەندین کەسی لەوان کوشتبوو، برای تەمەن 13 ساڵی ئەو دەبەستن بە دارێکەوەو ئێعدامی دەکەن. هەرلەم پێوەندییەدا، هۆنراوەیەکم بیستووە، کە سەبارەت بە مەرگی فەخرە وتراوەو بەپێویستی دەزانم کە بە خوێنەرانی پێشکەش بکەم.

نەوەڕە دەوری هەموو گیراوە
پاشەخۆر، هەڵدەکەوێ و تاساوە
لاوەکانی نەوەڕە پشت ئەستوور
دوژمنە، خۆی لە قوڕ هەڵکێشاوە
شێرەلاوێک بەتاق و تەنیا
ڕووبەڕووی دوژمنی گەل وەستاوە
دوژمنی زاروزەبوون لوورانی
وەرە دەر، دەوروبەرت گیراوە
هەروەکوو شێری ژیان گرمانی
دڵنیابن کە خەیاڵتان خاوە
بیری من زاڵە، منم سەر دەکەوم
ئێوەن و زەربەی کوتکی کاوە
فەخرە پاش ئەوەی 24 سەعات تێپەڵچوو،
داخەکەم گولە بنی هێناوە
هاتەدەر فەخرە وتی: خەڵکینە
فیشەکی خۆمە لەخۆمم داوە
نەوەڕە مات و مەلوول و بێدەنگ
هەروەکوو سوورەگوڵی ژاکاوە
جا هەواڵ هاتە زمان و پێی وت
ئەوە دەبۆچی لەخوتت داوە
دەس هەڵکێشە لە خوێنی سوورم
بگرە ئەو پەرچەمە [کە] دامان ناوە
کۆمەڵە خاوەنی ئەو ئاڵایە
ئەرتەشی سوورە هەڵیهێناوە
نەوەڕە هەستە وەرە بڕوانە
ئاوییەر زەردەخەنەی لێداوە

**22 – عەبدوڵا یارە (جەماران):** یەکێ لە هاوکارانی موفتی زادە بوو. لەبەر ئەوەی کەس وکاری من کەسیان نەدەناسی و ئەو کەسە ئاشنای خاڵم بوو، پێوەندی پێوەدەکەن و داوای لێدەکەن کە شوینی من هەڵکا. ئەو لە فڕگەدا هاتەلام و پەیامیماڵەوەی بۆ هێنام.

**23 – شاطر مەمەد:** لە لایەنگرانی کۆماری ئێسلامی بوو. لەگەڵ ئاخووند "صفدری" هاوکاری دەکرد. ئەو شاطری نانەواخانە بوو، دەمێ ساڵ بوو لە سنە دەژیا.

**24- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران(کۆمەڵە):** لەم نووسراوەیەدا مەبەستم لە کۆمەڵەی پێش پێکهاتنی حکا(حیزبی کومونیستی ئێران) ە.

**25 – کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات:** ئەم جەرەیان(رەوت)ە لە حێزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جیا ببوونەوەو لە سالی 1347 و1348 ی هەتاوییدا بۆ درێژەدان بە خەبات گەڕانەوە کوردستانی ئێران. هەندێ لە ئەندامانی ئەو رێکخراوەیە بریتی بوون لە: سلێمان موعینی، ئیسماعیل شەریف زادە و مەلا ئاوارە(ئەحمەد شەلماشی).

**26 – ڕەزا وەیسی:** دەرچووی ڕشتەی ئابووری زانستگای تاران و لەگەڵ هەڵسووڕاوانی کۆمەڵەدا پێوەندی هەبوو. پاش شەڕی خوێناوی، لە مانگی گوڵانی ساڵی 1359 ی هەتاویدا، چووە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە. ساڵی 1359 ی هەتاوی لە گوندی "کەڵاتی" بەدەستی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو.

**27– کەریم نەزەری(عەباس):** لە هاوڕێیانی دێرین و پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو. ساڵی 58 ی هەتاوی لەگەڵ دەستەیەک لە هاوڕێیانی کۆمەڵە گیرا. ساڵی 1383 ی هەتاوی بەبۆنەی نەخۆشی شێرپەنجەوە گیانی لەدەست دا.

28 – لەسەردەمی فەرمانی هێرشەکەی خومەینیدا، لە شارەکانی کوردستان 58 کەس بەدەستی خەڵخاڵی تیرباران کران، کە ناوەکانیان لەنێو ڕۆژنامەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەم شێوەی خوارەوە بڵاو بووەوە.**

ئێعدامی 11 کەس لە خەڵکی ئاسایی شاری پاوە کە کاتژمێر 2:40 ی بەیانی ڕۆژی 28 ی گەلاوێژی 1358ی هەتاوی لە زیندانی "دیزڵ ئاباد" ی کرماشان بەڕێوە چوو. ئەو کەسانە بریتین لە:

| | | |
|---|---|---|
| 1 | عەبدوڵا | نووری |
| 2 | هووشەنگ | عەزیزی |
| 3 | موحەمەد | مەحموودی |
| 4 | یەدوڵا | مەحموودی |
| 5 | حسەین | شەیبانی |
| 6 | هورموز | گورجی بەیانی |
| 7 | موزەفەر | فەتاحی |
| 8 | موحەمەد | عێزەتی |
| 9 | موحەمەد | عەزیزی |
| 10 | ئازەرنووش | مەهدەویان |
| 11 | ئەسغەر | بێهبوودی |

کوشت و بڕ لە پاوە بە فەرمانی خومەینی

بەیانی ڕۆژی 29 -05 -58 ی هەتاوی دیسان 7 کەس لە خەڵکی شاری پاوە بێ موحاکمە، لە زیندانی دیزڵ ئاباد ئێعدام کران، کە بریتی بوون لە:

| | | |
|---|---|---|
| 1 | حاجی ئەفراسیاب | |
| 2 | عەبدولوەهاب | مەلەکشاهی |
| 3 | عیمادەدین | ناسری |
| 4 | عەبدولکەریم | کەریمی |
| 5 | موحەمەد | نەقشبەندی |

| | | |
|---|---|---|
| 6 | عەزیز | موراد |
| 7 | موراد | ذولفەقاری |

* رۆژنامەی کەیهان، 30ی گەلاوێژی 1358 ی هەتاوی(21ی ئاگوستی 1979ی زایینی)، لاپەڕەی 1 و 3

تیربارانی 9 نەفەر لە شاری مەریوان: بەپێی هەواڵی هەواڵدەرییەکانی ناوخۆ و دەرەوە، کە رۆژی 4ی خەرمانانی 1358ی هەتاوی لە رۆژنامەکانی کەیهان و ئێتێلاعات دا بڵاوبووەتەوە: کاتژمێر 18:30ی رۆژی 3 ی خەرمانانی 1358ی هەتاوی، یەک رۆژ دوای جەژنی رەمەزان، 9 کەسی تر لە شاری مەریوان تیرباران کران. نوێنەرانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، بۆ دانەوەی تەرمی ئەو شەهیدە کوردانە بە کەس وکاریان، بە تۆمەتی ئەوەی کە ئەوانە خائین و وڵاتفرۆش بوون، داوای پووڵ وپارەیان کردووە. ئەوانەی لە مەریوان تیرباران کران، بریتی بوون لە:

| | | |
|---|---|---|
| 1 | حسەین | موستەفا سولتانی |
| 2 | ئەمین | موستەفا سولتانی |
| 3 | ئەحمەد | پیرخضری (کارمەندی نەخۆشخانە) |
| 4 | حسەین | پیرخضری ( مامۆستا) |
| 5 | فایەق | عەزیزی (ئەندامی شۆرای شاری مەریوان) |
| 6 | عەلی | داستان ( پێشمەرگە) |
| 7 | بەهمەن | ئەخضەری ( پزێشک و فیلمبەردار) |
| 8 | جەلال | نەسیمی |
| 9 | ئەحمەد | قادرزادە (خەڵکی گوندی دەرەتفێ) |

هەر لەو رۆژەدا، پیاوی ئائینی بەناو بانگی کوردستان واتە ئاغای شێخ الاسلامی لە مەریوان و هەندێکی تر لە پیاوانی ئایینی کوردستان دوورخرانەوە(تبعید) بۆ ئوستان(پارێزگا)ی خوراسان.

تیربارانی 11 کەس لە شاری سنە، کە رۆژی 5 ی خەرمانانی 1358 ی هەتاوی کاتژمێر5 ی دوانیوەڕۆ بە فەرمانی خەڵخاڵی، نوێنەری خومەینی، لە کاتێکدا بەڕێوەچوو کە 2 کەسیان بەوندی برینداربوون. ئەو کەسانەبریتین لە:

| | | |
|---|---|---|
| 1 | موزفەر | نیازمەند |
| 2 | سیرووس | مەنووچێهری |
| 3 | عیسا | پیروەلی |
| 4 | ناسر | سەلیمی |
| 5 | عەبدوڵا | فوولادی |
| 6 | ئەحسەن | ناهید |
| 7 | شەهباز | ناهید |
| 8 | ئەسغەر | موبسێری |

| | | |
|---|---|---|
| 9 | موزەفەر | رەحیمی |
| 10 | جەمیل | یەخەچاڵی |
| 11 | عەتا | زەندی |

وێنەکانیان لە رۆژنامەکانی ناوخۆ و دەرەوە بڵاوبووەوە.

تیربارانی 20 کەس لە شاری سەقز:

ناوی 20 کەس لە تیرباران بووەکانی شاری سەقز، کە لە کاتژمێر 7 ی بەیانی رۆژی 6ی خەرمانانی 1358ی هەتاوی (29ی ئاگوستی 1979ی زایینی) بەڕێوە چوو، بریتین لە:

| | | |
|---|---|---|
| 1 | ئەحمەد | سەعیدی |
| 2 | قادر | بەهار |
| 3 | موحەمەد | بابامیری |
| 4 | رەسووڵ | ئەمینی |
| 5 | ناجی | خورشیدی |
| 6 | کەریم | رەزایی |
| 7 | ئەنوەر | ئەردەڵان |
| 8 | سەیفوڵا | قاضی |
| 9 | عەلی | فەخرایی |
| 10 | عەبدوڵا | بەهرامی |
| 11 | سەید حەسەن | ئەحەدی |
| 12 | موحەمەد دەروێش | نوقرەیی |
| 13 | کەریم | شیرینی |
| 14 | ئەبووبکر | حەمیدی |
| 15 | ئەحمەد | موقەدەم |
| 16 | جەلیل | جەمال زادە |
| 17 | کشی زادە [؟] | |
| 18 | موحەمەد | غەفاری |
| 19 | خاطر | خەتیبی |
| 20 | ناسر | حەدادی |

** بۆ تەواوکردنی ئەم نووسراوەیە، سەبارەت بە شەڕی سێ مانگە لە کوردستان واتە 27ی گەلاوێژ تا 26ی خەزەڵوەری 1358 ی هەتاوی، لە نووسراوەی بەڕێز مەنسوور بلووری کەڵکم وەرگرتووە.